
# بێگانە

ئەلبێر کامو



inclined to think that they were greeting me, after their fashion, but it had a queer effect, seeing
ll those old fellows grouped round the keeper, solemnly eying me and dandling their heads from
de to side. For a mome                                                                it in judgment on me
few minutes later one                                                                row and I couldn't
e her face because of a                                                              ed a little choking so
ne had a feeling she would never stop. The others didn't seem to notice. They sat in silence,
umped in their chairs, staring at the coffin or at their walking sticks or any object just in front of
em, and never took their eyes off it. And still the woman sobbed. I was rather surprised, as I didn
now who she was. I wanted her to stop crying, but dared not speak to her. After a while the keepe
ent toward her and whispered in her ear; but she
uldn't catch, and went on sobbing as steadily as before.

د. موحسین ئەحمەد عومەر

لە فڕانسییەوە کردوویە بە کوردی

Scanned by CamScanner

غەزەلنووس

# بێگانە

## ئەلبێر کامو

د. موحسین ئەحمەد عومەر

لە فڕانسییەوە کردوویە بە کوردی

Scanned by CamScanner

لە زنجیرە بڵاوکراوەکانی
ناوەندی **غەزەلنووس**- بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە
زنجیرەی کتێب ٤٣

# بێگانە

ڕۆمان

## ئەلبێر کامو

**د. موحسین ئەحمەد عومەر**
لە فرانسییەوە کردوویە بە کوردی


- بەرگ: شالاو حەبیبە
- ڕێنووس: ئەکبەر حەسەن
- چاپ: دووەم- ٢٠١٤
- چاپخانە: تاران
- تیراژ: ١٠٠٠ دانە
- نرخ: ٤٠٠٠ هەزار دینار
- بڵاوکار: ناوەندی **غەزەلنووس**- بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی ١٧٦٧ی ساڵی ٢٠١٤ی پێ دراوە.

**سەرچاوەی ئەم وەرگێڕانە**
Albert CAMUS. Létranger. Ed. Gallimard. Paris. 1942
(Traduction avec laide de CNL)

Scanned by CamScanner

# بێگانە

ئەلبێر کامو

د. موحسین ئەحمەد عومەر

لە فەڕانسییەوە کردوویە بە کوردی

Scanned by CamScanner

# پێشەکی

## ژان پۆل سارتر

ڕۆمانی "بێگانە"ی ئەلبێر کامو تازە بڵاو ببۆوە، ناوبانگێکی زۆری پەیدا کردبوو. ئەوسا دووبارەمان دەکردەوە و دەمانگوت لەوەتەی "ئاگربەست" لە 1940/6/22 ئیمزا کراوە، باشترین کتێبە بڵاو بووبێتەوە. لە ناو بەرهەمهێنانی ئەدەبی ئەو سەردەمە، ئەم ڕۆمانە بۆ خۆی بێگانەیەک بوو. لەودیوی هێڵەوە بۆمان هاتبوو، لەوبەری دەریا، لەم بەهارە ژاکاوە بێگەرموگوڕییەی[1] ئێرە باسی خۆری بۆ دەکردین، ئەمەش نەک وەک جوانییەکی دەگمەن و نامۆ، بەڵکو وەک هۆگرییەک و ناسینێکی ماندووی ئەوانەی زۆر شادییان بینیووە.

ئەم ڕۆمانە خۆی بەوە خەریک ناکا لەم سەردەمی جەنگە بە دەستەکانی خۆی ڕژێمی کۆن لەگۆڕ بنێ یان ڕق و کینەمان بەرزبکاتەوە، بەڵام لەگەڵ خوێندنەوەی، ئەوەمان بە بیردێتەوە کە جاران کاری ئەدەبی هەبووە وەک خۆی نرخێکی گەورەی هەبووە بەڵام هیچ شتێکی نەسەلماندووە.



Scanned by CamScanner

بەڵام بە پێچەوانەی ئەمەوە، ڕۆمانەکە هێشتا پڕ لە تەمومژە: چۆن لەم کەسایەتییە بگەین، کە بۆ ڕۆژی دوای مردنی دایکی: دەچێتە مەلەوانی، پەیوەندییەکی جەستەیی دادەمەزرێنێ و دەچێ لە بەرانبەر فیلمێکی کۆمێدی پێدەکەنێ، دواتر دەچێ عەرەبێک دەکوژێ "بە هۆی کاریگەریی خۆر" و بۆ ڕۆژی لە داردانیشی بە دڵنیاییەوە دەڵێ: بەختەوەر بووە و ئێستاش بەختەوەرە و هیوای ئەوەش دەخوازێ ئەوانەی دێن بۆ سەیرکردنی لەداردانی، گەلێک زۆر بن و بە "هاوار و ڕقوکینەوە پێشوازیی لێبکەن." هەندێک بڵێن: "ئەم گێلە، کوڕێکی هەژارە." هەندێکی دیکە باشتر، وێڕای ڕوانینێکی قووڵتر، بڵێن "ئەمە بێگوناهە".ئایە پێویست بەوە ناکا لەم بێگوناهییە بگەین؟

بەڕێز ئەلبێر کامو، لە کتێبی "ئەفسانەی سیزیف" کە چەند مانگێک دواتر بڵاو بووەوە، شیکردنەوەیەکی دروستی لەبارەی کارەکانی پێشکەش کردووین: پاڵەوانەکەی نە باشە نە شەڕانگێزە، نە ئەخلاقییە نە نائەخلاقی، ئەم جۆرە ڕوانین و وەسفانە لەگەڵ ئەم کەسایەتییە ناگونجێن، دەبێ لە جۆرێکی تری بینین و ڕوانینی زۆر تایبەتی بۆی بچین، کە نووسەر بە بێهوودە –پووچی– ئەبسێرد Absurde– ناوی دێنێ.بەڵام ئەم وشەیە لە ڕوانگەی ئەلبێر کامو دوو مانای زۆر جیاواز دەگەیەنێ: بێهوودە Absurde لە یەک کاتدا ئەو حاڵەتەیە، کە تێیداین (واقیع) ئەو هۆشیارییە ڕوونەشە، کە ئەو کەسە لەسەر ئەو



Scanned by CamScanner

حاڵەتە (واقیع)ە هەیەتی.ئەو کەسە بێهوودەیە، کە لە بێهوودەییەکی سەرەکی یان بنچینەیی بێ هیچ لاوازییەک ئەو ئەنجامانە، بەدەست دەهێنێ، کە خۆیان دەسەپێنن. (...) بێهوودە، پووچی، چییە وەک حاڵەت و وەک هەڵکەوتی یەکەم؟ چ نییە جگە لە پەیوەندیی مرۆڤ بە جیهانەوە.هەڵکەوتی یەکەمینی بێهوودەیی پێش هەموو شتێک وەک جیابوونەوە دەردەکەوێ: جیابوونەوە لە نێوان هیوا و ئاواتی مرۆڤ بۆ یەکێتی و دوالیزمی ماندووکەری ئەقڵ و سروشت، لە نێوان هەوڵی مرۆ بۆ نەمری و تایبەتمەندیی "پایان یان بە کۆتاهاتنی" بوونی، لە نێوان " نیگەرانی" کە جەوهەری ئەو کەسەیە و خودپەرستی بۆ هەوڵەکانی خۆی.مەرگ، پلورالیزمی ئەستەمی هەقیقەتەکان و بوونەکان، تەمومژیی واقیع، ڕێکەوت، ئەمانە پێکهاتووەکانی بێهوودەیین.لە ڕاستیدا ئەمانە بابەت (تێمـthèmes)ی زۆر نوێ نین و بەڕێز کامو-ش ئەوها باسیان ناکا. ئەمانە لە سەدەی حەڤدەوە باسیان کراوە، لە لایەن جۆرێک لە ئەقڵی وشک و کورت و سەر بە ڕامان و بیرکردنەوەی فرانسییانە: وەک هەڵکەوتێکی هاوبەش بۆ ڕەشبینیی کلاسیکی سوودی هەبووە. ئەوە نییە بلێز پاسکال باسی ئەوە دەکا و دەڵێ: بەدبەختیی سروشتی مەرجی لاوازی ژیانمانە، کە بکوژە، ئەوەندە پڕ لە کوێرەوەرییە، کە هیچ شتێک ناتوانێ ئارامیمان پێببەخشێ ئەو کاتەی کە لە نزیکەوە بیری لێدەکەینەوە. "ئەی ئەمەش شوێنی پاسکال لە ناو ئەقڵ



Scanned by CamScanner

پیشان نادا؟ ئایه ئەمەش لەو ڕستەیەی بەڕێز کامو نزیک نییە و ئەوە ناسەلمێنێکە "جیهان نە (بە تەواوی) ئەقلانییە و نە تا ئەو ئاستەش نائەقلانییە". ئایە ئەمەش ئەوەمان بۆ پیشان نادا کە "نەریت" و "سەرگەرمی و خۆخافلاندن" ئەم حاڵەت و هەڵکەوتانە: "نەبوون، ویلیی مرۆ لە جیهان، ناشایستەگی، بێهێزی و بێتوانایی، بەتاڵی"، لە مرۆ دەشارنەوە. (...)

مرۆڤی بێهوودە فڕێ دراوەتە ناو ئەم جیهانە، ئەو ڕاپەڕیوو و نابەرپرسە، ئەم مرۆڤە هیچی نییە بەڵگەی بۆ بهێنێتەوە و ڕوونی بکاتەوە. ئەو "گوناهە". گوناه وەک ئەو حاڵەتە سەرەتاییەی نووسەر سۆمەرست مۆم باسی دەکا، کە کەشیش دەگاتە کلێسا، باسی چاکە و خراپە، ڕێپێدراو و ڕێپێنەدراو بۆ خەڵکەکە دەکا. بۆ پاڵەوانی ئەم ڕۆمانە "هەموو شتێک ڕێپێدراوە"، ئەو بێگوناهە وەک میر میشکینی پاڵەوانی ڕۆمانی "گێلە"ی دیستۆیۆفسکی کە هەردەم لە ناو "ئێستایەکی ئەبەدیی پڕ لە زەردەخەنە و بێباکیی جیاجیادا دەژی". بێگوناهێک بە هەموو مانای وشە، "گێلێک" ئەگەر حەز بکەن.

لێرەوە ئێمە بە جوانی لە ناونیشانی ڕۆمانەکەی کامو دەگەین. کامو ئەو بێگانەیەی کە دەیەوێ وێنەی بکێشێ، یەکێ لەو بێگوناهە تۆقێنەرانەیە، کە دەبێتە هۆی سکاندال لە کۆمەڵگایەک کە بەپێی ڕێساکانی ئەو ڕەفتار ناکا. ئەو لە ناو بێگانەکاندا دەژێ، بەڵام ئەو خۆشی لە ڕوانگەی ئەوانەوە بێگانەیە. هەر



Scanned by CamScanner

لەبەر ئەمەشە هەندێ کەس خۆشیان دەوێ، وەک کچە دۆستەکەی ماری. ماری برادەرایەتیی ئەوی پێخۆشە، چونکە پێی وایە کەسێکی سەیرە، خەڵکی تریش ڕقیان لێی دەبێتەوە، وەک ئەوانەی دێن بۆ سەیرکردنی لەداردانی، هەست دەکا لەناکاو ڕقوکینە بەرەو ئەو دێ. بۆ ئێمەش بە هەمان شێوە، لەگەڵ کردنەوەی کتێبەکە، هێشتا لەگەڵ هەست و عاتیفەی بێهوودە "پووچی" ڕانەهاتووین، بێهوودە بە دوای ئەوەدا دەگەڕێین بەپێی نەریت و تێگەیشتنەکانی خۆمان بڕیاری لەسەر بدەین، بۆ ئێمەش ئەو کەسە بێگانەیە.

بێگانە کتێبێک نییە شیکردنەوە و ڕوونکردنەوە بێ. مرۆڤی "بێهوودە" شیکردنەوەی ناوێ. ئەو زیاتر وەسف دەکا، هەروا کتێبێکیش نییە شتێک بسەلمێنێ. بەڕێز کامو تەنیا پێشنیاز دەکا و خۆی نیگەران ناکا شتێک ڕوون بکاتەوە، کە بە پێی پرەنسیپی گشتی ڕوون ناکرێتەوە.[٢]

پەراوێز

١- سارتر مەبەستی ژیانی سەردەمی جەنگی دووەمی جیهانییە لە پاریس.

٢- بۆ ئەم چاپە پێداچوونەوەیەکی گشتی کراوە و جارێکی تر بە فەرەنسییەکەی بەراورد کراوەتەوە.

سەرچاوەی ئەم پێشەکییە

– Jean Paul SARTRE. Situation 1, essai critiques, Gallimard. 1943 .



Scanned by CamScanner

# بەشی یەکەم

Scanned by CamScanner

# ١

ئیمڕۆ دایکم مرد. نازانم، ڕەنگە دوێنێ مردبێت. تەلەگرامێکم لە خانەی بەساڵاچووانەوە پێگەیشت: "دایک مرد، ناشتن بەیانی، ڕێزی زۆرمان." ئەمە هیچ شتێک ناگەیەنێ، لەوانەیە دوێنێ مردبێت.

خانەی بەساڵاچووان لە مارێنگۆیە، هەشتا کیلۆمەتر لە شاری جەزایرەوە دوورە، سەعات دوو ئۆتۆبووس دەگرم و پاش نیوەڕۆ دەگەمە جێ. بەم چەشنە، دەتوانم شەو بێدار بم و سبەی ئێوارە بگەڕێمەوە. داوای دوو ڕۆژ مۆڵەتم لە بەڕێوەبەری کارەکەم کرد، بێگومان ناتوانێ بۆ مەبەستێکی لەم جۆرە ڕەتی بکاتەوە. بەڵام وا پێنەدەچوو دڵخۆش بێت. سەرەڕای ئەمەش پێم وت: "خەتای منی تێدا نییە." هیچ وەڵامی نەدامەوە. ئەو کاتە بیرم کردەوە نەدەبووایە ئەمەی پێبڵێم. بەگشتی، نەدەبووایە داوای لێبوردن بکەم. دەبووایە ئەو سەرەخۆشیم لێبکات. بەڵام بێگومان، دوو سبەی، کە بە جلوبەرگی تازیەوە دەمبینێ،



Scanned by CamScanner

سەرەخۆشیم لێدەکات، بەڵام ئێستا، هەروەکو ئەوە وایە دایکم نەمردبێ. پاش ناشتن، بە پێچەوانەوە، دەبێتە شتێکی لەبیرکراو و هەموو شتێک سیمایەکی زیاتر ڕەسمی وەردەگرێ.

سەعات دوو سواری ئۆتۆبووس بووم. هەواکەی زۆر گەرم بوو. لە خواردنگە، لە لای سێلێست، هەروەکو جاران نانم خوارد. دیار بوو هەموویان بۆم پەرێشان بوون و سێلێست پێی وتم: "تەنیا تاقەدایکێکمان هەیە." کە ڕۆیشتم، هەموویان تا لای دەرگا بەڕێیان کردم. کەمێک گێژ بووم، چونکە دەبووایە بچمە لای ئێمانوێل بۆینباغێکی ڕەش و قۆڵبەندێکی لێبخوازمەوە. ئەویش چەند مانگێک بوو لەمەوبەر مامی مردبوو.

بۆ ئەوەی بە ئۆتۆبووس ڕابگەم، ڕام کرد، لەبەر شەتاو، ڕاکردن، بێجگە لەمانەش هەڵبەزینودابەزینی ئۆتۆبووس، بۆنی بەنزین، شەوقدانەوەی ڕێگا و ئاسمان، بۆرژام، نزیکەی بە درێژایی ڕێگا خەوتم، کە بە ئاگاش هاتمەوە، بە سەربازێکەوە نووسابووم و زەردەخەنەیکی بۆ کردم و پێی وتم لە دوورەوە دێم، بۆ ئەوەی چیدی قسە نەکەین، وتم "بەڵێ". خانەی بەساڵاچووان دوو کیلۆمەتر لە گوند دوورە. ڕێگاکەم بە پێ بڕی. ویستم یەکسەر دایکم ببینم. بەڵام دەرگاوانەکە پێی وتم دەبێ سەرەتا بەڕێوەبەر ببینم. لەبەر ئەوەی خەریکی کار بوو، کەمێک چاوەڕێم کرد. ئەو



Scanned by CamScanner

هەموو ماوەیەش دەرگاوان قسەی دەکرد، پاشان بەڕێوەبەرم بینی: لە بیرۆی خۆی پێشوازیی لێکردم. پیرێکی بچکۆڵە و "پاداشتی شەرەف"ی بە سینگەوە بوو. بە چاوە گەشەکانی تەماشای کردم. پاشان دەستی گوشیم و ماوەیەکی زۆر بەم چەشنە هێشتیەوە. نەمدەزانی چۆن دەستم ڕاکێشمەوە. سەیری دۆسیەیەکی کرد و دوایی پێی وتم: "سێ ساڵ لەمەوبەر خانم مورسۆ هاتە ئێرە. ئێوە تاقە پشتیوانی ئەو بوون." هەستم کرد سەرزەنشتم دەکات و ویستم هەندێ شتی بۆ ڕوون بکەمەوە. بەڵام قسەی پێبڕیم و وتی: "کوڕی شیرینم، پێویست ناکات خۆتان گوناهبار پیشان بدەن، دۆسیەی دایکتانم خوێندۆتەوە. ئێوە نەتاندەتوانی پێویستییەکانی مسۆگەر بکەن. ئەو پێویستی بە یەکێک بوو ئاگاداری بێت. مووچەکەشتان شتێکی وا نییە. سەرەڕای هەموو ئەمانەش، ئەو لێرە بەختەوەرتر بوو." وتم: "بەڵێ، جەنابی بەڕێوەبەر." پاشان درێژەی پێدا و وتی: "دەزانی، ئەو دۆستی زۆری هەبوو، خەڵکی لە تەمەنی خۆی. دەیتوانی لەگەڵ ئەوان خۆشییەکانی سەردەمێکی دیکە دابەش بکات. ئێوەش گەنجن و بێگومان ژیانی لەگەڵ ئێوە سەخت دەبوو."

ئەمە ڕاست بوو. کاتێ کە دایە لە ماڵ بوو، بێدەنگ، بەردەوام چاوەکانی لەسەرم بوون. لە ڕۆژانی یەکەمی گەیشتنی بۆ خانەی بەساڵاچووان، زووزوو دەگریا. بەڵام



Scanned by CamScanner

ئەمە لەبەر عادەتگرتن بوو. دوای چەند مانگێک، ئەگەر لە خانەی بەساڵاچووانەکە دەرمانهێنابایە دەگریا. هەڵبەت، دیسان لەبەر ڕاهاتن. کەمێکیش لەبەر ئەوە بوو لەم ساڵانەی دواییدا هەرگیز نەچوومە لای. هەروەها لەبەر ئەوەی یەکشەممەشی لێدەبردم. بێجگە لە ئازاری چوون بە ئۆتۆبووس و بلیتبڕین و دوو سەعاتی ڕێگا.

دیسان بەڕێوەبەر قسەی لەگەڵ کردم. بەڵام من چیتر گوێم لێی نەدەگرت. پاشان پێی وتم: "وا هەست دەکەم دەتانەوێ دایکتان ببینن." بێ ئەوەی شتێک بڵێم، هەڵسامەوە و بەرەو دەرگا بە پێشم کەوت. لەسەر پلیکانەکە بۆی ڕوون کردمەوە: "ئەومان بۆ ژوورە بچکۆلەکەی مردووان گواستۆتەوە. بۆ ئەوەی کاریگەری بۆ سەر ئەوانی دیکەوە نەبێت: هەموو جارێک کە یەکێک دەمرێت، ئەوانی دیکە بۆ ماوەی دوو یان سێ ڕۆژ تووڕەن. ئەمەش خزمەتکردن ئاڵۆز دەکات." داڵانێکمان بڕی کۆمەڵێک پیرەمێردی لێبوو، بە گرووپی گچکەگچکە خەریکی قسەکردن بوون. کە دەگەیشتینە ئاستیان، بێدەنگ دەبوون. کە لێیان تێدەپەڕین، لە پشتمان گفتوگۆیەکە دەستی پێدەکردەوە. دەتگوت قیژەقیژی کەڕکەری تووتییە. لەبەر دەرگای ساختمانێکی بچکۆڵە، بەڕێوەبەر بەجێی هێشتم: "مسیۆ مورسۆ بەجێتان دەهێڵم. بۆ هەر خزمەتێک من لە بیرۆیەکەی خۆمم. بەگشتی، ناشتنەکە دەکەوێتە



Scanned by CamScanner

سەعات دەی بەیانی، بەم چەشنە، بیرمان لەوە کردۆتەوە کە دەتوانن بە دیار خوالێخۆشبووەوە بێدار بن. دواوشەی وا پێدەچێ دایکتان، گەلێکجار لای هاوەڵەکانی باسی ئەوەی کردووە، کە حەز دەکات بە ڕێوڕەسمی ئایینی بنێژرێ. ئەم ئەرکەش من جێبەجێی دەکەم، بەڵام حەزم کرد ئاگادارتان بکەمەوە." منیش سوپاسم کرد. دایکم، بێ ئەوەی بێدین بێت، کە لە ژیاندا بوو قەت بیری لە خواپەرستی نەدەکردەوە.

چوومە ژوورەوە، هۆڵێکی زۆر ڕۆشن بوو، گەچکاری کرابوو و مینادار بوو. پڕ لە کورسی و دوو پایەی لە شێوەی Xبوو. دووانیان لە ناوەڕاست بوون، تابووتێکیان لەسەر بوو، کە بە سەرپۆشێکی تایبەت داپۆشرابوو. تەنیا سەرە بزمارە بریقەدارەکان دەبینران، کە بە ئاستەم ڕۆچووبوون و لە ڕەنگە قاوەییەکە زاڵتر بوون. پەرستارێکی عەرەب لە نزیک تابووتەکە بوو، بەروانکەیەکی سپیی لەبەر بوو و لەچکێکی ڕەنگتیری لەسەری نابوو.

لەو دەمەدا، دەرگاوان لە پشتمەوە هاتە ژووری، وا پێدەچوو ڕای کردبێ، کەمێک پرمەپرمی کرد: "دامانپۆشی، بەڵام دەبێ تابووتەکە بکەمەوە تا بیبینن." لە تابووتەکە نزیک دەبۆوە، بەڵام من ڕامگرت. پێی وتم: "ناتەوێ؟" وتم: "نەخێر." بێدەنگ بوو و منیش هەراسان بووم، چونکە



Scanned by CamScanner

هەستم کرد نەدەبووایە ئەمە بڵێم. دوای چەند ساتێک، تەماشای کردم و بێ هیچ سەرزەنشتێک، وەک ئەوەی چاوەڕێی خەبەرێک بکات، پێی وتم: "بۆچی؟" منیش وتم "نازانم." ئەو کاتە، بە جووڵاندنی سمێڵە سپییەکەی، بێ ئەوەی تەماشام بکات، وتی: "تێدەگەم." دوو چاوی جوان، شینی ڕۆشن، پێستێکی کەمێک سووری هەبوو. کورسییەکی دامێ و یەکێکیش بۆ خۆی و کەمێک لە دواوەی من دانیشت. پەرستارەکە بەرز بۆوە و ڕووی لە دەرگایەکە کرد. لەو دەمە، دەرگاوانەکە پێی وتم: "ئەم ژنە نەخۆشیی گەدەی هەیە." لەبەر ئەوەی تێنەدەگەیشتم، تەماشای پەرستارەکەم کرد و بینیم پارچەپەڕۆیەکی لەژێر چاوەکانی بەستووە، کە بە دەوری سەریدا سووڕاوەتەوە. پەڕۆیەکە لەسەر کەپووی پان ببۆوە. تەنیا سپیاتیی پەڕۆیەکە لە ڕوخساری دەبینرا.

کە پەرستارەکە ڕۆیشت، دەرگاوانەکە وتی: "منیش ئێستا بە جێتان دەهێڵم." نازانم چ بزووتنەوەیەکم کرد، بەڵام بە پێوە، لە دواوەم مایەوە. ئەم ئامادەگییەی پشتم هەراسانی دەکردم. ژوورەکە پڕ لە ڕۆشنیی گەشی دوای نیوەڕۆ بوو. لەم دیوی میناکەش دوو زەردەواڵە گزەگزیان دەکرد. هەستم دەکرد دەبۆرژێم. بێ ئەوەی ڕوو لە دەرگاوانەکە بکەم، وتم: "لەمێژە ئێوە لێرەن؟" وەک ئەوەی هەمیشە



Scanned by CamScanner

چاوەڕێی پرسیارەکەی منی کردبێت، یەکسەر وەڵامی دامەوە: "پێنج ساڵە."

پاشان، زۆر قسەی کرد. ئەگەر بۆیان ڕوون کردبایەوە، کە ڕۆژگاری خۆی لە خانەی بەساڵاچووانی مارینگۆ بەسەر دەبا، سەری سووڕ دەما. تەمەنی شەستوچوار ساڵ و خەڵکی پاریس بوو. ئەو کاتە قسەم پێبڕی وتم: "ئاە ! چما خەڵکی ئێرە نین؟" پاشان بیرم هاتەوە پێش ئەوەی بمباتە لای بەڕێوەبەر، هەندێ قسەی دەربارەی دایکم بۆ کردبووم. پێی وتبووم کە پێویستە زۆر زوو بنێژرێ، چونکە لە دەشت هەوا گەرمە، بە تایبەتی لەم وڵاتە. هەر ئەو کاتەش پێی وتبووم کە لە پاریس ژیاوە و زۆریش بە ئازارەوە لە بیری کردووە. لە پاریس، لەگەڵ مردوو سێ ڕۆژ، هەندێک جاریش چوار ڕۆژ دەمێننەوە. بەڵام لێرە وەخت بۆ شتی وا نییە، بیر لەوە ناکرێتەوە کە پێشتر دەبێ لە دواینەعش بڕۆین. لەم کاتەدا ژنەکەشی پێی وتبوو: "بێدەنگ بە، ئەمانە شت نین بۆ مسیۆی دەگێڕیەوە." پیرەمێرد سوور ببۆوە و داوای لێبووردنی کرد. منیش هاتمە دەنگ بۆ ئەوەی بڵێم: "هیچ نییە، هیچ نییە." هەستم دەکرد ئەوەی دەگێڕێتەوە، ڕاست و سەرنجڕاکێشە.

لە ژوورە بچووکەکەی مردووان پێی وتم وەک هەژارێک هاتۆتە ئێرە. لەبەر ئەوەی هەستی کردووە لەشی ساغە،



Scanned by CamScanner

خۆی بۆ کاری دەرگاوانی پێشنیاز کردووە. منیش سەرنجیم بۆ ئەوە ڕاکێشا، کە لە هەموو حاڵەتێکدا ئەویش ئەندامێکی خانەی بەساڵاچووانە. بەڵام ئەو وتی: "ئەمە ڕاست نییە". پێشتریش شێوەی قسەکردنی سەرنجی ڕاکێشابووم کە دەیگوت: "ئەوان"، "ئەوانی دیکە" زۆر بەدەگمەن "پیرەکان"، ئەگەرچی ئەندامانی خانەی بەساڵاچووانەکە هەندێکیان لەو بەتەمەنتر نەبوون. هەڵبەت ئەو هەمان شت نەبوو. ئەو دەرگاوان بوو، لە زۆر ڕووەوە مافی بەسەر ئەوانەوە هەبوو.

لەو دەمەدا پەرستارەکە هاتە ژوورێ. لەناکاو دونیا تاریک بوو. زۆر بە خێرایی شەو لە سەرەوەی میناکان ئەستورتر ببوو. دەرگاوان بە پلاک چراکەی داگیرساند و لەناکاو بە هێرش و بڵاوبوونەوەی ڕووناکی بینایيم تاریک بوو. بۆ سەر خوان بانگی کردم، بەڵام من برسیم نەبوو. ئەو کاتە ڕوخسەتی لێوەرگرتم کوپێک شیروقاوەم بۆ بێنێ. لەبەر ئەوەی حەزم لە شیروقاوەیە، منیش قبوڵم کرد و دوای چەند ساتێک بە خۆی و سینییەکەوە هاتەوە. خواردمەوە. ئەو کاتە حەزم چووە جگەرەکێشان، بەڵام دوودڵ بووم چونکە نەمدەزانی ئایا دەتوانم بەرانبەر دایکم ئەم کارە بکەم. بیرم کردەوە، هەستم کرد ئەمە هیچ گرینگییەکی نییە، جگەرەیەکم پێشکەش بە دەرگاوان کرد و کێشامان.



Scanned by CamScanner

دوای چرکەیەک، پێی وتم "دەزانی، کەمێکی دیکە دۆستانی خانمی دایکتان دێن، ئەوانیش بێداریی دەکەن. ئەمەش خۆی نەریتە. دەبێ بچم کورسی بێنم و قاوە ئامادە بکەم."
پێم وت ئایا دەتوانین یەکێک لە چراکان بکوژێنینەوە؟ ڕەنگدانەوەی ڕووناکییەکە لەسەر دیوارە سپییەکان ماندووی دەکردم. پێی وتم ئەم کارە ناکرێ. چونکە دەزگاکە بەم چەشنە دامەزرێنراوە: یان هەموو چراکان یان هیچ کامێکیان. ئیدی چیتر سەرنجی ئەوم نەدا.
دەرچوو، هاتەوە. کورسییەکانی دانا. پاشان لەمبەری دایکمەوە، لە بەرانبەرم دانیشت. پەرستارەکەش لە بنەبانی ژوورەکە، پشت لە ئێمە وەستابوو. نەمدەبینی چی دەکات. بەلام لەبەر جووڵەی قۆڵەکانی هەستم دەکرد شتێک دەچنێت. هەواکەی فێنک بوو، قاوەکەش گەرمی کردبوومەوە و لە دەرگا کراوەکەش بۆنی شەو و گوڵ دەهاتنە ژوورەوە. لەو بڕوایەدام کەمێک بۆرژام.
خشەخشێک بێداری کردمەوە. لە ئەنجامی چاوداخستنم، هێشتاش زێتر ژوورەکە خۆی پڕ لە ڕەنگدانەوەی ڕووناکی پیشان دەدا. بەرانبەرم سێبەرێک نەبوو، هەموو شتێک، هەموو گۆشەیەک، هەموو لۆچێک، پڕ لە پاکییەکی برینداركەر بۆ چاو، وێنەی خۆیان دەکێشا. لەم کاتەدا بوو هاوڕێیانی دایکم هاتنە ژوورەوە، نزیکەی دوانزە کەسێک بوون و بە بێدەنگی دەخزانە ناو ئەم ڕۆشناییە کوێرکەرە،



Scanned by CamScanner

بەبێ ئەوەی هیچ کورسییەک دەنگی لێوە بێ، دانیشتن. بە شێوەیەک دەمبینین، تا ئێستا قەت کەسێکم وا نەبینیووە و شتێک چییە لە ڕوخساریان، یان لە جلوبەرگیان لەبەرچاوم دەرباز نەدەبوو. کەچی گوێم لێیان نەدەبوو و بەزەحمەت دەمتوانی باوەڕ بە واقعییەتی ئەوان بهێنم. نزیکەی تەواوی ژنەکان بەروانکەیان پۆشیبوو و پشتێنێکی باریکیش بەروانکەکانی بە لەشیانەوە نووساندبوو، ئەمە وای دەکرد سکیان شۆڕبێتەوە. تا ئەو کاتە هەرگیز هەستم پێنەکردبوو، کە پیرەژنان تا چ ڕادەیەک دەتوانن سکیان هەبێ. نزیکەی تەواوی پیاوەکانیش لاواز بوون و گۆپاڵیان لە دەست بوو. ئەوەی لە ڕوخساریان سەری سووڕماندبووم، چاویانم نەدەبینی، تەنیا ڕۆشناییەکی کزی چاڵێکی ناو لۆچەکانم دەبینی. کاتێ کە دانیشتن، زۆربەیان تەماشایان کردم و بە گرانی سەریان لەقاندەوە، لێوەکانیشیان لە دەمی بێددانیاندا نقوم ببوو، تێنەگەیشتم ئایا سڵاوم لێدەکەن یان هەر تەنیا خوویان بە سەرلەقاندن وەرگرتووە. بەڵام زیاتر وا هەست دەکەم سڵاویان لێدەکردم. لەو دەمەدا هەستم کرد لە بەرانبەرم و لە دەوری دەرگاوان دانیشتوون و سەریان بە وردی دەلەقێننەوە. ئەو دەمە بیرێکی بێمانا لام دروست بوو، کە هاتوون دادگاییم بکەن.



Scanned by CamScanner

کەمێک دواتر، یەکێک لە ژنەکان لە پرمەی گریانی دا. لە ڕیزی دووەم بوو، بە یەکێ لە هاوەڵەکانی شاردرابۆوە، بە ئاستەم دەمبینی. بێ وەستان، ڕێک بە وردەهەنسک دەگریا، وا پێدەچوو هەرگیز نەوەستێ. ئەوانی دیکە وا دەهاتنە بەرچاو گوێیان لێنییە. گشتیان خەمبار و گرفتار و بێدەنگ بوون. تەماشای تابووت یان گۆچانەکەی خۆیان دەکرد، یان هەر شتێک، لەمانە زیاتر سەیری شتێکی دیکەیان نەدەکرد. ژنەکەش بەردەوام دەگریا. سەرم سووڕمابوو لێی، چونکە نەمدەناسی. دەمویست چیتر گوێم لێی نەبێت. لەگەڵ ئەمەش جورئەتی ئەوەم نەبوو پێی بڵێم. دەرگاوان هاتە ئەم دیوەی من و لە نزیکم دانیشت. دوای ماوەیەکی زۆر بێ ئەوەی ڕووم تێبکات، پێی وتم:"ئەم ژنە گەلێک لە خانمی دایکتان نزیک بووە. دەڵێ ئەو لێرە تاقە هاوڕێی بووە و ئێستاش کەسی دیکەی نییە."

ماوەیەکی زۆر بەم چەشنە ماینەوە. هەنسک و نووزانەوەی ژنەکەش کەمتر دەبووەوە. زۆر فنەفنی دەکرد. پاشان بێدەنگ بوو. چیتر خەوم نەدەهات، بەڵام ماندوو بووم و گورچیلەم ژانی دەکرد. ئێستاش بێدەنگیی ئەم هەموو خەڵکە بوو، کە ئازاری دەدام. تەنیا ناوەناوە، گوێم لە دەنگێکی تایبەتی دەبوو، نەمدەتوانی تێبگەم چییە. سەرەنجام توانیم هەڵیبێنم، هەندێ لە پیرەمێردەکان



Scanned by CamScanner

ناوەوەی دەمی خۆیان دەمژی و ئەم دەنگە سەیرەیان بەرەلا دەکرد. بە ڕادەیەک نغرۆی ناو خەیاڵی خۆیان ببوون، هەستیان پێنەدەکرد. منیش ئەو هەستەم لا دروست ببوو، کە ئەو مردووەی لە ناوەڕاستی ئەوان دانراوە، لە نیگایان هیچ مانایەکی نییە. بەڵام ئێستا لەو بڕوایەدام کە هەستکردنەکەم هەڵە بوو.

هەمووومان قاوەمان خواردەوە کە دەرگاوانەکە پێشکەشی کردین. پاشان، ئیتر نازانم، شەو تێپەڕی. تەنیا ئەوەندەم بە بیر دێتەوە کە چاوەکانم کردەوە، بینیم پیرەمێردەکان خەویان لێکەوتووە و کەوتوونەتە پاڵ یەکتری، تەنیا یەکێکیان نەبێ چەناگەی خستبووە سەر پشتی دەستەکانی، کە بە گۆچانەکە ڕایگرتبوون، بێ ئەوەی چاوی لەسەرم هەڵگرێ، تەماشای دەکردم، وەک ئەوەی تەنیا چاوەڕێی بەئاگاهاتنەوەم بکات. پاشان کەمێکی دیکەش نووستمەوە. زۆربوونی ئازاری گورچیلەم بەخەبەری هێنامەوە. ڕۆژیش لەسەر میناکە دەخشی. کەمێک دواتر، یەکێ لە پیرەمێردەکان بەخەبەر هات و گەلێک کۆکی. بەڵغەمەکانی لە ناو دەستەسڕێکی خەتخەت دەکرد، کە هەریەکەی وەک هەڵپچڕینێک بوو لە هەناوی دەردەهێنا. ئەوانی دیکەی بەخەبەر هێنا و دەرگاوانیش پێی وتن دەبێ بڕۆن. هەڵسانەوە. ئەم بێدارییە نالەبارە ڕوخساری هەموویانی هەڵبزڕکاندبوو. لە کاتی دەرچوون



Scanned by CamScanner

زۆر پێم سەیر بوو هەموویان تەوقەیان لەگەل کردم، وەک ئەوەی ئەم شەوە، کە وشەیەک چییە تێیدا نەمانگۆڕییەوە، برادەرایەتیی ئێمەی بەهێز کردبێ.

ماندوو بووم. دەرگاوان بردمیە لای خۆی، لەوێ توانیم دەستێک بە سەروڕوخساری خۆمدا بهێنم. شیروقاوەیەکی دیکەشم خواردەوە، زۆر خۆش بوو. کە دەرچووم، ڕۆژ تەواو بڵند ببوو. لە بەرزایی ئەو گردانەی کە مارێنگۆ ـی لە دەریا جیا دەکردەوە، ئاسمان پڕ لە سوورایی بوو. ئەو بایەی بەسەر بەرزاییەکەشدا تێدەپەڕی، بۆنی خوێاوکی لەگەڵ خۆی دەهێنا. دیار بوو ڕۆژێکی خۆش خۆی ئامادە دەکرد، ماوەیەکی زۆر بوو نەچووبوومە لادێ، هەستم دەکرد چ لەززەتێک لەو پیاسەکردنە وەردەگرم ئەگەر مەسەلەی دایکم لەم نێوانە نەبووایە.

بەڵام لە حەوشە، لە بن دارچنارێک چاوەڕێم کرد. بۆنی خاکی تەڕم دەکرد و چیتر خەوم نەدەهات. بیرم لە هاوکارانی بیرۆ دەکردەوە. کە لەم کاتانە، هەموویان بەخەبەر دێن و دەڕۆن بۆ کار. بۆ من هەردەم ئەم ساتانە لە هەموو وەختێک گرانتر بوو. هێشتاش کەمێکی دیکە بیرم لەم شتانە کردەوە، بەڵام دەنگی زەنگێک، کە لە ناوەوەی باڵەخانەکە دەهات، بیرکردنەوەی پچڕاندم. لە پشت پەنجەرەکانەوە هەندێک جووڵە هەبوون، پاشان هەموو شتێک هێمن بۆوە. خۆر کەمێکی دیکە بە ئاسماندا



Scanned by CamScanner

هەڵکشابوو. وردەوردە پێیەکانمی گەرم دەکردەوە. دەرگاوان بە حەوشەکە تێپەڕی و پێی وتم بەڕێوەبەر دەیەوێ بمبینێ. چوومە بیرۆکەی. هەندێ لاپەڕەی پێ ئیمزا کردم. بینیم چاکەتێکی ڕەش لەگەڵ پانتۆڵێکی خەتداری پۆشیبوو. تەلەفۆنەکەی بە دەست گرت و پێی وتم: "کارگوزارانی ناشتن دەمێکە لێرەن. ئێستا داوایان لێدەکەم بێن تابووتەکە داخەن، ئایا دەتانەوێ بۆ دواجار سەرنجێکی دیکەی دایکتان بدەن؟" وتم نەخێر. دەنگی نزم کردەوە و لە تەلەفۆنەکە وتی: "ڤیژاک، بە پیاوەکان بڵێ دەتوانن دەست پێبکەن."

ئینجا پێی وتم کە ئەویش لە ناشتنەکە ئامادە دەبێت منیش سوپاسم کرد. لە پشت مێزەکەی خۆی دانیشت و قاچی خستە سەر قاچ. دوایی ئاگاداری کردمەوە کە هەر تەنیا من و ئەوین، لەگەڵ پەرستاری بەشەکە. بە گشتی، ئەندامانی خانەی بەساڵاچووان بۆیان نییە لە ناشتن ئامادە بن تەنیا لە بێداریکردن نەبێت، وتیشی: "ئەمە مەسەلەیەکی مرۆڤایەتییە." بەڵام تەنیا ئیجازەی دابووە کۆنەدۆستێکی دایکم بە ناوی "تۆماس پێرێز." بەشداریی لەم ناشتنە بکات. لێرەدا، بەڕێوەبەر زەردەی هاتێ و پێی وتم: "هەڵبەتە تێدەگەن، ئەمە هەستێکی منداڵانەیە. بەڵام ئەو و دایکتان قەت لێک دانەدەبڕان. لە پەککەوتەخانە گاڵتەیان لەگەڵ دەکردن، بە پێریزیان دەگوت: "ئەمەدەزگیرانتە."



Scanned by CamScanner

ئەویش پێدەکەنی. ئەمەش خۆشیی بە هەردووکیان دەبەخشی. لە ڕاستیدا مەرگی خانم مورسۆ کاریگەریی زۆری لێکردبوو. بە پێویستم نەزانی ڕێگای نەدەمێ. بەڵام لەسەر ڕاوێژی پزیشکی پشکێنەر، ڕێگایم بۆ بێداریی دوێنێ نەدا."

ماوەیەکی تەواو درێژ بە بێدەنگی ماینەوە. بەڕێوەبەر هەڵساوە و لە پەنجەرەی بیرۆکەی سەیرێکی کرد. پاش چەند ساتێک وتی: "ئاه، ئەمەش کەشیشی مارینگۆ-یە، زوو گەیشتووە." دوایی ئاگاداری کردمەوە کە بە لای کەمی سێ چارەک ڕۆیشتنی دەوێت تا دەگەینە کڵێسا، کە لە هەمان گوندە. دابەزین. بەرانبەر بالاخانەکە، کەشیش و دوو منداڵی ستایشخوێن وەستابوون. یەکێک لەمانە بخوردانێکی لە دەست بوو و کەشیشەکەش خۆی خوار کردبۆوە تا درێژی زنجیرە زیوینەکەی ڕێک بخات. کە ئێمە گەیشتین، کەشیش یەکپێ هەڵسایەوە. بانگی کردم "کوڕەکەم"، چەند وشەیەکی دیکەشی گوت. چووە ژوورەوە، منیش بە دوایدا چووم.

تەنیا بە سەرنجدانێک بینیم بزماری تابووتەکە ڕۆچوونە و چوار کەسی ڕەشپۆشیش لە ژوورەکەن. لە هەمان کات گوێم لێبوو بەڕێوەبەر پێم دەڵێ گالیسکە لەسەر جادە چاوەڕێمانە و با کەشیش دەست بە نوێژەکانی بکات. لەم ساتە بە دواوە هەموو شتێک بە خێرایی ڕۆیشت.



Scanned by CamScanner

پیاوەکان بە شاڵێکەوە لە تابووتەکە نزیک بوونەوە. پاشان کەشیش. ئینجا من و بەڕێوەبەر دەرچووین. لەبەر دەرگا، ژنێک وەستابوو نەمدەناسی، بەڕێوەبەر وتی: "مسیۆ مورسۆ". ناوی ئەم ژنەم نەبیستبوو و تەنیا ئەمەندە تێگەیشتم کە پەرستاری نێردراو بوو. بێ هیچ خەندەیەک ڕوخساری ئێسقانی و درێژی خۆی خوار کردبۆوە. لە پاشان، بۆ ئەوەی جەنازەکە تێپەڕێ، ڕیز بووین. لە دواوەی جەنازە هەڵگرەکان ڕۆیشتین و لە خانەی بەساڵاچووان دەرچووین. لە پێش دەرگا گالیسکە وەستابوو. ڕەش و لاکێشەیی و بریقەدار، بیری مرۆڤی بۆ لای قەڵەمدان دەبردەوە. لە تەنیشتی ڕێکخەری ناشتن وەستابوو، پیاوێکی کورتەباڵای بەرگ ناشیرین، لەگەڵ پیرەمێردێکی ساختەچی. تێگەیشتم کە مسیۆ پێرێز بوو. (کە کڵاوێکی خڕی لە لبادی نەرمی لێوارپانی لە سەر بوو کە جەنازەکە تێپەڕی، لە سەری کردەوە)، لەگەڵ بەرگێک کە دەلینگی پانتۆڵەکەی پێڵاوەکانی داپۆشتبوو و بۆینباغێکی ڕەشی بچکۆڵەش لەسەر کراسە سپییە گەورەکەی پۆشی بوو. لە بن لووتە خاڵدارەکەی بە پنتی ڕەش لێوەکانی دەلەرزین. گوێیە سەیرە قیت و خراپ نووشتاوەکانی لە ناو پرچی سپی و نەرم و تەنکییەوە دەرچووبوون، ڕەنگە سوورە خوێنینەکەی ئەم ڕوخسارە هەڵبزرکاوە سەرنجی ڕاکێشابووم. ڕێکخەری ناشتن شوێنی بۆ هەریەکێکمان



Scanned by CamScanner

دیاری کرد. کەشیش لە پێشەوە دەڕۆیشت، پاشان جەنازەکە. چوار پیاوەکەش لەملاوئەولای جەنازەکە. لە پشتەوەش من و بەڕێوەبەر، ئینجا پەرستاری نێردراو و مسیۆ پێرێز.

لە زوویێکەوە ئاسمان پڕ لە خۆر بوو، وردەوردە تینی خۆی دەخستە سەر زەوی و گەرمایی خێرا بەرز دەبووەوە. نازانم بۆچی پێش ئەوەی دەست بە ڕۆیشتن بکەین، زۆر چاوەڕێمان کرد. لەژێر جلە تارییەکانم هەستم بە گەرمایی دەکرد. پیرەمێردە بچکۆلەکە کە کڵاوی لەسەر بوو، سەرلەنوێ لەسەری کردەوە. کە بەڕێوەبەر دەربارەی ئەو قسەی بۆ دەکردم، کەمێک بۆ لای ئەو خۆم وەرسووڕاند و تەماشام کرد. بەڕێوەبەر پێی وتم زۆرجار ئێواران دایکم و مسیۆ پێرێز لەگەڵ پەرستارێک، بۆ پیاسەکردن تا گوند دەچوون. سەیری دەشتی دەوروبەری خۆم دەکرد. بە ناو ڕیزە سنۆبەرەکاندا کە دەچۆوە سەر گردەکانی نزیک ئاسمان، بەم خاکە سەوز و مەیلەوسوورە، بەم خانووە پەرتوبڵاوانەی جوان نەخشەیان بۆ کێشراوە، هەستم دەکرد لە دایکم دەگەم. ئێوارەکان، لەم وڵاتە، دەبێ وەک هەڵوەستەیەکی خەمئامێز بێت، بەڵام ئەمڕۆ، تینی خۆر کە دیمەنەکانی لێڵ دەکرد، ئەوانی بێگیان و قورس دەکرد.



Scanned by CamScanner

کەوتینە ڕۆیشتن. لەو کاتەدا بوو تێبینیم کرد پیرێژ کەمێک دەلەنگێ. وردە وردە گالیسکەکە خێراتر دەڕۆیشت و پیرەمێردیش لە دواوە بەجێدەما. یەکێکیش لەو پیاوانەی کە لە دەوری گالیسکەکە دەڕۆیشت، بەجێما و هاتە ئاستی من. سەرم لە خۆرەکە سووڕ مابوو، کە زۆر بە خێرایی لە ئاسمان بەرز دەبۆوە. هەستم کرد لە زوویکەوە ماوەیەکی درێژە دەشت جمەی دێت لە دەنگ و هەرای زیندەوەران و قرچەقرچی پووشەڵان. ئارەقە بەسەر ڕوومەتم دادەبەزی. لەبەر ئەوەی شەپقەم لەسەر نەبوو، بە دەستەسڕەکەم باوەشێنی خۆم دەکرد. یەکێک لە کارگوزارانی ناشتن شتێکی پێوتم، گوێم لێنەبوو. لە هەمان کاتیش، کاژەلاکی خۆی بە دەستەسڕێک دەسڕییەوە، کە بە دەستی چەپی گرتبووی، بە دەستی ڕاستیشی کاسکێتەکەی بڵند دەکرد. وتم: "چی ؟" بە دەستبەرزکردنەوە بۆ ئاسمان وتی: "خراپ لێدەدا." وتم: "بەڵێ." کەمێک دواتر وتی: "ئەمە دایکتانە؟" جارێکی دیکەش وتم:"بەڵێ." "پیر بوو؟" وەڵامم دایەوە گوتم: "ئیتر..."، چونکە بە وردی تەمەنی ئەوم نەدەزانی. ئینجا بێدەنگ بوو. ئاوڕم دایەوە بینیم پیرێزی پیر پەنجا مەترێک لە دووری ئێمەیە و پەلەیەتی و بە پەنجەکانی شەپقەکەی خۆی گرتووە و دەستەکانی دێنێ و دەبا. تەماشای بەڕێوەبەریشم کرد. زۆر بە سەنگینییەوە، بێ هیچ



Scanned by CamScanner

جووڵەیەکی نەگونجاو دەڕۆیشت. چەند دڵۆپە ئارەقەیێکی سەر هەنیەی دەبریقانەوە، بەڵام نەیدەسڕینەوە.

هەستم دەکرد جەنازەکە کەمێک خێراتر دەڕوات. لە تەنیشتەکانیشم هەمان دەشتی بریقەدار و پڕ لە خۆر بوو. ڕۆشنایی ئاسمان زۆر بەتین بوو و بەرگەی نەدەگیرا. چرکەیەک دواتر چووینە سەر بەشێکی ئەو ڕێگایە، کە تازە دروست کرابووەوە. خۆر قیری جادەکەی نەرم کردبۆوە. پێ لێی دەچووە خوارەوە و شوێنێکی کراوە و ڕووناکی بەجێ دەهێشت. لە سەرەوەی گالیسکەکە، شەپقەی شۆفێرەکە، کە لە چەرم بوو، توابووەوە، دەتگوت لە ناو ئەو قوڕە ڕەشەدا گوشراوە. لە نێوان شین و سپیی ئاسمان و هەمەچەشنیی ئەو ڕەنگانە، دیمەنی ڕەش و تینی بگری ئەم قیرە تواوەیە، ڕەشایی کاڵی جلوبەرگەکان، ڕەشایی بریسکەداری گالیسکەکە، تا ڕاددەیەک سەرم لێشێوابوو. لەگەڵ هەموو ئەمانەش، خۆر، بۆنی چەرم و ڕیخ، بۆنی ڕەنگ و بخوور، ماندوێتیی شەوێک بێداری، بیر و ڕوانینمیان دەشلەژاند. جارێکی دیکەش ئاوڕم دایەوە، پیرێز زۆر دوور بوو، لە ناو چڕەهەورێکی گەرمدا بزر ببوو، پاشان لێم ون بوو. بە وردی لێی گەڕام، بینیم ڕێگای بەجێ هێشتووە و ئەوەی ناو کێڵگەی گرتووە. منیش هەستم کرد جادەکە لە پێشم پێچ دەخواتەوە. ئەو کاتە تێگەیشتم کە پیرێز، چونکە ناوچەکە دەناسێ، بۆ



Scanned by CamScanner

ئەوەی پێمان بگات، ڕێگاکەی خۆی کورت دەکاتەوە. کە سووڕاینەوە، پێمان گەیشتبوو. دوایی بزرمان کردەوە. جارێکی دیکەش ڕێگای کێڵگەی گرتەوە. ئەمەش زۆر دووبارە بۆوە. منیش، هەستم دەکرد خوێن لە لاجانگەکانم ترپەی دێت.

پاشان، هەموو ئەم شتانە ئەمەندە بە پەلەپەل، بە شێوەیەکی دڵنیا و سروشتی تێپەڕین، هیچیم بە بیر نایەتەوە. تەنیا شتێک نەبێت: لە دەروازەی گوندەکە، پەرستارە نێردراوەکە قسەی لەگەڵ کردم. دەنگێکی ئەمەندە تایبەتی هەبوو، لەگەڵ ڕوخساری نەدەگونجا، دەنگێک خەمبار و لەرزۆک. پێی وتم: "ئەگەر لەسەرخۆ بڕۆین، ترسی خۆرلێدانمان هەیە. بەڵام ئەگەر خێراش بڕۆین، ئارەقە دەکەین و لە کڵێسا دووچاری ساردی و گەرمی دەبین". هێشتاش هەندێک دیمەنی ئەو ڕۆژەم لەبەرچاوە، بە نموونە سیمای پێرێز بۆ دوایەمین جار، کە لە نزیک گوند پێمان گەیشتەوە. دڵۆپی گەورەی فرمێسکی هەڵچوون و ئازار بە ڕوومەتیدا دەهاتنە خوارەوە. بەڵام لەبەر لۆچەکانی قەتیس مابوون. بەڵکو پەرت دەبوون و یەکیان دەگرتەوە و لەسەر ئەم ڕوخسارە تێکچووە گۆمە ئاوێکیان دروست دەکرد. بێجگە لەمانەش، کڵێسا و دێهاتییەکانی سەر شۆستە، گوڵی سووری سەر گۆڕەکان، بوورانەوەی پێرێز (دەتگوت بووکەشووشەیەکی



Scanned by CamScanner

لێکترازاوە)، خۆڵی ڕەنگخوێنین و تێکەڵ بە ڕیشاڵە سپییەکانی درەخت، کە دەخرایە سەر تابووتی دایە، هێشتاش جیهان، دەنگەکان، گوندەکە، چاوەڕێی بەردەم قاوەخانەیەک، گڕەگڕی نەپچڕاوی ماتۆڕ و خۆشبەختیم، کە ئۆتۆبووسەکە گەڕایەوە ناو هێلانەی ڕۆشنایی شاری جەزایر و بیرکردنەوەم کە دەچم بۆ ماوەی دوانزە کاژێر ڕادەکشێم و دەخەوم.



Scanned by CamScanner

# ٢

بەیانی کە بەخەبەر هاتم، تێگەیشتم بۆچی بەڕێوەبەری کارەکەم نیگەران بوو، کە داوای دوو ڕۆژ مەرەخەسم لێکرد، ئەمڕۆ شەممەیە. وەک ئەوەی لە بیرم کردبێت، بەڵام لەگەڵ هەڵسانەوەم ئەم بیرەم بە خەیاڵدا هاتەوە. زۆر بە سروشتی، بەڕێوەبەری کارەکەم بیری لەوە کردبووەوە کە بەم شێوەیە، لەگەڵ یەک شەممە چوار ڕۆژ حەسانەوەم دەبێت. ئەمەش ئاسوودەیی پێنەدەبەخشی. لە لایەک، گوناهی منی تێدا نییە کە دوێنێ دایکمیان لەجیاتیی ئەمڕۆ ناشت، لە لایەکی دیکە، لە هەموو حاڵەتێک من شەممە و یەک شەممەی خۆم دەبوو. لەگەڵ ئەمەش، بێگومان، ئەمە ڕێگام لێناگرێ لە بەڕێوەبەری کارەکەم نەگەم.



Scanned by CamScanner

لەبەر ماندووبوونی دوێنێم لە هەڵسانەوە ئازارم هەبوو. کە ڕیشم دەتاشی، لە خۆم دەپرسی ئەمڕۆ چی بکەم، دوایی بڕیارم دا بچم مەلە بکەم. بۆ چوونە مەلەوانگەی بەندەر تراموام گرت. لەوێ، خۆم نقومی ناو حەوز کرد. زۆر خەڵکی گەنجی لێبوو. لە ناو ئاوەکە "ماری کاردۆنا"م دۆزییەوە، پیتچینێکی کۆنی بیرۆکەم بوو. ئەو کاتە حەزم لێی دەکرد، وا هەست دەکەم ئەویش. بەڵام ئەو زوو ڕۆیشت، بۆیە بوارمان نەبوو. لە چوونە سەر یەکێک لە سەرئاوخەرەکان یارمەتیم دا، لەم بزووتنەوەیەدا بە ئاستەم مەمکەکانی لێم خشین. من هێشتا لە ناو ئاوەکە بووم، کە ئەو لەسەر سک لەسەرئاوخەرەکە درێژیش ببوو. بەرەو من خۆی وەرگێڕاند. چەند تاڵەقژێک کەوتبوونە سەر چاوەکانی و پێدەکەنی. خۆم خزاندە تەنیشت ئەو بۆ سەرئاوخەرەکە. هەواکەی دڵگیر بوو، وەک گاڵتەیەک لێگەڕام سەرم بۆ دواوە بچێت و ئینجا لەسەر سکی ئەوم دانا. ئەو هیچی نەوت منیش بەم چەشنە مامەوە. تەواوی ئاسمان لە ناو چاوەکانمدا بوو و ڕەنگێکی شین و زێڕینی هەبوو. لەژێر ملم، هەستم دەکرد سکی ماری بە هێمنی لێدەدا. خەواڵوو، بەم چەشنە لەسەر سەرئاوخەرەکە ماوەیەکی زۆر ماینەوە. کە خۆرەکەی توند کرد، خۆی نقومی ناو ئاوەکە کرد. منیش بە دوایدا چووم. خۆم گەیاندێ و دەستم لە کەمەری ئاڵاند و بە



Scanned by CamScanner

جووته مەلەمان کرد. هەردەم پێدەکەنی. کە لە لێواری ئاوەکە خۆمان وشک دەکردەوە، وتی: "من لە تۆ برۆنزی ترم." منیش داوام لێکرد ئێوارە پێکەوە بچینە سینەما. جارێکی دیکەش پێکەنی و پێی وتم کە حەز دەکات فیلمێکی فێرناندێل ببینێت. کە جلوبەرگی خۆمان پۆشییەوە، کە منی بە بۆینباغێکی ڕەش بینی، ڕەنگی پەڕی و پێی وتم ئایە پرسەدارم؟ منیش وتم دایکم مردووە. وەک ئەوەی بیەوێ بزانێ لە کەیەوە، وەڵامم دایەوە: "لە دوێنێوە." کەمێک چووە دواوە، بەڵام هیچی بەسەر خۆی نەهێنا. حەزم دەکرد پێی بڵێم کە گوناهی منی تێدا نییە، بەڵام بێدەنگ بووم، چونکە بە بیرم هاتەوە کە پێشتر هەمان شتم بە سەرکارەکەم وتبوو. ئەمە هیچ مانای نەبوو. لە هەموو حاڵەتێک، هەموومان کەمێک عەیبدارین.
ئێوارە، ماری هەموو شتێکی لە یاد چووبووەوە. هەندێجار فیلمەکە خەندەدار بوو، ئەوەی تریشی بە ڕاستی قۆڕ بوو. ماری چۆکی بە چۆکمەوە نووساندبوو، دەستم بە سینگیدا دەهێنا. نزیک کۆتایی فیلمەکە ماچم کرد، بەڵام بە نارێکی. کە دەرچووین، لەگەڵ من گەڕایەوە ماڵێ.
کە لە خەو هەڵسام، ماری ڕۆیشتبوو. پێشتر بۆی ڕوون کردبوومەوە کە دەبێ بچێتە لای پووری. بە بیرم هاتەوە کە ئەمڕۆ یەکشەممەیە و ئەمەش هەراسانم دەکات. حەز لە یەکشەممە ناکەم. بۆیە گەڕامەوە ناو جێگاکەم، لەسەر



Scanned by CamScanner

بالیفەکە لە بۆنی خوێناوی، کە قژی ماری بەجێی هێشتبوو دەگەڕام. تا سەعات دە نووستمەوە. پاشان هەر بە ڕاکشانەوە تا نیوەڕۆ جگەرەم کێشا. نەمدەویست هەروەکو جاران لە لای سێلێست فراقین بخۆم، چونکە بە دڵنیایەوە پرسیاریان لێدەکردم و منیش ئەمەم پێ خۆش نییە. کۆمەڵێک هێلکەم بۆ خۆم کوڵاند، لە ناو هەمان قاپ بەبێ نان خواردمن، چونکە نەمدەویست بۆ کڕینی دابەزم. پاش نانخواردن، کەمێک بێزار بووم و لە ناو ماڵەکە ئاوارە بووم. کە دایکم لێرە بوو، زۆر لەبار بوو. ئێستاش ئەم خانووە بۆ من گەلێک گەورەیە و دەبووایە مێزی ساڵۆنی نانخواردن بگوازمەوە ژوورەکەم. لەمەودوا تەنیا لە ناو ئەم ژوورەدا دەژیم، لە نێوان کورسییە حەسیرییە کەمێک چاڵەکان و ئەو دۆڵابە کە ئاوێنەکەی زەرد بووە و مێزی ئارایشت و تەختە مسەکە. ئەوانی دیکە گشتی فەرامۆش دەکەم. کەمێک دواتر، بۆ ئەوەی شتێک بکەم، کۆنە ڕۆژنامەیەکم گرت و دەستم کرد بە خوێندنەوەی. تێیدا ئاگادارییەکم دەربارەی خوێی "کرۆشن" لێکردەوە و لە لاپەڕەیەکی کۆنەدەفتەرێکم چەسپاند کە شتی سەرنجڕاکێشی ناو ڕۆژنامەکانی لێدادەنێم. پاشانیش دەستم شووشت و سەرەنجام چوومە بانیژەکە. ژوورەکەم دەڕوانێتە سەر شەقامی گشتیی گەڕەکەکە. پاش نیوەڕۆکەی دڵگیر بوو. لەگەڵ ئەمەش شۆستەکە



Scanned by CamScanner

چەور بوو، تاکوتەرا خەڵک بەڵام بەلەز هێشتا هەبوون. ئەمانەش بە پلەی یەکەم هەندێ خێزان بوون، کە دەچوونە پیاسە، دوو کوڕی بچکۆڵە بە جلوبەرگی دەریاوانییەوە، پانتۆڵ تا خوار ئەژنۆ، کەمێک نارەحەت لە ناو ئەم جلوبەرگە ڕەقە، کچێکی بچکۆڵە کە بۆینباغێکی گەورە لە شێوەی سوورەگوڵێک لە مل لەگەڵ دوو کەوشی ڕەقی بریقەدار. لە پشتیانەوە دایکێکی زۆر قەڵەو، لە ناو کراسێکی ئاوریشمیی قاوەیی، باوکیشیان، پیاوێکی گچکەی تا ڕادەیەک لاواز کە لە دوورەوە دەیناسم، شەپقەیەکی حەسیریی لەسەر بوو، بۆینباغێکی پەپوولەیی لە مل و گۆپاڵێکی لە دەست بوو. کە لەگەڵ ژنەکەی بینیم، تێگەیشتم بۆچی لە گەڕەکەکە، دەربارەی ئەو دەیانوت پیاوێکی بەڕێزە. کەمێک درەنگتر لاوانی گەڕەکەکە، پرچ چەورکراو و بۆینباغ سوور، چاکەت پڕ بە لەش، لەگەڵ گیرفانێکی ڕازێنراوە و پێڵاوی نووک پان، تێپەڕین، وا پێدەچوو بچنە سینەمای ناوەڕاستی شار. هەر لەبەر ئەمەش بوو بەم زووە دەرچوونە و بە خێرایی بەرەو تراموا دەڕۆن و بە دەنگی بەرز پێدەکەنین.

دوای ئەوان، جادە وردەوردە چۆڵ بوو. لەو باوەڕەدام لە هەموو لایەکەوە نمایش دەستی پێکردبوو. لە پشیلە و دوکانداران بەولاوە کەسی دیکە لە جادە نەبوو. ئاسمان ساماڵێکی بێبریقە بوو لەسەر دارهەنجیرەکانی لێواری



Scanned by CamScanner

جاده، لەسەر شۆستەی بەرانبەرم. جگەرەفرۆشەکە کورسییەکی دەرهێنا و لە پێش دوکانەکەی دانا و بە چەشنێک لەسەری دانیشت، کە هەردوو دەستی بکەوێتە سەر پشتی کورسییەکە. ئەو تراموایانەی ماوەیەک بەر لە ئێستا پڕ لە خەڵک بوون، تا ڕادەیەک کەسیان تێدا نەبوو. لە قاوەخانە گچکەکەی "لای پییرۆ"، تەنیشت دوکانی جگەرەفرۆشەکە، شاگردەکە هۆڵە چۆڵەکەی لە ئاردەدار پاک دەکردەوە. بە ڕاستی یەکشەممە بوو.

کورسییەکەم وەک جگەرەفرۆشەکە سووڕاندەوە، هەستم کرد ئەم چەشنە دانیشتنە ئاسوودەترە. دوو جگەرەم کێشا، چوومە ژوورەوە پارچە شۆکۆلاتەیەکم هێنا و گەڕامەوە بەر پەنجەرەکە بیخۆم. کەمێک دواتر ئاسمان تاریک داهات لەو باوەڕەدا بووم دەیکاتە گەواڵەیەکی هاوینی. لەگەڵ ئەمەش وردەوردە خۆشی کرد. بەڵام تێپەڕینی سێبەری پەڵەهەورەکان لەسەر جادە وەک بڵێی بارانی بەجێ هێشتبێت زیاتر تاریکی کردبوو. ماوەیەکی زۆر بە سەیرکردنی ئاسمان مامەوە.

سەعات پێنج، تراماوکان بە هەراوزەنا گەیشتن. کۆمەڵێک بینەرانی لە وەرزشگای لێواری شار دەهێنایەوە، کە وەک هێشوو لەسەر پەیژە و لێواری تراماوکە خۆیان گرتبوو. تراموکەی دوایی یاریکەرەکانی دەهێنایەوە، کە بە جانتا بچکۆلەکانیان ناسیمنەوە. پڕ بە سییەکانیان هاواریان



Scanned by CamScanner

دەکرد و گۆرانییان دەگوت کە قەت تیپەکەیان نادۆڕێنێ. هەندێکیان ئاماژەیان بۆ کردم. یەکێک بەرەو ڕووی من هاواری کرد: "لێمان بردنەوە" منیش بە سەرلەقاندنێکەوە وتم: "بەڵێ". لەو دەمەوە ئۆتۆبووسیش دەستی بە زۆربوون کرد.

ڕۆژەکە کەمێکی دیکە گۆڕانی تێکەوت. لە سەرەوەی ماڵان ئاسمان سوور بووەوە و لەگەڵ لە دایکبوونی ئێوارە جادەکانیش پڕبوونەوە لە خەڵک. پیاسەکەران کەم کەم دەهاتنەوە. پیاوە بەڕێزە ناوبراوەکەم لە نێو کۆمەڵێکی دیکەدا ناسییەوە. منداڵەکان دەگریان یان خۆیان لە ئەرز وەردەدا. نزیکەی لە هەمان کاتیش، سینەمای گەڕەک شەپۆلێک لە بینەرانی ڕژاندە ناو جادەکە. لە نێویاندا لاوەکان جووڵەیان لە جاران توندتر دەهاتە بەرچاو و هەستم دەکرد فیلمێکی پڕ لە ڕووداویان بینیووە. ئەوانەی لە سینەماکانی شار دەهاتنەوە، کەمێک درەنگتر دەگەیشتن. ئەوان هێشتا بە هورژمتر و گەرمتر دەهاتنە بەرچاو. پێدەکەنین، بەڵام، ناوەناوە ماندوو و سەر پڕلەخەون دەهاتنە بەرچاو. لە ناو جادەکە مانەوە، لەسەر شۆستەکەی بەرانبەر دەهاتن و دەچوون. کچە جوانکیلە قژ درێژەکانی گەڕەکیش قۆڵی یەکیان گرتبوو. کوڕە لاوەکانیش وا هەڵکەوتبوون تا ڕووبەڕوویان ببنەوە، ئینجا شۆخییان لەگەڵ دەکردن و ئەوانیش وێڕای



Scanned by CamScanner

ئاوڕدانەوە پێدەکەنین. گەلێکیان کە دەمناسین، سەر و دەستیان بۆ لەقاندم.
لەناکاو چراکانی شەقام هەڵبوون و هەڵکشانی یەکەم ئەستێرەی شەویان سیس کردەوە. هەستم کرد چاوەکانم ماندوو بوونە ئەوەندەی بڕوانمە شۆستەی پڕ لە ڕووناکی و خەڵک. شۆستە چەورەکە لەبەر ڕووناکیی چراکان بریقەی دەداوە، تراموا‌کانیش کە لە کاتی خۆیان تێدەپەڕین، ڕۆشنایی خۆیان دەخستە سەر قژی بریقەدار، خەندەیەک یان بازنێکی زیوین. درەنگتر، لەگەڵ کەمبوونەوەی تراموا و ڕەشتربوونی شەو لە بندرەخت و چراکان، گەڕەک بە هێمنی چۆڵ بوو، تا وای لێهات یەکەم پشیلە لەسەرخۆ بە شەقامی سەرلەنوێ چۆڵدا تێپەڕییەوە. ئەو کاتە بیرم کردەوە کە دەبێ نان بخۆم. چونکە ماوەیەکی زۆر خۆم بە پشتی کورسییەکە ڕاگرتبوو، لە ملم کەمێک ئازارم هەبوو. بۆ کڕینی نان و سپەگێتی دابەزیم، خواردنی خۆم ئامادە کرد و هەر بە پێوەش خواردم. ویستم جگەرەیەکی دیکە لەبەر پەنجەرەکە بکێشم، بەڵام لەبەر ئەوەی نەختێک فێنکی کردبوو، کەمێک هەستم بە سەرما کرد. پەنجەرەکانم داخستن و لە گەڕانەوە لە ئاوێنەکەدا لایەکی مێزەکەم بینی کە چرا زەیتی و لە تەنیشتیشی هەندێ ورتکەنانی لەسەر بوو. لە دڵی خۆمدا وتم ئەم یەکشەممەش وەک گشت



Scanned by CamScanner

یەکشەممەکانی دیکە تێپەڕی و ئێستاش دایکم نێژراوە و بەیانیش دووبارە دەست بە کار دەکەمەوە، بە گشتی شتێک نەگۆڕاوە.



Scanned by CamScanner

# ٣

ئەمڕۆ لە بیرۆ زۆر کارم کرد. بەڕێوەبەری کار دڵگیر بوو. داوای لێکردم ئایا زۆر ماندوو نیم، هەروەها ویستی تەمەنی دایکم بزانێ. بۆ ئەوەی بە هەڵەدا نەچم، وتم "شەست ساڵێک"، نازانم بۆچی شێوەیەکی هێمنی بە خۆیەوە گرت و ئەم مەسەلەیەشی وەک کارێکی تەواوبوو وەرگرت.

دەستەیەک دۆسیەی زۆر لەسەر مێزەکەم کۆ ببۆوە و دەبووایە هەموویان بپشکنم. پێش ئەوەی بیرۆ بەجێ بهێڵم و بۆ فراڤین بچم، دەستم شووشت. نیوەڕۆیان، زۆر حەز لەم ساتانە دەکەم. ئێواران کەمتر چێژی لێوەردەگرم، لەبەر ئەوەی ئەو دەستەسڕەی دایدەنێن، تەواو شێدارە، چونکە بە درێژایی ڕۆژ بەکار هاتووە. ڕۆژێک ئەمەم بۆ بەڕێوەبەری کار باس کرد. وتی "شوێنی داخە، بەڵام لەگەڵ ئەمەش شتێکی زۆر گرینگ نییە". کەمێک لە جاران



Scanned by CamScanner

درەنگتر، سەعات دوانزەونیو لەگەڵ ئیمانۆییل کە لە بواری ناردن کار دەکات، دەرچووم. بیرۆیەکەمان دەڕوانێتە سەر دەریا، بۆ چرکەیەک لە کەشتییە بارییەکانی دەربەندی سووتاوی بەر هەتاو بێخەبەر بووین. لەو دەمە، لەناکاو کامیۆنێک بە ناو لێکدانی زنجیر و تەقەتەقدا گەیشت. ئیمانۆییل وتی: "چۆنە ئەگەر بۆی بچین"، منیش بە دوایدا ڕام کرد. کامیۆن بەجێی هێشتین، ئێمەش بە دوایدا چووین. لە ناو دەنگ و هەرا و تۆزدا بزر ببووم. هیچم نەدەبینی و هەستم بە هیچ نەدەکرد، تەنیا ئەو بەتاوڕاکردنە نارێکەی خۆم نەبێت، کە لە نێوان ئەو کرێن و ماشێن و ئەستوندی کەشتییانەدا کە لە ئاسۆ سەمایان دەکرد و تەنکێشی کەشتییەکان کە بە لایاندا تێدەپەڕین. سەرەتا من پێی گەیشتم و خۆم هەڵدایە سەری. پاشان یارمەتی ئیمانۆییلم دا سوار بێت، پشوومان هاتەوە بەر و کامیۆنیش لەسەر لێوارە نارێکەکەی دەریا لە نێو تۆز و گەرمایی بازی دەدا، وێڕای هەناسەبڕکێ ئیمانۆییل پێدەکەنی.
کە گەیشتینە خواردنگەکەی "سێلێست"، هەموو گیانمان ئارەقە بوو. ئەویش هەروەکو جاران بە خۆیی و ورگی گەورە و بەروانکە و سمێڵە سپییەکەیەوە لەوێ بوو. لێی پرسیم ئایا "لەگەڵ ئەمەش وەزعم باشە". وتم بەڵێ، هەستیش بە برسێتی دەکەم. بە خێرایی نانم خوارد و



Scanned by CamScanner

قاوەیەکم بەسەردا کرد. پاشان، گەڕامەوە ماڵەوە و کەمێک نووستم، چونکە زۆرم شەراب خواردبۆوە. لەگەڵ بەخەبەرهاتن حەزم چووە جگەرەکێشان. بۆ ئەوەی بە تراموا بگەم، ڕام کرد، چونکە درەنگ بوو. بە درێژایی پاش نیوەڕۆکە کارم کرد. لە بیرۆ هەواکەی زۆر گەرم بوو، لە کاتی دەرچوون زۆر بەختەوەر بووم، بە پێ، بە هێمنی بە درێژایی لێواری دەریا گەڕامەوە. ئاسمان کەسک بوو، هەستم دەکرد دڵم خۆشە. لەگەڵ ئەمەش ڕاستەوخۆ گەڕامەوە ماڵەوە، چونکە دەمویست پەتاتەی کوڵاو بۆ خۆم ئامادە بکەم.

کە بە پلیکانە تاریکەکەدا سەردەکەوتم، تووشی "سالامانۆ"ی پیر بووم، سالامانۆ هاوسێمە و لە هەمان نهۆمی منە. لەگەڵ سەگەکەی بوو. ئەمە هەشت ساڵە بەیەکەوە لەگەڵ سەگەکەی دەبینرێن. ئەم سەگە نەخۆشییەکی پێستی هەیە، لەو بڕوایەدام گوورووییە، چونکە نزیکەی تەواوی لەشی ڕووتاندۆتەوە و پێستی بە پەڵە و توێکڵی قاوەیی داپۆشیووە. لە ئەنجامی پێکەوەژیان، تەنیا بە جووتە لە ژوورێکی بچکۆلەدا، سالامانۆی پیر وای لێهاتووە بەو بچێت. کۆمەڵێک توێژی مەیلەوسووری لەسەر ڕوخسارە و هەندێ مووی زەردیشی هەیە. هەرچی سەگەکەیە، شێوە ڕۆیشتنی کۆماوەی سالامانۆی وەرگرتبوو، لووت بۆ پێشەوە و



Scanned by CamScanner

ملڕاکشاو، دەتگوت لە یەک نەژادن، کەچی ڕقیان لە یەکتری دەبۆوە. ڕۆژێ دوو جار، سەعات یانزەی بەیانی و سەعات شەشی ئێوارە، پیرەمێرد سەگەکەی دەباتە پیاسە. هەشت ساڵە ڕێگای پیاسەکردنەکەیان نەگۆڕیووە. بە درێژایی شەقامی لیۆن دەبینرێن. سەگەکە ئەمەندە ڕایدەکێشێ، تا سالامانۆ تووڕە دەکا. ئەو کاتە ئەویش لە سەگەکەی دەدا و نەفرەتی لێدەکا. سەگەکە لە ترسان زەندەقی دەچێ و کوڵ دەدا. لەم کاتەدا، نۆرەی پیرەمێردە سەگەکە بە دوای خۆیدا ڕابکێشێ. کە سەگەکەش لە بیری دەچێتەوە، سەرلەنوێ پیرەمێردی خاوەنی ڕادەکێشێتەوە و جارێکی دیکەش پێیدەکەوێ و نەفرەتی لێدەکرێ. ئینجا هەردووکیان لەسەر شۆستەکە دەوەستن و تەماشای یەکتر دەکەن، سەگەکە بە تۆقینەوە و کابراش بە ڕقەوە. ئیتر هەموو ڕۆژێک بەم جۆرەیە. کە سەگەکە دەیەوێ میز بکات، پێش ئەوەی میزەکەی تەواو بکات، پیرەمێرد ڕایدەکێشێت. بەم جۆرە ڕیزێک دڵۆپی بچووک لە دوای خۆی بەجێ دەهێڵێ. ئەگەر بە ڕێکەوت سەگەکە میز لە ژوورەکە بکا، ئەوا جارێکی تریش لێی دەدرێ. هەشت ساڵە ئەمە دووبارە دەبێتەوە. سێلێست هەمیشە دەڵێ "ئەمە بەدبەختییە"، بەڵام ئەوەی ڕاستی بێت، کەس ناتوانێ بزانێ. کە لە ناو پلیکانەکە تووشی بووم، سالامانۆ خەریکی نەفرەتکردنی سەگەکەی بوو. پێی دەگوت: "پیس!



Scanned by CamScanner

بۆگەن!"، ئەویش دەنووزایەوە. وتم: "ئێوارەباش"، بەلام پیرەمێرد بەردەوام بوو لە نەفرەتکردنەکەی. ئەو کاتە لێم پرسی ئەم سەگە چی لەو کردووە. وەڵامی نەدامەوە. تەنیا دەیگوت "پیس! بۆگەن!". خەیاڵم بۆ ئەوە چوو پیرەمێرد خۆی بۆ سەر سەگەکە خوار کردبۆوە، شتێکی لەسەر پەتەکەی ڕێک دەخست. بە دەنگی بەرزتر قسەم کرد. جا بێ ئەوەی خۆی بسوورێنێتەوە، بە چەشنە تووڕەییەک وەڵامی دامەوە و وتی: "ئەو هەمیشە لێرەیە." پاشان ڕۆیشت و سەگەکەشی لەسەر چوارپەل لە دوای خۆی ڕادەکێشا و ئەویش دەکرووزایەوە.

لەم کاتەش دووەم هاوسێم کە لە هەمان نهۆمدایە، وەک من هاتەوە. لە گەڕەک وا باوە گوایە لەسەر ژنان دەژیێت. کاتێک کە لێی دەپرسن کاری چییە، دەڵێ: بە گشتی سەرنجڕاکێش نییە. بەڵام گەلێجار قسەم لەگەڵ دەکات، هەندێ جاریش سەرم لێدەدا و کەمێک لە لام دادەنیشێ، چونکە من گوێی لێدەگرم. هەست دەکەم ئەوەی دەیڵێ، سەرنجڕاکێشە. لە لایەکی دیکە، هیچ هۆیەک نادۆزمەوە قسەی لەگەڵ نەکەم. ناوی ڕایمۆند سانتێزە. تا ڕادەیەک بچووکە و دوو شانی پانوبەرین و لووتێکی وەک بۆکسوەشێنەکانی هەیە. هەمیشە بە ڕێکی خۆی پۆشیووە. ئەویش وێڕای قسەکردن دەربارەی سالامانۆ وتی: "ئەگەر



Scanned by CamScanner

ئەم كەسە بەدبەخت نەبێ!" لێی پرسیم ئایە بێزم لێی نابێتەوە منیش وەڵامم داوە نەخێر.
سەرکەوتین و خەریک بوو بەجێم دەهێشت، پێی وتم: "لە ژوورەکەم باسترمە و شەرابم هەیە. حەز دەکەن کەمێکم لەگەڵ بخۆن...؟" بیرم کردەوە ئەم داوەتە لە خواردن ئامادەکردن ڕزگارم دەکات، بۆیە قبوڵم کرد. ئەویش تەنیا ژوورێک لەگەڵ چێشتخانەیەکی بێپەنجەرەی هەیە. لە سەرەوەی تەختەکەی، پەیکەری فریشتەیەک لە مەڕمەڕی سپی و سوور، وێنەی چەند پاڵەوانێک و دوو یان سێ وێنەی ژنی ڕووتیشی هەبوو. ژوورەکە پیس و تەختەکەش نارێک بوو. سەرەتا چرا نەوتییەکەی داگیرساند، پاشان پارچەپەڕۆیەکی زۆر پیسی لە گیرفانی دەرهێنا و دەستی ڕاستی پێبەستەوە. پێمگوت چییەتی. گوتی دەمەقاڵێی لەگەڵ یەکێک هەبووە، کە شەڕی پێفرۆشتووە.
وتی گوێت لێیە مسیۆ مورسۆ، مەسەلەکە ئەوە نییە من شەڕەنگێز بم، بەڵکو زۆر هەستیارم. ئەوەی تر پێی وتم: "ئەگەر پیاوی، لە تراموا‌کە دابەزە." منیش پێم وت: "دەی، هێمن بەرەوە". پێی وتم من پیاو نیم. ئەو کاتە دابەزیم و داوام لێکرد و وتم: "بێدەنگ بە بۆ خۆت باشترە، ئەگینا ئێستا دەتتۆپێنم" وەڵامی دامەوە: "بە چی؟" ئەو کاتە مستێکم لێدا. کەوت، ڕۆیشتم دووبارە بەرزی بکەمەوە،



Scanned by CamScanner

بەڵام، هەر لە زەوییەوە چەند پیلاقەیەکی لیدام. ئینجا منیش پیلاقەیەک و دوو شەقازللەم لیدا. ڕوخساری بە خوێن داهات. پێیم وت ئایا هەقی خۆی وەرگرت. وتی: "بەڵێ." بە درێژایی ئەو هەموو ماوەیە، سانتێز خەریکی ڕێکخستنی پەڕۆیەکە بوو، کە دەستی پێدەبەستەوە. لەسەر تەختەکە دانیشتبووم، گوتی: "دەبینی من لەم دەمەقاڵێیە نەگەڕاوم. خەتای ئەو بوو." ئەمە ڕاست بوو، منیش دانم پێدا هێنا. دروست ئەو کاتە پێی گوتم دەیەوێ لەم بارەیەوە ڕاوێژم پێبکات، کە من، گوایە پیاوم و دونیام بینیووە، دەتوانم یارمەتیی بدەم و دوایش دەبێتە هاوڕێم. من هیچم نەگوت. جارێکی دیکە داوای لێکردم ئایە دەمەوێ ببمە هاوڕێی. وەڵامم دایەوە بوون و نەبوونی بە لای منەوە وەک یەکە: ئەو کاتە دڵخۆش دەهاتە بەرچاو. باسترمەی دەرهێنا، لە ناو تاوە سووری کردەوە، پاشان پەرداخ و فەخفوری و چەقۆ و چەتاڵ و دوو شووشە شەرابیشی دانا. هەموو ئەمانە لە ناو بێدەنگی. پاشان دانیشتن. وێڕای خواردن، کەوتە گێڕانەوەی مێژووی خۆی. سەرەتا کەمێک دوودڵ بوو. "ژنێکم ناسی... دەتوانم بڵێم دۆستم بوو." ئەو پیاوەی لەگەڵی بەشەڕ هاتبوو، برای ئەم ژنە بوو. وتی پەیوەندیم لەگەڵی هەبووە. من هیچ وەڵامم نەدایەوە، کەچی درێژەی بە قسەی خۆی دا و یەکسەر وتی ئەو شتانەی لە گەڕەک دەربارەی ئەو



Scanned by CamScanner

دەیڵێن، دەیزانی، بەڵام ئەو بۆ خۆی هۆشیارە و خۆشی کارەکەی بەرپرسی کۆگایە.
پێی وتم "بۆ ئەوەی کۆتایی بە مەسەلەی من بهێنین، هەستم کرد فریودانێک لە ئارادایە." پێویستیی ئەم ژنەی دابین دەکرد. کرێی ژوورەکەی بۆ دەدا و هەر ڕۆژەش بیست فرەنکی بۆ خۆراک دەداین. "سێسەد فرەنکی ژوور، شەشسەد فرەنکی خۆراک. ناوناوەش جووتێک گۆرەوی، دەکاتە هەزار فرەنک. خانمیش کاری نەدەکرد. بەڵام دروست پێی دەوتم لەگەڵ ئەوەی من دەیدەمێ، پێی ناگاتە سەر. کەچی من پێم دەگوت: "بۆچی نیودانە ڕۆژ کار ناکەیت؟ بۆ هەموو ئەم شتە بچووکانە بارم سووک دەکەیت. ئەم مانگە دەستێک جلوبەرگم بۆ کڕیوی، هەموو ڕۆژ بیست فرەنکت دەدەمێ، کرێی خانووت بۆ دەدەم، تۆش، تۆش بۆ خۆت پاشنیوەڕۆیان لەگەڵ هاوڕێکانت قاوە دەخۆنەوە. تۆ قاوە و شەکریان دەدەیێ، منیش پارە دەدەمە تۆ. من باش لەگەڵ تۆ ڕەفتارم کردووە، بەڵام تۆ بە خراپە دەمدەیتەوە. "بەڵام تێری نەدەکرد، هەمیشە دەیگوت بەمەندە ناگەمە سەر و ئیتر بەم شێوە بوو کە هەستم کرد فریوودانێک لەگۆڕێدایە."
ئینجا ڕایمۆند بۆی گێڕامەوە کە لە ناو جانتاکەی بلیتێکی (لۆتۆ)ی دۆزیتەوە نەیتوانیوە بۆی لێک بداتەوە چۆن کڕیویە. دواتر، لە ماڵەکەی (نیشانەیەکی) بانکی بینیووە،



Scanned by CamScanner

که بەڵگەی ئەوە بووە دوو بازنی بە ڕادان داوە. تا ئێرە، ڕایمۆند ئاگای لە بوونی ئەم بازنانە نەبووە. (بە دڵنیاییەوە هەستم کرد فریوودانێک لەئارادایە. ئەو کاتە بەجێم هێشت. بەڵام سەرەتا لێم دا. پاشانیش، ڕاستیەکانیم پێگوت. پێم گوت هەموو ئەو شتانەی کە دەیویست، بریتی بوو لە سەرگەرمکردن بە شتەکانی. هەروەها پێیم گوت، گوێت لێیە مسیۆ مورسۆ: "تۆ هەست ناکەی کە جیهان بەرانبەر بەو بەختەوەرییەی من بۆتی دابین دەکەم، دڵپیسە. پاشان نرخی ئەم بەختەوەرییە دەزانی کە هەتبوو."

ڕایمۆند ئەمەندەی لێدا بوو، تا خوێنی لێهاتبوو. پێشتر لێی نەدەدا. "لێم دەدا، بەڵام دەتوانم بڵێم بە ناسکی. کەمێک هاواری دەکرد. پەنجەرەکانم دادەخست و هەروەکو جاران تەواو دەبوو. بەڵام ئێستا، مەسەلەکە زۆر جیدییە. لە لایەن خۆمەوە، هەست دەکەم باش سزام نەداوە."

ئەو کاتە ڕایمۆند بۆی ڕوون کردمەوە، کە بۆ ئەمە بوو پێویستی بە ڕاوێژی من هەبوو. بۆ ئەوەی فتیلەی چراکەی چاک بکاتەوە، کە دووکەڵی دەکرد، وەستا. منیش بەردەوام گوێم لێی دەگرت. نزیکەی لیترێک شەرابم خواردبۆوە و لە لاجانگەکانم هەستم بە گەرماییەکی زۆر دەکرد. جگەرەی ڕایمۆندم دەکێشا، چونکە خۆم نەممابوو. دواترامو تێدەپەڕین و لەگەڵ خۆیان ئەو دەنگ و



Scanned by CamScanner

هەرایەیان دەبرد، کە ئێستا دوورن لە گەڕەک. ڕایمۆند درێژەی پێدا. ئەوەی هەراسانی دەکرد، "ئەوە بوو هێشتا عاتیفەی بۆی هەبوو." بەڵام لەگەڵ ئەمەش دەیویست سزای بدات. سەرەتا بیری کردبۆوە بیباتە هۆتێلێک و بانگی پاسەوانان بکات تا گەڕەلاوژەیەک بخولقێنێ بە ڕەسمی ڕیسوای بکەن. پاشان هانای بردبووە لای هاوڕێکانی کە لەم بارەیەوە شت دەزانن، بەڵام هیچ شتێکیان بە خەیاڵدا نەهاتبوو. ڕایمۆند دەیویست هەستی پێبکەم، کە ئەوە دەهێنێ لە ناو ئەو برادەرانە بێت. پێیانی وتبوو و ئەوانیش پێشنیازی ئەوەیان کردبوو "نیشانە"ی بکات. بەڵام ئەوە نەبوو کە ئەم دەیویست، بۆیە دەبووایە بیر بکاتەوە. پێشتریش دەیویست داوای شتێکم لێبکات. لە لایەکی دیکە، پێش ئەوەی داوام لێبکات، دەیویست بزانێ چۆن ئەم مەسەلەیە هەڵدەسەنگێنم. وتم هیچ بیری لێناکەمەوە، بەڵام هەست دەکەم سەرنجڕاکێشە. داوای لێکردم ئایە هەست دەکەم کە فریوودانێکی تێدایە؟ منیش بێگومان هەستم دەکرد فریوودانێکی تێدایە، یان ئایە بە پێویستی دەزانم سزا بدرێت؟ منیش لە شوێنی ئەو بام، هەمان شتم دەکرد، پێیم گوت قەت ناتوانین بزانین، بەڵام تێدەگەیشتم کە ئەو دەیەوێ سزای بدات. هێشتاش کەمێکی تر شەرابم خواردەوە. جگەرەیەکی پێکرد و بیری شاراوەی خۆی بۆ باس کردم. دەیویست نامەیەکی بۆ



Scanned by CamScanner

بنووسێ "پڕ له سه‌ره سم و له هه‌مان کات هه‌ندێ شت که په‌شیمانی بکاته‌وه." پاشان، کاتێ که دێته‌وه، له‌گه‌ڵی بخه‌وێ و "دروست له کاتی ته‌واو بوون" تف له ڕوخساری بکات و به ده‌ره‌وه‌ی بنێ. له ڕاستیدا هه‌ستم کرد، به‌م شێوه سزای خۆی وه‌رده‌گرێ. به‌ڵام ڕایمۆند پێی وتم له توانایدا نییه ئه‌م نامه‌یه بنوسێ، له‌به‌ر ئه‌وه بیری له من کردۆته‌وه بۆی بنووسم. چونکه من هیچم نه‌ده‌گوت، پێی وتم ئایه بۆ من زه‌حمه‌تی دروست ده‌کات ئه‌گه‌ر ئێستا بۆی بنووسم؟ منیش وه‌ڵامم دایه‌وه نه‌خێر.

ئینجا دوای ئه‌وه‌ی په‌رداخێک شه‌رابی خوارده‌وه، هه‌ڵساوه. ئه‌و فه‌خفوری و که‌مه باسترمه سارده‌ی که به‌جێمان هێشتبوو، خسته لایه‌ک. به وردی سه‌رمێزه مشه‌مماکه‌ی سڕییه‌وه. له چه‌کمه‌جه‌ی مێزی شه‌وی په‌ڕه‌یه‌کی نه‌خشێنراو به هێڵکاری چوارگۆشه‌یی ده‌رهێنا، زه‌رفێکی زه‌رد، قه‌ڵه‌مدانێکی بچووک له داری سوور و مه‌ره‌که‌بدانێکی چوارگۆشه‌یی پڕ له مه‌ره‌که‌بی مۆر. که ناوی ژنه‌که‌ی پێ وتم، بینیم خه‌ڵکی ڕه‌سه‌نی ناوچه‌که‌یه. نامه‌که‌م نووسی. که‌مێک له گۆتره نامه‌که‌م نووسی، به‌ڵام به پێویستم زانی ڕایمۆند ڕازی بکه‌م، چونکه هیچ هۆیه‌کم نه‌بوو ئه‌و ناڕازی بکه‌م. پاشان به ده‌نگی به‌رز نامه‌که‌م خوێنده‌وه. وێڕای جگه‌ره‌کێشان و سه‌رله‌قاندنه‌وه گوێی لێگرتم، دوایی داوای لێکردم دیسان بۆی بخوێنمه‌وه. به



Scanned by CamScanner

تەواوی دڵخۆش بوو. پێی وتم: "باشم دەزانی کە تۆ ژیان باش دەناسی." سەرەتا ئاگادار نەبووم کە بە تۆ تۆ قسەم لەگەڵ دەکات. تەنیا ئەو کاتە هەستم پێکرد کە وتی: "ئێستا، تۆ هاوڕێیەکی ڕاستەقینەیت." ئەمەشم پێ سەرسووڕهێنەر بوو. ڕستەکەی دووبارە کردەوە و منیش وتم: "بەڵێ." بۆ من جیاوازی نەبوو هاوڕێی بم یان نا. بەڵام ئەو بە ڕاستی دەهاتە بەرچاو کە حەزی لێبێت. نامەکەی داخست و شەرابەکەمان تەواو کرد. پاشان کەمێک بەدەم جگەرەکێشانەوە بێدەنگ ماینەوە. دەرەوە تەواو ئارام بوو، گوێمان لەو ئۆتۆمبێلانە دەبوون، کە تێدەپەڕین. وتم :"درەنگە." ڕایمۆندیش وای بۆ دەچوو. تێبینیی ئەوەی کرد کە وەخت خێرا دەڕوات، لە ڕوانگەیەکەوە ڕاستی دەکرد. خەواڵوو بووم، بەڵام ئازارم هەبوو هەڵسمەوە. وا پێدەچێ ماندوو بووبم، چونکە ڕایمۆند پێی وتم دەبێ ئاگاداری خۆم بم. سەرەتا، تێنەگەیشتم. دوایی بۆی ڕوون کردمەوە کە مەرگی دایکمی بیستبوو، بەڵام ئەمە شتێکە دەبێ ئەمڕۆ نا سبەی بگات. هەڵبەت ڕای منیش بوو.
هەڵسامەوە، ڕایمۆند توند دەستی گوشیم و وتی مرۆیەکان لە نێوان خۆیاندا هەمیشە تێک دەگەن. کە لە لای ئەو دەرچووم، دەرگام داخستەوە و لە داڵانەکە دەمێک لە ناو تاریکییەکە مامەوە. ماڵەوە هێمن بوو و لە



Scanned by CamScanner

قووڵایی پلیکانەکە کزەبایەکی تاریک و شێدار سەردەکەوت. بێجگە لە ترپەی خوێن کە لە ناو گوێیەکانم دەنگی دەدایەوە، هیچی دیکەم نەدەبیست. بێجووڵە مامەوە. بەڵام لە ژوورەکەی پیرە سالامانۆ نووزەی سەگەکەی بە کپی هات.



Scanned by CamScanner

# ٤

تەواوی هەفتە باش کارم کرد، ڕایمۆند هات و پێی وتم نامەکەی ناردووە. دوو جاران لەگەڵ ئیمانۆییل چوومەتە سینەما، هەردەم ئەوەی لەسەر شاشە ڕوو دەدات تێی ناگات. ئەو کاتە پێویستە بۆی ڕوون بکرێتەوە. دوێنێ، شەممە بوو و هەروەکو لەسەری ڕێک کەوتبووین، ماری هاتبوو. زۆر حەزم لێی کرد، چونکە کراسێکی جوانی خەتخەتی سوور و سپیی پۆشیبوو، لەگەڵ پێڵاوێکی چەرمی پەنجەرەدار، لەژێر کراسەکەوە مەمکە سرکەکانی دیار بوون و ڕەنگی خۆریش دیمەنێکی گوڵینی دابووە ڕوخساری. ئۆتۆبووسمان گرت و چەند کیلۆمەترێک لە شاری جەزایر دوور کەوتینەوە، لەسەر پانتاییەکی تەسکی لێوار دەریا کە لە نێوان تاشەبەرد و قامیشەڵانێک کەوتبووە لای وشکایی، ماینەوە. خۆری سەعات چوار زۆر گەرم نەبوو، بەڵام ئاوەکە لەگەڵ وردەشەپۆلە درێژ و تەمبەڵەکانی شیرتێن بوو. ماری وازییەکی فێر کردم،



Scanned by CamScanner

دەبووایە، وێڕای مەلەکردن، ئاوی لووتکەی شەپۆلەکان بخۆینەوە، تەواوی کەفەکە لە دەم کۆ بکرێتەوە پاشان بکەوینە سەر پشت و تێی هەڵدەینەوە. ئەمەش وەک کەفێکی ناسک لە هەوا بزر دەبوو، یانیش وەک بارانێکی شیرتێن دەکەوتە سەر ڕوخسار. بەڵام دوای ماوەیەک، تەواوی دەمم لەبەر سوێریی خوێ سووتابووەوە. ماری خۆی گەیاندە من و لە ناو ئاوەکە خۆی پێوە نووساندم. دەمی خستە سەر دەمم. زمانی لێوەکانمی فێنک دەکردەوە و ماوەیەک لە ناو شەپۆلەکان بەم چەشنە خۆمان غلۆر کردەوە.

کە لە کەنار دەریاکە جلوبەرگی خۆمان پۆشییەوە، ماری بە چاوە بریسکەدارەکانی سەیری دەکردم. ماچم کرد. ئیتر لەمەودوا چیتر قسەمان نەکرد. توند بە خۆمەوە گرتبووم و پەلەمان بوو ئۆتۆبووسێک بدۆزینەوە، تا بگەڕێینەوە لای من و خۆمان هەڵدەینە ناو جێگاکە. پەنجەرەکەم بە کراوەیی بەجێ هێشتبوو و زۆریش دڵرفێن بوو هەست بکەیت شەوی هاوین بەسەر لەشی برۆنزیماندا بخزێ.

ئەم بەیانییە، ماری ماوە و منیش پێیم گوت بە یەکەوە نان دەخۆین، بۆ کڕینی گۆشت دابەزیم. لە سەرکەوتنەوەم گوێم لە دەنگی ژنێک بوو، کە لە ژووری ڕایمۆندەوە دەهات. کەمێک دواتر، سالامانۆی پیر هەڕەشەی لە



Scanned by CamScanner

سەگەکەی کرد، گوێمان لە دەنگی کەوشی سالامانۆ و چوارپەلی سەگەکە بوو، کە دەکەوتنە سەر پایە دارەکانی پەیژەکە، دوایش: "پیس! بۆگەن!"، بۆ سەر شەقامەکە دەرچوون. مەسەلەی ئەم پیرەم بۆ ماری گێڕایەوە، ئەویش زۆر پێکەنی. ماری یەکێک لە پێجامەکانی منی لەبەر کردبوو و قۆڵەکانیشی هەڵکردبوو. کاتێ کە پێکەنی، دیسان حەزم چوویێ. ساتێک دواتر، داوای لێکردم ئایا خۆشم دەوێ؟ منیش وەڵامم دایەوە ئەمە هیچ مانایەک ناگەیەنێ، بەڵام وا هەست دەکەم نەخێر. خەمبار دەهاتە بەرچاو. بەڵام لە کاتی ئامادەکردنی خواردن بێ ئەوەی شتێک هەبێت بۆ گفتوگۆ، جارێکی دیکەش بە چەشنێکی وا پێکەنی، سەرەنجام ماچم کرد. هەر لەو دەمەش دەنگ و هەرای دەمەقاڵێ لە ژوورەکەی ڕایمۆند بەرز بۆوە.

سەرەتا گوێمان لە دەنگێکی تیژی ژنێک بوو و پاشان دەنگی ڕایمۆند کە هاواری دەکرد:"تۆ فریووت دام. ئێستا فێرت دەکەم فریووم بدەی." چەند دەنگێکی کپ، ئینجا ژنەکە هاواری کرد، بەڵام بە چەشنێکی تۆقێنەری وا، یەکسەر دالانەکە پڕ لە خەڵک بوو. من و ماریش دەرچووین. چونکە بەردەوام هاواری دەکرد و ڕایمۆندیش بەردەوام لێی دەدا. ماری وتی ئەمە زۆر تۆقێنەرە، من هیچ وەڵامم نەداوە. داوای لێکردم بچم پۆلیسێک بهێنم، بەڵام وتم حەز لە پۆلیس ناکەم. کەچی پۆلیسێک بە هۆی



Scanned by CamScanner

کریچییەکی نهۆمی دووەم کە بۆریچییە، گەیشت. لە دەرگای دا و چیتر هیچمان نەبیستەوە. پۆلیسەکە بەهێزتر لە دەرگای دا، دوای چەند ساتێک، ژنەکە کەوتەوە گریان و ڕایمۆندیش دەرگای کردەوە. جگەرەیەکی لە دەم بوو و شێوەیەکی هێمنی هەبوو. ژنەکە بۆ لای دەرگا ڕای کرد و بە پۆلیسەکەی گوت ڕایمۆند لێی داوە. پۆلیسەکە گوتی "ناوت،" ڕایمۆند وەڵامی دایەوە. جارێکی دیکە پۆلیسەکە گوتی: "کە قسەم لەگەڵ دەکەی، جگەرەکە لە دەمت لابە." ڕایمۆند کەمێک دوودڵ بوو، سەیرێکی کردم و جگەرەکەی لە ناو دەمی هێشتەوە. لەم ساتەدا پۆلیسەکە شەقازللەیەکی پڕ بە دەست و گران و "ئەستووری لە ڕوومەتی دا. جگەرەکە پەڕی و چەند مەترێک لەولاتر کەوت. ڕایمۆند ڕەنگی گۆڕا، بەڵام لەم ساتەدا هیچی نەوت و پاشان بە دەنگێکی نەرم و لەسەرخۆ وتی ئایە دەتوانێت جگەرەکەی هەڵگرێتەوە؟ پۆلیسەکەش وتی دەتوانێ، هەروەها وتی "بەڵام بۆ جارێکی دیکە، دەبێ بزانیت کە پۆلیس لێبووک نییە." لەم ماوەیەش، چونکە دەگریا و دووبارەی کردەوە :"ئەم گەوادە لێی دام"، ڕایمۆندیش وتی: "جەنابی پۆلیس، ئەمە لە یاسادا هەیە، ئەمە، بە پیاوێک بڵێی گەواد؟" بەڵام پۆلیسەکە فەرمانی پێدا "دەمی دابخات." ئەو کاتە ڕایمۆند خۆی بۆ لای ژنەکە وەرگێڕا و پێی گوت: چاوەڕێکە خانم، یەکتر هەر



Scanned by CamScanner

دەبینینەوە." پۆلیسەکە وتی بێدەنگ بە، دەبێ ژنەکە بڕوات و ئەویش لە ژوورەکەی بمێنێتەوە تا لە لایەن کۆمیسارییەوە بانگ دەکرێت. پاشان وتی دەبێ ڕایمۆند شەرمی بە خۆی بێت کە سەرخۆشە و تا ئەو ڕادەیە لەبەری بلەرزێ. ئەو دەمە، ڕایمۆند بۆی ڕوون کردەوە: "مەست نیم جەنابی پۆلیس، تەنیا، لێرەم بەرانبەر ئێوە، دەلەرزم و ئەمەش بە دەست خۆم نییە." دەرگاکەی داخست و تەواوی خەڵکەکەش ڕۆیشتن. من و ماریش لە ئامادەکردنی فراقین بووینەوە. بەڵام ئەو برسی نەبوو، من نزیکەی هەموویم خوارد. سەعات یەک ماری ڕۆیشت و منیش کەمێک خەوتم.

نزیک بە سەعات سێ، لە دەرگاکەمیان دا و ڕایمۆند هاتە ژوورەوە. من هەر بە ڕاکشاوی مامەوە. لە لێواری تەختەکەم دانیشت. ماوەیەک بێ قسەکردن مایەوە، دوایی پێم گوت کاروباری چۆن تێپەڕی. بۆی گێڕامەوە ئەوەی کردووە، کە دەیەویست بیکات، بەڵام ژنەکە سەرەتا شەقازللەیەکی لێداوە دوایش ئەو لە ژنەکەی داوە. پاشماوەکەشی، خۆم بینیم. پێیم وت پێدەچێ ئێستا ئەو ژنە سزای خۆی وەرگرتبێ دەبێ تۆش دڵخۆش بیت. ئەمە ڕای ئەویش بوو، هەروەها تێبینیی ئەوەشی کردبوو کە پۆلیسەکە کارێکی باشی کردووە، ئەو شەقازللەیەی خواردیشی، هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێ. بێجگە لەمە، وتی



Scanned by CamScanner

ئەو پۆلیسان باش دەناسێ و دەزانێ دەبێ چۆن لەگەڵیان ڕەفتار بکات. ئینجا پرسیاری ئەوەی لێکردم ئایە چاوەڕێی ئەوەی لێدەکردم بە شەقازللەیەک وەڵامی پۆلیسەکە بدەمەوە؟ منیش وتم چاوەڕێی هیچم نەدەکرد و لە لایەکی دیکە بە گشتی پۆلیسم خۆش ناوێن. وا پێدەچوو ڕایمۆند دڵی زۆر خۆش بێت. داوای لێکردم ئایە حەز دەکات لەگەڵی دەرچم. هەڵسامەوە و دەستم کرد بە داهێنانی قژم. ئەو کاتە وتی پێویستە ببمە شاهێدی ئەو، ئەمەش بۆ من جیاوازی نەبوو، بەڵام نەمدەزانی دەبێ چی بڵێم. بە گوێرەی ڕایمۆند تەنیا ئەمەندە هەموو شتێک بوو بڵێم ئەم ژنە فریووی داوە. منیش ڕازی بووم شاهێدی بۆ بدەم.

دەرچووین و ڕایمۆند پەرداخێک ئارەقی پێشکەش کردم، پاشان ویستی دەستێک بلیارد بکات، سەرەنجام زۆر باش دۆڕاندم. دوایی ویستی بچێتە قەحپەخانە، بەڵام من گوتم نەخێر، چونکە حەز لەمە ناکەم. ئینجا بە هێمنی گەڕاینەوە و لە ڕێگا پێی دەگوتم چەندە دڵی خۆشە سەرکەوتووانە دۆستەکەی سزا داوە. هەستم دەکرد ڕایمۆند لەگەڵم عاقڵە و بیرم کردەوە چەند ساتێکی خۆشمان بەڕێ کرد.

لە دوور، لەبەر دەرگا سالامانۆی پیرم بەدی کرد شڵەژاو دەهاتە بەرچاو. کە نزیک بووینەوە لە یەکتر، بینیم سەگەکەی لەگەڵ نییە. تەماشای هەموو لایەکی دەکرد و دەسووڕایەوە، هەوڵی دەدا تاریکیی دالانەکە ببڕێت،



Scanned by CamScanner

بۆڵەبۆڵی دەکرد و وشەی بە پچڕپچڕی لەدەم دەردەچوو و سەرلەنوێ بە چاوە بچکۆڵە سوورەکانی جادەکەی دەپشکنی. کە ڕایمۆند پرسیاری لێکرد چییەتی، یەکسەر وەڵامی نەداوە. بە ئاستەم گوێم لێبوو پرمەپرمی دەکرد: "پیس! بۆگەن!" ئیتر لە شڵەژانی خۆی بەردەوام بوو. لێم پرسی سەگەکەت لە کوێیە. لەناکاو وەڵامی دامەوە کە ڕۆیشتووە. دوایی لە پڕ بە توندی قسەی کرد و وتی: "هەر وەکو جاران بردمە مەیدانی مەشق. خەڵکێکی زۆر لە دەوری کوخە دارینەکان بوون. بۆ سەیرکردنی "هەلاتنی شا" ڕاوەستام. جا کە ویستم بڕۆم، دەبینم نەماوە. بێگومان، ماوەیەکی زۆرە دەمویست ملوانکەیەکی دیکەی بچووکتری بۆ بکڕم. بەڵام قەت باوەڕم نەدەکرد ئەم بۆگەنە بەم چەشنە بڕوات."

ڕایمۆند بۆی ڕوون کردمەوە سەگ بتوانێ ئاوارە بێت، بۆ خۆی دەگەڕێتەوە. کۆمەڵێک نموونەی لەو سەگانەم بۆ هێناوە، کە دەیان کیلۆمەتریان بڕیووە بۆ دۆزینەوەی خاوەنەکانیان. سەرەڕای ئەمەش، پیرەمێرد لە جاران زیاتر شڵەژا. "بەڵام دەیبەن لێم، تێدەگەن. ئەگەر یەکێک بۆ خۆی ببات، بەڵام ئەمە ناشێ، لەگەڵ ئەم هەموو پەڵە و توێژە سوورانەی بێزی هەموو خەڵکی دەهێنێتەوە. بە دڵنیاییەوە پۆلیس دەیبا." ئەو کاتە پێم گوت پێویستە لە دوای بگەڕێ و بچێتە ئیدارەی گیانەوەرە دۆزراوەکان



Scanned by CamScanner

بەرانبەر بە هەندێک پارە بۆی دەگەڕێننەوە. وتی ئایە ئەم پارەیە زۆرە. من نەمدەزانی. ئینجا تووڕە بوو: "پارە بۆ ئەم بۆگەنە بدەم. ئاه! با چاوی دەرێ!" ئیتر کەوتە نەفرینکردن لێی. ڕایمۆند پێکەنی و چووە ژوورەوە. منیش بە دوایدا چووم و لە دالانی نهۆمەکەی خۆمان یەکترمان بەجێ هێشت. چەند ساتێک دواتر، گوێم لە دەنگی پێی پیرەمێرد بوو و لە دەرگاکەی منی دا. کە کردمەوە، کەمێک وەستا و پاشان وتی: "بمبەخشە، بمبەخشە." داوام لێکرد بێتە ژوورەوە، بەڵام نەیویست. تەماشای نووکی پێڵاوەکانی دەکرد و دەستە توێژدارەکانی دەلەرزین. بێ ئەوەی ڕووم تێبکات، لێی پرسیم: "خۆ ناچن لێم ببەن، پێم بڵێ مسیۆ مورسۆ. بۆم دەگەڕێننەوە. گەر نا من چیم بەسەر دێت؟" پێیم وت (ئیدارەی گیانەوەرە دۆزراوەکان) سێ ڕۆژ ڕایدەگرن تا خاوەنەکەی پەیدا دەبێت، پاشان بەو جۆرەی باشە و دڵیان دەیەوێ، ڕەفتاری لەگەڵ دەکەن. بە بێدەنگی تەماشای کردم. دوایی وتی: "ئێوارە باش." دەرگاکەی داخست و گوێم لە هاتوچوونی بوو. دەنگەدەنگ لە تەختەکەی بەرز بۆوە. بەو کزە دەنگە غەریبەی کە ناوبڕەکەی دەبڕی و دەگەیشتە گوێم، تێگەیشتم کە دەگریێ. نازانم بۆچی بیرم لە دایکم کردەوە. بەڵام دەبووایە بەیانی زوو لە خەو هەڵسم. برسیم نەبوو، بێ ئەوەی نان بخۆم، خەوتم.



Scanned by CamScanner

# ٥

لە بیرۆیەکەم بووم کە ڕایمۆند تەلەفۆنی بۆ کردم و گوتی یەکێک لە هاوڕێیەکانی (دەربارەی من قسەی بۆ کردبوو) داوەتی کردووم ڕۆژی یەکشەممە لە ماڵەکەی ئەو لە نزیک جەزایر بەسەر بەرین. منیش وەڵامم دایەوە کە زۆر ئارەزووم لێیە، بەڵام بۆ ئەم ڕۆژە قەولم بە کچە هاوڕێیەکەم داوە. یەکسەر ڕایمۆند وەڵامی دایەوە کە ئەویش داوەت دەکات. ژنی هاوڕێیەکەی زۆر بەختەوەر دەبێت لە ناو ئەم هەموو پیاوە تەنیا نەبێت.

ویستم یەکسەر تەلەفۆنەکە دانێمەوە، چونکە دەزانم بەڕێوەبەر حەز ناکات کەس لە شارەوە تەلەفۆنمان بۆ بکات. بەڵام ڕایمۆند پێی گوتم چاوەڕێ بکەم و دوایی وتی دەتوانی ئێوارەکەی ئەم هەواڵەم بداتێ، بەڵام دەیویست لە شتێکی دیکە ئاگادارم بکاتەوە. بە درێژایی ڕۆژ گروپێک عەرەب لە دوای بوونە، برای کۆنەدۆستەکەشی یەکێک بووە لە ناو ئەمانە. "ئەگەر ئەمڕۆ ئێوارە لە کاتی گەڕانەوە لە نزیک ماڵەوە بینیت، ئاگادارم بکەوە." منیش وتم زۆر باشە.



Scanned by CamScanner

کەمێک دواتر، بەڕێوەبەر بانگی کردم، لە هەمان چرکە بێزار بووم، چونکە وام بە خەیاڵدا هات پێم دەڵێ کەمتر تەلەفۆن بکەم و باشتر کار بکەم. بەڵام هەرگیز ئەمە نەبوو. گوتی دەیەوێ دەربارەی پڕۆژەیەک قسەم لەگەڵ بکات، کە هێشتا بە ئاڵۆزی ماوەتەوە. تەنیا ڕای منی لەسەر مەسەلەکە دەویست. نیازی ئەوەی هەبوو نووسینگەیەک لە پاریس بکاتەوە و هەر لەوێوە کاروبار ڕاستەوخۆ لەگەڵ کۆمپانیا گەورەکان هەڵسووڕێنێ و بۆیە دەیویست بزانێ ئایە من ئامادەم بچم. ئەمەش ڕێگای ئەوەم بۆ دەکاتەوە لە پاریس بژیم و بەشەساڵێکیش خەریکی سەفەر کردن بم. "ئێوە گەنجن و هەست دەکەم ئەمەش ژیانێکە پێتان خۆشە." وتم بەڵێ، بەڵام لە ڕاستیدا بۆ من هیچ جیاوازییەکی نییە. ئەو کاتە لێی پرسیم ئایە قەت حەزم لە گۆڕینی ژیان نەکردووە؟ وەڵامم دایەوە کە ژیان هەرگیز ناگۆڕدرێ، لە هەموو بارێکدا هەمووی وەکو یەکە و ژیانی منیش لێرە هەرگیز ناخۆش نییە. دیار بوو نیگەران دەهاتە بەرچاو، وتی منیش هەمیشە وەڵامدانەوەیەکی سەرچیغم هەیە و ئاواتم نییە و ئەمەش بۆ خۆی کارەساتە بۆ ئیشوکار. ئینجا بۆ کارکردن گەڕامەوە شوێنی خۆم. بە لامەوە باشتر بوو نیگەرانی نەکەم، بەڵام هیچ هۆیەکم نەدۆزییەوە ژیانم بگۆڕم. بە وردی بیری لێبکەینەوە، لەم کارەم بەدبەخت نەبووم. کە



Scanned by CamScanner

خوێندکار بووم، ئاواتی لەم جۆرەم زۆر بوون. بەڵام کە وازم لە خوێندن هێنا، زۆر بە خێرایی تێگەیشتم کە هەموو ئەم شتانە نرخێکی ڕاستەقینەیان نییە.

ئێوارە ماری هاتبوو بمبینێ و داوای لێکردم ئایا دەمەوێ بیخوازم. وتم بۆ من ئەمە بوون و نەبوونی وەکو یەکە، دەتوانین بیکەین ئەگەر ئارەزووی لێیە. ئینجا ویستی بزانێ ئایە خۆشم دەوێت؟ هەروەکو جاری پێشوو چیم گوتبوو، وەڵامم دایەوە کە ئەمە هیچ مانایەک نابەخشێ و بێگومان خۆشیشم ناوێت. وتی: "کەواتە بۆچی دەتەوێ بمخوازی؟" بۆم ڕوون کردەوە ئەمە هیچ گرینگییەکی نییە و ئەگەر ئەویش ئارەزوو دەکات، دەتوانین زەماوەند بکەین. لە لایەکی دیکە، ئەمە داواکاری ئەو بوو، من تەنیا دڵی خۆم بەوە خۆش دەکرد بڵێم بەڵێ. پاشان تێبینیی ئەوەی کرد کە ژنهێنان کارێکی گرینگە. وتم "نەخێر." کەمێک بێدەنگ بوو، بە هەمان شێوەش سەیری کردم. دوایی قسەی کرد. زۆر بە سادەیی دەیویست بزانێ ئەگەر ئەم پێشنیازە لە ژنێکی دیکەوە بهاتبایە بە هەمان شێوە پەیوەندیم لەگەڵی هەبایە قبوڵم دەکرد. وتم :"بێگومان" ئەو کاتە وتی ئەی ئەگەر ئەو ژنە منی خوش بوێت، من نەمدەتوانی هیچ دەربارەی ئەم خاڵە بزانم. پاش چەند ساتێکی دیکەی بێدەنگی، بە منگەمنگێکەوە وتی کە من غەریبم و هەر لەبەر ئەمەش خۆشی دەوێم، بەڵام لەوانەیە


Scanned by CamScanner

ڕۆژێک لەبەر هەمان هۆکار بێزی لێبکەمەوە. ئینجا بێدەنگ بووم و هیچی دیکەم نەبوو بیڵێم، بە پێکەنینەوە قۆڵی گرتم و پیشانی دا کە دەیەوێ لەگەڵ من زەماوەند بکات. منیش وتم هەر کاتێک ئەو بیەوێ دەیکەین. ئینجا باسی پێشنیازەکەی بەڕێوەبەرم بۆی کرد و ماریش پێی گوتم حەز دەکات پاریس ببینێ. تێمگەیاند کە سەردەمێک لێی ژیاوم، وتی چۆن بوو ؟ وتم: "شارێکی پیسە، کۆتر و داڵانی تاریکی زۆرە. خەڵکەکەی پێستییان سپییە."
پاشان ڕۆیشتین و بە جادە گەورەکانی شاردا تێپەڕین. ژنەکان جوان بوون و لە ماریم پرسی ئایە ئەویش هەستی بە هەمان شت کردووە؟ وتی بەڵێ، هەروەها وتی تێتدەگەم. چەند ساتێک بێدەنگ بووین. لەگەڵ ئەمەش دەمویست بە یەکەوە بمێنینەوە، پێموت دەتوانین بەیەکەوە لە لای سیلێست نان بخۆین. ئەویش ئارەزووی لێبوو، بەڵام کاری هەبوو. لە نزیک ماڵەکەی من بووین، کە خواحافیزیم لێکرد. تەماشای کردم: "تۆ ناتەوێ بزانی کاری چیم هەیە؟" زۆر باش دەمویست بیزانم، بەڵام بیرم لێنەکردبۆوە، هەر لەبەر ئەمەش بوو شێوەیەکی سەرزەنشتکەری بەرانبەرم وەرگرتبوو. ئینجا، بەرانبەر دیمەنی سەرگەردانی من، جارێکی دیکەش پێکەنی و بۆ ئەوەی دەمی بگەیەنێتە من، بە سەرتاپای لەشی بەرەو ڕووم هات.


Scanned by CamScanner

له لای سیلێست نانم خوارد. ماوەیەک بوو دەستم بە خواردن کردبوو. لەناکاو ژنێکی گچکەی سەیر هاتە ژوورەوە و داوای لێکردم ئایا دەتوانێ لەسەر مێزەکەم دانیشێ. هەڵبەت، دەیتوانی. هەندێ جوولەی لەرزۆک و دوو چاوی بریقەداری ناو ڕوخسارێکی بچکۆلانەی سێوانی هەبوو. چاکەتەکەی داکەند، دانیشت و بە گەرمی دەستی بە خوێندنەوەی لیستی خواردەمەنییەکان کرد. بانگی سیلێستی کرد و ڕاستەوخۆ بە دەنگێکی نزم و بەلەز داوای خواردنەکانی خۆی کرد. وێڕای چاوەڕێکردنی خواردن، جانتاکەی کردەوە، پارچە کاغەزێکی چوارگۆشە و قەڵەمێکی دەرهێنا، پێش ئەوەی نان بخوات، نرخەکەی نووسی، پاشان لە کیسەیەک نرخی تەواوی لەگەڵ بەخشیش دەرهێنا و لە پێش خۆی دانا. لەم کاتەدا، خواردنەکەیان بۆ هێنا، کە بە خێرایی ئاودیوی کرد. کاتێ کە لە چاوەڕوانیی خواردنی دووەمدا بوو، قەڵەمێکی شین و گۆڤارێکی لە جانتاکەی دەرهێنا، کە پرۆگرامی هەفتانەی ڕادیۆی تێدا بوو. زۆر بە وردی و ڕێکی، یەکبەیەک، نزیکەی تەواوی بەرنامەکانی نیشانە کرد. لەبەر ئەوەی گۆڤارەکە دە دوانزە پەڕێک بوو، ئەم کارەی بە دیقەتێکی زۆرەوە لە ماوەی تەواوی نانخواردنەکە ئەنجام دا. ماوەیەک بوو لە خواردن ببوومەوە، کەچی ئەو هێشتا بە هەمان وردەکاریی پێشوو



Scanned by CamScanner

لە نیشانەکردنەکانی خۆی بەردەوام بوو، پاشان هەلساوە و چاکەتەکەی بە هەمان جوولەی ورد و ماشینی، پۆشییەوە و ڕۆیشت. چونکە منیش هیچم نەبوو بیکەم، دەرچووم و کەمێک بە دوایدا ڕۆیشتم. لەسەر شۆستەکە، بە خێرایی و دڵنیاییەکی باوەڕنەکراو، بێ ئەوەی لابدات یان ئاوڕ بداتەوە درێژەی بە ڕۆیشتنی خۆی دەدا. سەرەنجام بزرم کرد و منیش گەڕامەوە سەر ڕۆیشتنی خۆم. هەستم دەکرد ژنێکی غەریب بوو، بەلام هەر زوو لە خەیاڵم دەرچوو.

لەبەر دەرگای ماڵەکەم تووشی سالامانۆی پیر بووم. هێنامە ژوورەوە و زانیم سەگەکەی ئیتر تەواو بزر بووە، چونکە لە ئیدارەی گیانەوەرە دۆزراوەکان نەبووە. فەرمانبەرەکانی پێیان گوتبوو، لەوانەیە پان بووبێتەوە. ئەویش داوای لێکردبوون دەشێ لە کۆمیسارییە بزانرێ. وەلامیان دابۆوە کە ئەوان شوونی شتی لەم جۆرە هەڵناگرن، چونکە هەموو ڕۆژێک ئەمە ڕوو دەدات. ئینجا بە سالامانۆی پیرم گوت دەتوانێ یەکێکی دیکە پەیدا بکات، بەلام ئەو ڕاستی دەکرد، کە سەرنجی بۆ ئەوە ڕاکێشام لەگەڵ ئەم سەگەیان ڕاهاتبوو.

لەسەر تەختەکەم هەڵکورمابووم و سالامانۆش لەسەر کورسییەک بەرانبەر مێزەکە، ڕووبەڕووی من دەست لەسەر ئەژنۆ دانیشتبوو. هەمان کلاوە کۆنە لبادییەکەی



Scanned by CamScanner

لەسەر بوو. کۆتایی ڕستەکانی لە بن سمێڵە زەردەکەی دەچوو. کەمێک هەراسانی دەکردم، بەڵام هیچم نەبوو بیکەم و خەویشم نەدەهات. بۆ ئەوەی شتێک بڵێین، دەربارەی سەگەکەی دواندم. پێی وتم دوای مردنی ژنەکەی ڕایگرتووە. زۆر درەنگ ژنی هێنابوو. لە کاتی لاویدا حەزی کردووە خەریکی شانۆ بێت: لە سەربازی بەشداریی لە نمایشنامە کۆمێدییە سەربازییەکان کردووە. بەڵام سەرەنجام لە هێڵی ئاسنین کاری کردووە و پەشیمانیش نییە، چونکە ئێستا مووچەیەکی بچکۆڵەی خانەنشینی وەردەگرێ. لەگەڵ ژنەکەی بەختەوەر نەبووە، بەڵام بە گشتی لەگەڵی ڕاهاتبوو. کاتێ کە مردووە، گەلێک هەستی بە تەنهایی کردووە. جا، لە یەکێ لە هاوکارانی داوای ئەم سەگەی کردووە، کە ئەوسا بەچکە بووە. دەبووایە بە مەمۆڵە بەخێوی بکات. چونکە سەگ کەمتر لە مرۆڤ دەژییت، بە یەکەوە پیر بوونە. "بە قسەی سالامانۆ ڕەوشتی خراپ بووە. ناوەناوە دەمەقاڵییان هەبووە. بەڵام لەگەڵ ئەمەش سەگێکی نایاب بوو." منیش وتم لە نەژادێکی جوان بووە، سالامانۆ بەم قسەیە دڵی خۆش بوو. "جارێکی دیکەش تێی هەڵچنییەوە و وتی: ئەی ئێوە پێش نەخۆشییەکەی نەتانبینیبوو. جوانترین تووکی هەبوو." لەو کاتەوە کە ئەم نەخۆشییەی گرتبوو، هەموو ئێواران و هەموو بەیانیان سالامانۆ دەیبردە پیاسە و



Scanned by CamScanner

گەڕان. بەڵام بە قسەی ئەو، نەخۆشییە ڕاستەقینەکەی، پیری بوو، ئەمەش چارەسەری بۆ نییە.
لەم کاتەدا باوێشکم هاتێ و پیرەمێردیش وتی دەبێ بڕۆم. پێیم گوت دەتوانێت بمێنێتەوە، زیاتر ئەوەی بەسەر سەگەکەیدا هاتووە، بێزاری کردووم: سوپاسی کردم. وتی دایکت سەگەکەی زۆر خۆش دەویستم. کە دەربارەی دایکم قسەی دەکرد، دەیگوت "دایکی هەژارتان". شیمانەی ئەوەی خستە ڕوو دەبێ من زۆر بەدبەخت بم لەوەتەی دایکم مردووە، منیش هیچ وەڵامم نەدایەوە. ئەو کاتە زۆر بە خێرایی و کەمێکیش ناڕەحەت وتی دەیزانی کە لە گەڕەک بە خراپە باسم دەکەن، چونکە دایکمم خستۆتە خانەی بەساڵاچووان، بەڵام دەیناسیم و دەیزانی کە من دایکمم زۆر خۆش دەویست. وتم تا ئێستاش نازانم بۆچی هەستم بەوە نەکردووە لەم بارەیەوە بە خراپە قسەم لەسەر دەکەن، لە کاتێکدا هەستم کردووە خانەی بەساڵاچووان شتێکی سروشتییە، لەبەر ئەوەی پارەی ئەوەم نەبووە دایکمی پێ بەخێو بکەم." لە لایەکی دیکەش، وتم، ماوەیەکی زۆر بوو هیچی نەبوو پێم بڵێ و بە تەنیاش بێزار دەبوو، سالامانۆ وتی بەڵێ. بە لای کەمی لە خانەی بەساڵاچووان هاوڕێ بۆ خۆمان پەیدا دەکەین."
پاشان داوای لێبووردنی کرد. دەیەویست بخەوێ. ژیانیشی ئێستا گۆڕابوو و زۆریش نەیدەزانی لەمەودوا چی دەکات.



Scanned by CamScanner

لەوەتەی دەیناسم، بۆ یەکەمجار بە بزووتنەوەیەکی خێرا دەستی بۆ درێژ کردم تەوقەم لەگەڵ بکات، هەستم بە توێژەکانی پێستی کرد. پێش ئەوەی بڕوات، کەمێک زەردەی هاتێ و وتی: "هیوادارم ئەمشەو هیچ سەگێک نەوەڕێ، چونکە هەمیشە لەو باوەڕەم ئەوەی منە."



Scanned by CamScanner

# ٦

یەکشەممە، بۆ لە خەو هەڵسان ئازارم هەبوو و دەبووایە ماری بانگم بکات و هانم بدات. چونکە دەمانویست زوو مەلەوانی بکەین، بۆیە نانمان نەخوارد. هەستم دەکرد تەواو بەتاڵم و کەمێکیش سەرم ژان دەکات. جگەرەکەم تامێکی تاڵی هەبوو. ماری گاڵتەی پێکردم گوایە "سەرێکی تازیەدارم" هەیە. کراسێکی خامەکی سپیی پۆشیبوو و قژیشی بەرەڵا کردبوو. پێم گوت جوانە، لە خۆشییان پێکەنی.

وێڕای دابەزین لە دەرگای ڕایمۆندمان دا. وەڵامی داینەوە کە دادەبەزێ. لە ناو جادەکە، لەبەر ماندوێتیم و هەروەها لەبەر ئەوەی پەنجەرەکانیشمان نەکردبۆوە، ڕۆژەکەش هەر لە زووێکەوە پڕ لە خۆر بوو، وەک شەقازللەیەک پێمکەوت. ماری لە شادمانییان هەڵدەبەزییەوە و بێ وەستان دەیگوت ڕۆژێکی خۆشە. هەستم کرد باشترم و برسیشمە. بە ماریم گوت جانتا مشەماکەم پیشان بدات، کە دوو مایۆکە و پەشتەماڵێکی لە ناو دانابوو. لە



Scanned by CamScanner

چاوەڕێکردن شتێکی دیکەمان نەبوو و گوێمان لێبوو ڕایمۆند دەرگاکەی دادەخست. پاتۆلێکی شین و کراسێکی نیو قۆڵی لەبەر بوو. بەڵام کڵاوێکی حەسیریی لەسەر نابوو، ئەمەش ماری بە پێکەنین هێنا، مەچەکەکانی لەژێر مووی ڕەش زۆر سپی دەچوونەوە. کەمێک بێزم لێی بۆوە. وێڕای دابەزین فیکەی لێدەدا و وا پێدەچوو دڵخۆش بێت. پێی وتم: "سڵاو، پیرە" بە "مەدموازێل"یش بانگی ماری کرد.

ڕۆژی پێشوو بە یەکەوە چووبووینە کۆمیسارییە، گەواهیم بۆی دابوو کە ژنەکە ڕایمۆندی "فریوو" دابوو. مەسەلەکە بە ئاگادارکردنەوەی ڕایمۆند کۆتایی پێهات. گرینگیشیان بە شایەدییەکەی من نەدا. لەبەر دەرگا، لەگەڵ ڕایمۆند قسەمان کرد، پاشان بڕیارمان دا ئۆتۆبووس بگرین. لێوار دەریا زۆر دوور نەبوو، بەڵام بەم چەشنە خێراتر دەڕۆیشتین. ڕایمۆند لەو باوەڕەدا بوو هاوڕێیەکەی دڵخۆش دەبێت ئەگەر بمانبینێت زوو بگەین. خەریک بوو دەڕۆیشتین، لەناکاو ڕایمۆند ئاماژەی بۆ کردم تەماشای بەرانبەر بکەم. گرووپێک عەرەبم بینی پشتیان بە دەرگای دوکانی جگەرەفرۆشەکە دابووەوە. بێدەنگ بەڵام بە شێوەی خۆیان سەیریان دەکردین، نە زیاتر نە کەمتر، وەک ئەوەی ئێمە بەرد یان داری وشک بین. ڕایمۆند پێی گوتم دووەمی لای چەپ ئەو کوڕە



Scanned by CamScanner

خۆیەتی. دوایی کەمێک شلەژا. پاشان وتی، لەگەڵ ئەمەش ماوەیەکە ئەم مەسەلەیە کۆتایی پێهاتووە. ماری زۆر باش تێنەدەگەیشت و داوای لێکردین مەسەلە چییە؟ وتم مەسەلە ئەم عەرەبانەن شتێکیان بەرانبەر ڕایمۆند هەیە. ماری ویستی یەکسەر بڕۆین. ڕایمۆند خۆی گرتەوە و پێکەنی و گوتی پێویستە پەلە بکەین.

بەرەو وێستگای ئۆتۆبووس ڕۆیشتین، کە زۆر دوور نەبوو و ڕایمۆند ئاگاداری کردمەوە کە عەرەبەکان لە دوامان نین. ئاوڕم دایەوە. بەردەوام لە هەمان شوێن بوون و بە هەمان بێباکی تەماشای ئەو جێگایەیان دەکرد، کە بەجێمان هێشت. ئۆتۆبووسمان گرت. دیار بوو ڕایمۆند تەواو ئارام ببۆوە و لە نوکتەگێڕانەوەی خۆی بۆ ماری نەدەوەستا. هەستم کرد ماری حەز لەم گاڵتانە دەکات، بەڵام هیچ وەڵامی نەدەدایەوە. جاربەجار بە پێکەنینەوە سەیرێکی دەکرد.

لە لێواری شاری جەزایر دابەزین، کەنار دەریا زۆر لە وێستگای ئۆتۆبووس دوور نییە. بەڵام دەبووایە بانێکی بچکۆڵە ببڕین کە دەیڕوانییە دەریا، پاشان تا کەنارەکە لێژ دەبۆوە. بانەکە بە بەردی زەرد و گوڵەکێویلەی سپیی ژێر شینایی توندی ئاسمان داپۆشرابوو. وەک یارییەک، ماری جانتا مشەماکەی بە هێز لە لاسکی گوڵەکان دەدا و بڵاوەی پێدەکردن. بە ناو ڕیزە ڤیلا بچکۆلانەکاندا تێپەڕین،



Scanned by CamScanner

کە بە پەرژینی سەوز یان سپی دەور درابوون، هەندێکیان لەگەڵ بانیژەکانیان بە دارگەزەکان شاردرابوونەوە، هەندێکی دیکەش ڕووت لە ناو بەردان. پێش ئەوەی بە دامەنی بانەکە بگەین، دەتوانرا دەریای ئارام و دوورتر بەرزەخێکی بەردینی خەواڵووی ناو ئاوی ڕوون ببینرێ. دەنگی کزی مۆتۆڕێک بە ناو هەوای هێمن تا لای ئێمە بەرز بۆوە. لە زۆر دوورەوە گەمییەکی بچکۆڵەمان بە ئاستەم بینی، کە بەرەو پێشەوە لەسەر دەریای بریسکەدار دەڕۆیشت. ماری چەند دانەیەک گوڵەسۆسنەی ناو تەپکەکانی چنی. لەو نشێوەی کە تا لێوار دەریا دادەبەزی، بینیمان پێش ئێمە چەند مەلەوانێکی لێیە.

هاوڕێیەکەی ڕایمۆند لە ناو خانوویەکی دارین لەوسەری لێوار دەریا دەژیا. خانووەکە پشتی بە تاشە بەردەکانەوە نووسابوو، ئەو ئەستووندانەی لە پێشەوەش ڕایانگرتبوو، لە ناو ئاو بوون. ڕایمۆند ئێمەی بە هاوڕێیەکەی ناساند. ناوی ماسۆن بوو. پیاوێکی بڵند و چوارشانە و تێکسمڕاو بوو لەگەڵ ژنێکی خڕکیلەی ژیر، کە لە قسەکردندا شێوەی پاریسی هەبوو. ماسۆن یەکسەر پێی وتین بحەسێینەوە و بۆ نیوەڕۆش ماسی سوورەوەکراو هەیە، کە هەر ئەمڕۆ بەیانی ڕاوی کردووە. پێم گوت خانووەکەی زۆر جوانە، وتی شەممە و یەکشەممە و گشت ڕۆژانی پشوو لێرە بەسەر دەبەم. پاشان وتی "لەگەڵ ژنەکەم، باش



Scanned by CamScanner

دەگونجێین". دروست لەم کاتەش ژنەکەی لەگەڵ ماری پێدەکەنی. ڕەنگە بۆ یەکەمجار بێت، بە ڕاستی بیرم لە ژنهێنان کردەوە.

ماسۆن دەیەویست بچێتە ناو ئاو، بەڵام ژنەکەی و ڕایمۆند نەدەهاتن. ئێمە هەرسێکمان دابەزین، ماری یەکپێ خۆی خستە ناو ئاو، بەڵام من و ماسۆن کەمێک چاوەڕێمان کرد. ماسۆن بە هێمنی قسەی دەکرد و تێبینیی ئەوەم لێی کرد، وەک خوویەک ئاخاوتنەکانی بەم ڕستەیە تەواو دەکرد: "بەڵکو زیاتریش دەڵێم." هەتا ئەو کاتانەش کە هیچی نەدەخستە سەر مانای ڕستەکەی، دووبارەی دەکردەوە. دەربارەی ماری پێی وتم: "سەرنجڕاکێشە، بەڵکو زیاتریش دەڵێم، دڵگیرە." پاشان چیتر سەرنجی ئەم خووەی ئەوم نەدا، چونکە خەریکی خۆرەکە بووم کە خۆشیی پێدەبەخشیم. لمیش خەریک بوو لەژێر پێم گەرم دەبوو. کەمێکی دیکەش ئارەزووی خۆم بۆ ناو ئاوەکە ڕاگرت، سەرەنجام بە ماسۆنم گوت: "بچین؟" خۆم خستە ناو ئاوەکە. ئەو بە هێمنی هاتە ناو ئاوەکە، کە پێیەکانی بزر بوون، خۆی پێدا دا. کەمێک بە خراپ باسکەمەلەی دەکرد، بە ڕادەیەک بەجێم هێشت تا خۆم بگەیەنمە ماری. ئاوەکە سارد بوو، منیش بە مەلەوانییەکە دڵخۆش بووم. لەگەڵ ماری دوور کەوتینەوە و هەستمان دەکرد لە بزووتنەوە و لە دڵخۆشیی یەکتر دەگرینەوە.



Scanned by CamScanner

له پانتایی دەریا، خۆمان خستە سەر پشت، لە سەر ڕوخساری ڕووەو ئاسمانم، خۆر دواپەردەی ئاوین کە بە سەر دەممدا دەهاتە خوارەوە، لادەبرد. ماسۆنمان بینی دەگەڕێتەوە لێوار بۆ خۆهەڵخستن بەرانبەر بە خۆر. لە دوورەوە گەورە دیار بوو. ماری ویستی بەیەکەوە مەلەوانی بکەین. خۆم خستە دواوەی تا لە باوەشی بگرم، ئەویش بە هێزی بازووەکانی بۆ پێشەوە دەڕۆیشت و لە کاتێکدا من وێڕای پێکەنین یارمەتیم دەدا. هەر لە بەیانییەوە تا ئەو کاتەی ماندوو بووم، ئەو شڵپە نەرمەی ئاومان لە دوا بوو. ئەو کاتە ماریم بەجێ هێشت و ڕاستەوخۆ بە مەلە و بە هەناسەدانی ڕێک گەڕامەوە. لە لێوارەکە، لە نزیک ماسۆن لەسەر سک خۆم درێژ کرد و دەموچاوی خۆم خستە ناو لمەکە. وتم "خۆش بوو"، ئەویش هەمان ڕای هەبوو. کەمێک دواتر ماریش هات. بۆ ئەوەی ببینم کە بەرەو ئێمە دەهات، خۆم وەرگێڕا. تەواو خڵتانی خوێاوک ببوو و قژیشی خستبووە دواوە. لە تەنیشتم بە ڕادەیەک لەشی بە لەشمەوە نووساند و ڕاکشا، هەردوو گەرماییەکە، گەرمییەکەی لەشی ماری خۆرەکە کەمێک بۆرژاندیانم.

ماری هەژاندمی و وتی ماسۆن گەڕاوە لای خۆی، پێویستە نان بخۆین. چونکە برسیم بوو، یەکپێ هەڵسامەوە، بەڵام ماری پێی گوتم لە بەیانییەوە تا ئێستا



Scanned by CamScanner

ماچم نەکردووە. ڕاستی دەکرد، هەڵبەت منیش ئارەزووم لێبوو. وتی "وەرە ناو ئاو". بۆ ئەوەی خۆمان بە یەکەم شەپۆلە گچکەکاندا بدەین، ڕامان کرد. دوای ئەوەی کەمێک مەلەمان کرد، ماری خۆی پێوە نووساندم. بە پێیەکانم هەستم بە پێیەکانی کرد و حەزم چوویێ.

کە گەڕاینەوە ماسۆن بانگی دەکردین. وتم زۆر برسیمە، ئەویش ڕاستەوخۆ بە ژنەکەی گوت کە منی بەدڵە. نانەکە زۆر خۆش بوو. بەشە ماسیی خۆم هەڵلوشی. پاشان گۆشت و پەتاتەی سوورەوەکراویش هەبوو. بێ ئەوەی گفتوگۆ بکەین، نانمان دەخوارد. جاربەجار ماسۆن شەرابی دەخواردەوە و بێ وەستانیش بۆ منی تێدەکرد. لە کاتی قاوەخواردنەوە سەرم کەمێک گران بوو و جگەرەیەکی زۆرم کێشا. من و ماسۆن و ڕایمۆند بڕیارمان دا بە پارەی هاوبەش مانگی ئاب لە کەنار دەریا بەیەکەوە بەسەر بەرین. لەناکاو ماری پێی وتین: "ئایا دەزانن سەعات چەندە؟ یانزەونیوە. " گشتمان سەرسام ببووین، بەڵام ماسۆن وتی زۆر زوو نانمان خواردووە، ئەمەش سروشتییە، چونکە کاتی نانخواردن ئەو کاتە بوو، کە برسیمان بوو. نازانم بۆچی ئەمە مارییی بە پێکەنین هێنا، وا هەست دەکەم کەمێک زۆری خواردبۆوە. ماسۆن داوای لێکردم ئایا دەمەوێ لەگەڵ ئەو لە لێوار دەریاکە پیاسە بکەم. "هەردەم ژنەکەم دوای نانخواردن



Scanned by CamScanner

سەرخەوێک دەشکێنێ، بەڵام من حەز لەمە ناکەم. دەبێ پیاسە بکەم. هەردەم پێی دەڵێم ئەمە بۆ تەندروستی باشترە. بەڵام سەرەڕای ئەمانەش، ئەمە مافی خۆیەتی.
ماری وتی دەمێنێتەوە تا یارمەتیی خانم ماسۆن بدات لە شووشتنی قاپ و قاچاخ. پاریسییە بچکۆلەکەش وتی بۆ کاری لەم جۆرە دەبێ پیاوەکان بخرێنە دەرەوە. ئێمەش هەرسێکمان دابەزین.
هەتاو تا ڕادەیەک بە شاقوولی دەکەوتە سەر لم، درەخشانەوەشی لەسەر ڕووی دەریا لە ڕادەبەدەر بوو. کەسی دیکە لەسەر لێوار نەبوو. لە خانووەکانی لێوار بانەکە کە دەیڕوانییە دەریا، دەنگی لێکدانی قاپ و چەتاڵمان دەبیست. لەبەر گەرمایی تاشە بەردەکان کە لە زەوی هەڵدەستا، بە ئاستەم هەناسەمان بۆ دەدرا. بۆ دەستپێکردن، ڕایمۆند و ماسۆن دەربارەی هەندێ شت و هەندێ خەڵک قسەیان دەکرد من نەمدەناسین. تێگەیشتم کە ماوەیەکی زۆرە یەکتر دەناسن و سەردەمێکیش کەمێ بە یەکەوە ژیاون. بەرەو ئاوەکە ڕۆیشتین و بە لێواری دەریا شۆڕ بووینەوە. هەندێ جار، شەپۆلێکی دیکەی درێژتر لەمانەی دیکە دەهات، سۆڵە خامەکییەکەی تەڕ دەکردین. بیرم لە هیچ نەدەکردەوە چونکە لەبەر هەتاوی سەر سەری ڕووتم خەواڵوو بووم.



Scanned by CamScanner

لەو دەمەدا، ڕایمۆند شتێکی بە ماسۆن گوت، باش گوێم لێنەبوو. بەڵام لە هەمان کات، لەوسەری کەنار دەریا و زۆر دوور لە ئێمە بینیم، دوو عەرەب بە جلێکی شینی کارەوە بەرەو ڕوومان دێن. سەیری ڕایمۆندم کرد و پێی وتم: "خۆیەتی." لە ڕۆیشتنی خۆمان بەردەوام بووین. ماسۆن وتی چۆن توانیویانە تا ئێرە بە دواماندا بێن. ئەوەم بە خەیاڵدا هات ڕەنگە ئێمەیان بە خۆ و جانتای لێوار دەریا بینیبێ ئۆتۆبووسمان گرتووە، بەڵام هیچم نەوت.

عەرەبەکان لەسەرخۆ دەهاتنە پێشەوە، تەواوێک نزیک ببوونەوە. ئێمە ڕۆیشتنی خۆمان تێک نەدا، بەڵام ڕایمۆند وتی: "ئەگەر دەمەقاڵێ دروست بوو، ماسۆن تۆ، دووەم دەگری، منیش، خەریکی ئەوەی تر دەبم. تۆش مورسۆ، ئەگەر یەکێکی دیکە بگات، ئەمەیان بۆ تۆیە." وتم "بەڵێ"، ماسۆن دەستەکانی خستە گیرفانی. پێم وابوو لمی داغبوو ئەو دەم سوور دەچێتەوە. بە هەنگاوی ڕێک بەرەو عەرەبەکان دەڕۆیشتین. ماوەی نێوانمان وردەوردە کەم بۆوە. کاتێ کە چەند پێیەک کەوتینە بەرانبەر یەکتری، عەرەبەکان وەستان. من و ماسۆن هەنگاوەکانمان هێمنتر کردەوە. ڕایمۆند ڕاستەوخۆ بەرەو ئەوەیان چوو، کە کێشەی لەگەڵ هەبوو. ئینجا ڕایمۆند یەکەم جار لێی دا و یەکسەر بانگی ماسۆنی کرد. ئەویش بەرەو ڕووی



Scanned by CamScanner

ئەمەیان چوو، کە سەرەتا بۆیان دیاری کردبوو و دوو جار بە هەموو هێزی خۆی لێی دا. عەرەبەکە بەسەر سک کەوتە ناو ئاوەکە و چەند چرکەیەک بەم چەشنە مایەوە، بلّقی ئاو لە دەوری سەری دەردەچوو. لەم ماوەیە ڕایمۆندیش لەمەی دیکەی دا، دەموچاوی بە خوێن هێنابوو. ڕایمۆند ڕووی لە من کرد و وتی: "دەبینی ئێستا چی لێدەکەم؟" هاوارم کرد: "ئاگادار بە، چەقۆی پێیە؟" بەڵام کار لە کار ترازابوو بازووەکانی بریندار ببوون و دەمیشی شەق ببوو.

ماسۆن چووە پێشەوە. بەڵام عەرەبەکەی دیکە هەڵسابۆوە و خۆی لە پشت چەقۆ بە دەستەکەوە نابوو. ئێمە جورئەتمان نەکرد بجووڵێینەوە. بە هێمنی بێ ئەوەی سەرنجمان لەسەر هەڵگرن و بە چەقۆڕاگرتن کشانەوە. کە بینیان ماوەیەکی زۆر لە نێوانمانە، زۆر بە خێرایی ڕایان کرد، تا ئەو دەمەی لەبەر هەتاو مابووینەوە و چەقیبووین، ڕایمۆند بازووی بێزهێنەرەوەی بە خوێنی توند گرتبوو.

ماسۆن یەکسەر وتی دکتۆرێک لێرە هەیە، یەکشەممانی خۆی لەسەر بانەکە بەسەر دەبا. ڕایمۆندیش ویستی ڕاستەوخۆ بچێت. بەڵام هەر جارێک کە قسەی دەکرد، خوێنی برینەکەی لە دەمی بلّقی دەکرد. خۆمان خستە بنباڵی و بە زووترین کات هاتینەوە ناو خانووەکە. لەوێ ڕایمۆند وتی برینەکەی ئێجگار وا نییە، دەتوانێ بچێتە لای



Scanned by CamScanner

دکتۆر.. لەگەڵ ماسۆن ڕۆیشت و منیش مامەوە تا ئەوەی ڕووی داوە بۆ ژنەکانی ڕوون بکەمەوە. خانم ماسۆن دەگریا و ماریش ڕەنگی زەرد ببوو. هەرچی من بووم، ئەم ڕوونکردنەوەیە هەراسانی دەکردم. سەرەنجام بێدەنگ بووم و وێڕای تەماشاکردنی دەریا جگەرەم کێشا.
نزیکەی سەعات یەکونیو بوو ڕایمۆند و ماسۆن هاتنەوە. ڕایمۆند بازووی بەسترابۆوە و پلاستیکێکی پزیشکیشی بە لادەمییەوە بوو. دکتۆر پێی وتبوو هیچ نییە، بەڵام ئەو زۆر گرفتار دەهاتە بەرچاو. ماسۆن هەوڵی دا بە پێکەنینی بێنێ، بەڵام قسەی نەدەکرد. کاتێ کە وتی دادەبەزم بۆ سەر کەنار، وتم بۆ کوێ دەچیت؟ من و ماسۆنیش وتمان لەگەڵت دێین. کەچی، تووڕە بوو و جوێنی پێداین. ماسۆن وتی پێویست ناکات ناچاری بکەین. لەگەڵ ئەمەش من بە دوایدا چووم.
ماوەیەکی زۆر لەسەر کەنار ڕۆیشتین. ئەو دەمە هەتاو گەرمییەکەی گێژکەر بوو و لەسەر لم و ڕووی دەریا پەرش دەبوو. هەستم کرد ڕایمۆند دەزانێ دەچێتە کوێ، بەڵام بێگومان ئەم بیرە هەڵە بوو. لەمسەری کەنار، سەرەنجام گەیشتینە کانیلەیەک کە لە پشت تاشەبەردێک لە ناو لمەکە هەڵدەقوولا. لێرە، توشی دوو عەرەبەکە بووینەوە. هەر بە جلی کاری شینی چەوریانەوە ڕاکشابوون. هێمن و بەختەوەر دەهاتنە بەرچاو. گەیشتنی



Scanned by CamScanner

ئێمە هیچ شتێکی نەگۆڕی. ئەوەی لە ڕایمۆندی دابوو، بێدەنگ سەیری دەکرد. ئەوەی تر بێ وەستان فووی لە قامیشێکی بچکۆڵە دەکرد، وێڕای سەیرکردنی سێ نۆتی لە قامیشەکە دەردەهێنا و دووبارەی دەکردەوە.

لەم هەموو ماوەیە، لە هەتاو و لە کپی و لە خوڕە نەرمەکەی کانیلەکە و سی نۆتەکە زیاتر شتێکی تر نەبوو. پاشان ڕایمۆند دەستی بۆ ئەو گیرفانە برد، کە دەمانچەی تێدا بوو، بەڵام ئەویتر نەجووڵایەوە و بەردەوام سەیری یەکتریان دەکرد. تێبینیی ئەوەم کردبوو ئەوەی نایەکەی لێدەدا، پەنجەی پێیەکانی زۆر لێک دوور بوون. ڕایمۆند بێ ئەوەی چاوی لەسەر هەڵگرێ پێی گوتم: "بیکوژم؟" بیرم کردەوە ئەگەر بڵێم نا، دەورووژێ و هەر بە تەنیا بە دڵنیاییەوە تێی دەگرێت. تەنیا وتم: "هێشتا قسەی لەگەڵ نەکردووی، کارێکی ناپەسندە بەم جۆرە تێی بگریت." جارێکی دیکەش خوڕەی نەرمی ئاوەکە و دەنگی نایەکە لە دڵی بێدەنگی و گەرمایی بەرز بوونەوە. دوایی ڕایمۆند وتی: "کەواتە، جوێنی پێدەدەم کە وەڵامی دایەوە دەیکوژم." منیش وتم: "ئەمەیە، بەڵام ئەگەر چەقۆیەکەی دەرنەهێنێ تۆ ناتوانی بیکوژیت." خەریک بوو ڕایمۆند کەمێک هەڵدەچوو. ئەوەی دیکە بەردەوام ئامێرەکەی دەژەنی و هەردووکیان بە وردی چاودێریی هەموو جووڵەیەکی ڕایمۆندیان دەکرد. بە ڕایمۆندم وت "نەخێر،



Scanned by CamScanner

تەن بە تەن ڕووبەڕوویان بەوە و دەماچەکەشت بدە بە من. ئەگەر ئەوەی دیکە بێتە پێشەوە، یان چەقۆیەکەی دەربێنێ، لێی دەدەم."

کاتێ کە ڕایمۆند دەمانچەکەی دامێ، هەتاوەکە بە سەریدا خشی. لەگەڵ ئەمەش هێشتا لە جێگای خۆمان بێ جووڵە وەستابووین وەک ئەوەی هەموو شتێک لە دەورووبەرمان داخرابێ. بێ چاوداگرتن سەیری یەکترمان دەکرد و هەموو شتێ لێرە لە نێوان دەریا و لم و هەتاو و بێدەنگیی نای و ئاوەکەدا دەوەستا. لەم ساتە بیرم لەوە کردەوە کە دەتوانرێ تێی بگرم یان تێی نەگرم. بەڵام لەناکاو، عەرەبەکان کشانەوە، خۆیان لە پشت تاشە بەردەکان بزر کرد، من و ڕایمۆندیش هاتینەوە سەر پێی خۆمان. وا پێدەچوو ڕایمۆند هێمنتر بێت و باسی ئۆتۆبووسی کرد بۆ گەڕانەوە.

تا لای خانووەکە لەگەڵی گەڕامەوە، کە ئەو بە پەیژەکە سەردەکەوت، من لەبەردەم یەکەم پایە وەستام، سەرم پڕ لە هەتاو بوو، بێتاقەت بووم لە بەرانبەر ئەو ڕەنجەی دەبێ بۆ سەرکەوتنی پەیژەکەدارەکە بیدەم و جارێکی دیکە بچم لەگەڵ ژنان دانیشم و گفتوگۆ بکەم. بەڵام گەرماییەکەش ئەمەندە بەهێز بوو، زۆرم پێ زەحمەت بوو لەژێر ئەم بارانە کوێرکەرە کە لە ئاسمان دادەبەزێ، بێ جووڵە بمێنمەوە. مانەوە لێرە یان ڕۆیشتن، هەڵبەت یەک



Scanned by CamScanner

ئەنجامی هەیە. دوای چرکەیەک گەڕامەوە سەر کەنار و دەستم بە ڕۆیشتن کردەوە.
لەسەر لم هەمان درەخشانەوەی سوور هەستی پێدەکرا، دەریا بە هەناسەدانە خێراکانی و بە وردەشەپۆلەکانی ماندوو ببوو و تەنگی پێهەڵچنرابوو. بە هێمنی بەرەو تاشە بەردەکان دەڕۆیشتم و هەستم دەکرد لەژێر هەتاوەکە نێوچەوانم ئەستوور دەبێت. ئەو هەموو گەرمییە دەکەوتە سەر من و دژایەتیی بەرەو پێشچوونی منیان دەکرد. هەر جارەش کە ئەو هەناسە گران و گەرمەیە بەر ڕوخسارم دەکەوت، ددانم دەقرساند، لە ناو گیرفانەکانی پانتۆڵەکەم قامکی دەستەکانم وێک دەهێنانەوە، بە هەموو لەشمەوە بەرەو ئەوە دەچووم بەسەر خۆر و ئەو سەرخۆشییە خەستەی کە بەسەری دەڕژاندم، سەرکەوم. لەگەڵ هەر شمشێرێکی ڕووناکی کە لە لمەکە یان لە سەدەفێکی سپی بووەوە یان لە پارچەیەک شووشەوە دەهات، شەویلاگم وێک دەهاتنەوە، ماوەیەکی زۆر ڕۆیشتم.
لە دوورەوە کۆمەڵە تاشەبەردە ڕەشە بچکۆلە دەورەدراوەکەم بە خەرمانی کوێرکەری ڕۆشنایی و غوباری دەریا دەبینی. بیرم لە کانیلە فێنکەکەی پشت تاشەبەردەکە دەکردەوە. حەزم دەکرد خوڕەی ئاوەکە ببیستمەوە، لە هەتاو هەڵبێم، لە کۆشش و گریانی ژن ڕا بکەم، دوایش حەزم دەکرد سێبەر و ئاسوودەیی



Scanned by CamScanner

بدۆزمەوە. بەڵام کاتێ نزیکتر بوومەوە، بینیم ئەو کوڕەی کێشەی لەگەڵ ڕایمۆند هەبوو دووبارە هاتۆتەوە.

بە تەنیا بوو. لەسەر پشت ڕاکشابوو، دەست لەژێر مل، نێوچەوان لەبەر سێبەری تاوێر و تەواوی لەشیش لەبەر خۆر. جلە شینەکەی لەبەر گەرمایی دووکەڵی لێهەڵدەستا. کەمێک سەرم سووڕما. بۆ من ئەم مەسەلەیە کۆتایی پێهاتبوو، بێ بیرکردنەوەش لە ئەو هاتبوومە ئێرە.

هەرکە منی بینی، کەمێک خۆی قیت کردەوە و دەستی خستە گیرفانی. منیش، بە شێوەیەکی سروشتی، دەمانچەکەی ڕایمۆندم لە گیرفانی چاکەتەکەم گوشی. سەرلەنوێ، بێ ئەوەی دەستی لە گیرفانی دەربێنێ کەمێک خۆی بۆ دواوە کشاندەوە. تەواوێک لەو دوور بووم، نزیکەی دە دوانزە مەترێک. لە نێوان پێڵووە نیوە داخراوەکانی هەندێجار دەمتوانی نیگاکانی هەڵبێنم. بەڵام زیاتر شێوەکەی لەبەرچاوم لە نێو هەوای گڕگرتوو سەمای دەکرد. دەنگی شەپۆلەکان هێشتا وەک لە نیوەڕۆ، تەمبەڵتر، خاوتر بوون. هەمان خۆر، هەمان ڕۆشنایی لەسەر هەمان لم بوو، کە لێرە درێژ دەبۆوە. پێشتر، دوو سەعات بوو چیتر ڕۆژەکە هەڵنەدەکشا، دوو سەعات بوو ڕۆژەکە لە ناو ئۆقیانووسی کانزای کوڵاو لەنگەری خۆی گرتبوو. چونکە بێ وەستان تەماشای عەرەبەکەم دەکرد،



Scanned by CamScanner

چڕەهەڵمێکی گچکە بە ئاسۆدا تێپەڕی، لە ئاستی نیگام هەستم بە پەڵەیەکی ڕەش کرد.
بیرم لەوە کردەوە کە تەنیا خۆسووڕاندنەوە و گەڕانەوەم هەیە بیکەم و ئەم مەسەلەیەش تەواو دەبێت. بەڵام تەواوی کەناری هەژاوی بەر خۆر لە پشتم پەلەی دەکرد. چەند پێیەک بەرەو کانیلەکە چوومە پێشەوە. عەرەبەکە نەجووڵاوە. سەرەڕای ئەمانەش، هێشتا تەواوێک دوور بوو. ڕەنگە لەبەر سێبەری سەر ڕوخساری بێت کە دیمەنێکی پێکەنیناوی هەبوو. کەمێک چاوەڕێم کرد. تینی هەتاو ڕوومەتەکانی گرتبووم، هەستم کرد چەند دڵۆپێک ئارەقە لەسەر برۆکانم کۆ دەبنەوە. هەمان خۆری ئەو ڕۆژە بوو کە دایکمم تیایدا ناشت، وەک ئەو ڕۆژە، بە تایبەتی نێوچەوانم ئازاری دەدام و تەواوی هەناوم بە یەکەوە لەژێر پێست لێیان دەدا. لەبەر ئەم گەرماییە بەهێزە کە لە سەرەوەی تاقەتی من بوو، هەنگاوێکم بۆ پێشەوە نا، بێگومان دەمزانی چوونە پێشەوەوە بێمانایە، بە جێگۆڕین ناتوانم خۆم لە خۆر ڕزگار بکەم. بەڵام پێیەک، تەنیا پێیەکم بۆ پێشەوە هەڵێنا. بەڵام ئەم جارە، بێ ئەوەی خۆی قیت بکاتەوە، عەرەبەکە چەقۆیەکەی لە گیرفانی دەرهێنا و لەبەر هەتاوەکە بۆی ڕاگرتم. ڕووناکی لەسەر ڕووی چەقۆیەکە پەرش بووەوە، ئەمەش وەک تیغێکی ئێجگار ڕۆشنی درێژبوو دەگەیشتە نێوچەوانم. لە



Scanned by CamScanner

هەمان چرکە، ئارەقە کۆبووەوەکەی سەر برۆکانم بە جارێک ڕژانە سەر پێڵووەکانم و بە پەردەیەکی شێدار و ئەستوور دایانپۆشی. لە بن ئەم پەردەی فرمێسکە و خوێییەدا چاوەکانم کوێر ببوون. لە دەرزییەکانی هەتاو لەسەر ئەنیەم زیاتر هەستم بە هیچ شتێک نەدەکرد، بێ جیاوازیکردن، شمشێری ڕۆشناییش بەردەوام لە پێشم لە چەقۆیەکە دەڕژایە سەرم. ئەم شمشێرە سووتێنەرە برژانگەکانی دەسووتاندم و چاوە پڕ لە ئازارەکانی دەپشکنیم. لەم کاتەدا بوو هەموو شتێک لەرزی. دەریا هەناسەیەکی قووڵ و دەگمەنی لێوە هات. هەستم کرد ئاسمان بە هەموو فراوانیی خۆی شەق دەبێت و ئاگر دەبارێ. تەواوی بوونم لێک ڕاکشاوە و قامکم تەواو لە دەمانچەکە گیر کرد. پەلاپیتکەکە بەرەڵا بوو، دەستم لە سکی بێگرێی دەسکی دەمانچەکە دا و لێرە، لە ناو سەدایەکی وشک و کەڕکەر هەموو شتێک دەستی پێکرد. ئارەقەکە و هەتاوم لە خۆم دوور خستەوە. تێگەیشتم کە هاوسەنگیی ڕۆژەکە و بێدەنگییە تایبەتییەکەی کەنارەکەم لەناو برد، کە لێی بەختەوەر بووم. ئینجا، چوار جاری دیکەش گوللەم لە جەستەیەکی بێ جووڵە گرت و بێ ئەوەی لێی دیار بن، دەچوونە ناوەوەی. ئەمەش وەک چوار تەقەی کورت بوون، کە بە دەرگای بەدبەختییەوەم نان.



Scanned by CamScanner

# بەشی دووەم

Scanned by CamScanner

# ١

ڕاستەوخۆ دوای گیرانم، چەند جارێک لێکۆڵینەوەم لەگەڵ کرا. بەڵام زیاتر لێکۆڵینەوەیەک بوون دەربارەی ناسنامە و زۆریان نەدەخایەند. یەکەم جار لە کۆمیسارییە، وا پێدەچوو مەسەلەی من سەرنجی کەس ڕانەکێشێ. هەشت ڕۆژ دواتر، بە پێچەوانەوە، حاکمی لێپرسینەوە بە فزوڵییەوە سەیری کردم. بەڵام بۆ دەستپێکردن، تەنیا داوای ناو و ئەدرێس و کار و شوێن و جێگای لە دایکبوونمی کرد. پاشان ویستی بزانێ ئایە پارێزەرێکم بۆ خۆم گرتووە. وتم نەمگرتووە، ئینجا بۆ ئەوەی بزانم زۆر پێویستە پارێزەرێکم هەبێت، پرسیارم لێکرد. وتی: "بۆچی؟" وەڵامم دایەوە کە مەسەلەی خۆم گەلێک سادە دەبینم. بە خەندەوە گوتی: "ئەمەش ڕایەکە. لەگەڵ ئەمەش، یاسامان لە پێشە. ئەگەر ئێوە پارێزەر هەڵنەبژێرن، ئێمە یەکێک بە ڕەسمی دەستنیشان دەکەین." هەستم کرد



Scanned by CamScanner

شتێکی زۆر لەبار و گونجاوە کە عەدالەت ئەم کارانەی گرتۆتە ئەستۆی خۆی. هەمان شتم پێگوت. ئەویش سەری بۆ لەقاندم وتی یاسا بە ڕێکوپێکی داڕێژراوە.

سەرەتا بە گرینگم وەرنەگرت. لە ژوورێکی پڕ لە پەردە پێشوازیی لێکردم، لەسەر مێزەکەی چرایەک هەبوو تیشکەکەی دەکەوتە سەر کورسییەک، کە بۆی دەستنیشان کردم لێی دانیشم، خۆشی لە تاریکییەکەدا مایەوە. پێشتر وەسفێکی لەم جۆرەم لە کتێبان خوێندبووە و هەموو ئەمانەم وەک وازییەک دەهاتە بەرچاو. دوای گفتوگۆیەکەمان بە پێچەوانەوە، تەماشام کرد پیاوێکی سیما ناسکم بینی، دوو چاوی شینی گەورەی تاری، سمێڵێکی بۆری درێژ و پرچێکی پڕی مەیلەوسپی. زۆر ژیر دەهاتە بەرچاوم و لە هەمووشی گرینگتر، سەرەڕای هەندێ جووڵەی نائیرادیی دەمی، دڵگیر بوو. لە دەرچوون، ویستم بچم دەستی بگوشم و تۆقەی لەگەڵ بکەم، بەڵام دوایی زوو بە بیرم هاتەوە، کە من مرۆڤێکم کوشتووە.

ڕۆژی دوایی، پارێزەرێک هاتە زیندان بمبینێ. بچکۆڵە و خڕ بوو، تەواو گەنج، بە وردی پرچی خەواندبوو. سەرەڕای گەرمابیەکە (من کراسێکی نیوقۆڵم لەبەر بوو) چاکەت و پانتۆڵێکی تاریک، یەخە نوشتاوە و بۆینباغێکی عەنتیکەی دامەدامەی گەورەی ڕەش و سپیی لەبەر بوو. ئەو جانتایەی کە لە بنهەنگڵی هەڵگرتبوو، لەسەر



Scanned by CamScanner

تەختەکەمی دانا و خۆی پێشکەش کردم و پێی وتم لە دۆسییەکەی منی کۆڵیوەتەوە. مەسەلەی من ئاڵۆزە، بەڵام ئەگەر باوەڕی پێبکەم، ئەو گومانی لە سەرکەوتن نەبوو. سوپاسم کرد و پێی وتم:" دەبا بچینە ناو دڵی بابەتەکە." لەسەر تەختەکە دانیشت و بۆی ڕوون کردمەوە کە زانیارییان لە سەر ژیانی تایبەتیم وەرگرتووە. زانیبوویان کە بەم زووانە دایکم لە خانەی بەساڵاچووانەوە مردووە. پاشان لە مارێنگۆ لێکۆڵینەوەیان کردبوو. لێکۆڵەرەوەکان ئەوەیان بە دەست هێنابوو کە لە ڕۆژی ناشتنی دایکم "هەستیار نەبوویمە". "پارێزەرەکەم وتی تێدەگەن، ئەم خاڵە کەمێک هەراسانم دەکات داوات لێبکەم، بەڵام زۆر گرینگە. ئەگەر هیچ نەدۆزمەوە بۆ وەڵامدانەوە، دەبێتە بەهانەیەکی زل بۆ تاوانبارکردن." دەیویست یارمەتیی بدەم. داوای لێکردم ئایە ئەو ڕۆژە ئازارم هەبووە. ئەم پرسیارەم زۆر پێ سەیر بوو، من بۆ خۆم زۆر هەراسان دەبووم ئەگەر بمکردایە. هەروەها وتم ماوەیەکە کەمێک عادەتی ئەوەم بزر کردووە پرسیار لە خۆم بکەم و زۆریش پێم زەحمەتە زانیاریی بدەمێ. بێگومان دایکمم زۆر خۆش دەویست، بەڵام ئەمە هیچ مانایەکی نییە. گشت کەسێکی ساغ و سەلامەت کەم و زۆر بە ئاواتی مەرگی ئەوانەی خۆشیان ویستووە، بوونە. لێرەدا، پارێزەر قسەی پێبڕیم و زۆر شڵەژاو هاتە بەرچاو. بەڵێنی لێوەرگرتم نە لە کاتی


Scanned by CamScanner

دادگایی نه له پێش حاکمی لێپرسینەوە ئەمە نەڵێم. ئینجا بۆم ڕوون کردەوە کە من سروشتێکی وام هەیە زۆر جار پێویستە فیزیکییەکانم هەستوسۆزم هەراسان دەکەن. ڕۆژی ناشتنی دایکم زۆر ماندوو بووم، خەوم دەهات. بە ڕادەیەک، هەستم بەوە نەکردووە چی ڕووی داوە. ئەوەی بە دڵنیاییەوە دەمتوانی بیڵێم، ئەوەیە حەزم دەکرد دایکم نەمردبایە، بەڵام پارێزەرەکەم دڵخۆش نەبوو، وتی: "ئەمەندە بەس نییە".

پارێزەر بیری کردەوە. پرسیاری لێکردم ئایە دەتوانم بڵێم ئەو ڕۆژە بەسەر هەستە سروشتییەکانم زاڵ بوومە. وتم: "نەخێر، چونکە ئەمە هەڵەیە." بە چاوێکی سەیر تەماشای کردم، وەک ئەوەی قێزی بهێنمەوە. تا ڕادەیەک بە شەڕانگێزی پێی وتم لە هەموو حاڵەتێکدا بەڕێوەبەر و فەرمانبەرەکانی خانەی بەساڵاچووان وەک شاهێد گوێیان لێدەگیرێ و ئەمەش ڕۆڵێکی زۆر پیسی بۆ من هەیە." سەرنجیم بۆ ئەوە ڕاکێشا کە ئەم مەسەلەیە هیچ پەیوەندییەکی بە کاروباری منەوە نییە، بەڵام ئەو تەنیا وەڵامی ئەوەی دامەوە، کە دیارە من قەت پەیوەندیم لەگەڵ دەزگای عەدالەت نەبووە.

پارێزەر بە سیمایەکی تووڕەوە ڕۆیشت. ویستم بیگێڕمەوە، بۆی ڕوون بکەمەوە کە دڵگیریی ئەوم مەبەستە، نەک بۆ ئەوەی باشتر بەرگریم لێبکا، بەڵکو،



Scanned by CamScanner

ئەگەر بتوانم بیلێم بە شێوەیەکی سروشتی. بە تایبەتی، هەستم دەکرد دەیخەمە بارێکی نەگونجاو. تێم نەدەگەیشت و کەمێک لۆمەی دەکردم. حەزم دەکرد بۆ بسەلمێنم کە منیش وەک هەموو خەڵکێکم، بە ڕاستی وەک هەموو خەڵک. بەڵام ئەم شتانە گشتی، لە قووڵاییدا، سوودێکی وا گەورەیان نەبوو، منیش لەبەر تەمبەڵی وازم لێهێنان.

ماوەیەک دواتر، بردمیانەوە پێش حاکمی لێپرسینەوە. سەعات دووی پاشنیوەڕۆ بوو. ئەمجارە، بیرۆیەکەی پڕ لە ڕووناکی بوو، پەردەیەکی تەنک بە ئاستەم تەشقی ڕووناکییەکەی شکاندبوو. زۆر گەرم بوو. ئاماژەی دانیشتنی بۆ کردم و بە لوتفێکی زۆرەوە پێی گوتم پارێزەرەکەم لەبەر "هۆیەکی ناگەهان" نەیتوانی بێت. بەڵام من مافی ئەوەم هەبوو وەڵامی پرسیارەکانی نەدەمەوە چاوەڕێ بین تا پارێزەرەکەشم ئامادە دەبێت. وتم دەتوانم بە تەنها وەڵامی بدەمەوە. بە پەنجە پلاکێکی لەسەر مێزەکە داگرت. نووسەرێکی گەنج (نووسەری مەحکەمە) هات بە ڕادەیەکی نزیک لە پشتمەوە دانیشت.

هەردووکمان بە ئاسوودەیی لە ناو کورسییەکانمان دانیشتبووین. لێپرسینەوە دەستی پێکرد. سەرەتا پێی گوتم گوایە بە چەشنێک وەسفم دەکەن، کە من سروشتێکی بێدەنگ و داخراوم هەیە و لەم بارەیەوە ویستی ڕای من بزانێ. وتم: "مەسەلەکە ئەوەیە من قەت شتێکی گەورەم


Scanned by CamScanner

نییە بیڵێم، لەبەر ئەمە بێدەنگ دەبم." وەکو جاری یەکەم خەندەی هاتێ و وتی ئەمە باشترین شتە، پاشان وتی: "لە لایەکی دیکە، ئەم هیچ گرینگییەکی نییە." ئینجا بێدەنگ بوو و سەیری کردم و لەناکاو خۆی قیت کردەوە و بۆ ئەوەی بە خێرایی پێم بڵێ: "ئەوەی بە لامەوە گرینگە، ئێوەن." باش تێنەگەیشتم مەبەستی چییە لەمە، منیش هیچ وەڵامم نەدایەوە. "وتی هەندێ شت لە جووڵانەوەت هەن نایانگرم. دڵنیام کە ئێوە یارمەتیم دەدەن تێیانبگەم." منیش وتم هەمووی زۆر سادەیە. پەلەی لێکردم ڕۆژەکەی خۆمی بۆ بگێڕمەوە. ئەوەم بۆ گێڕایەوە کە پێشتر بۆم گێڕابووەوە: ڕایمۆند، کەنار دەریا، مەلەوانی، دەمەقاڵێ، جارێکی دیکەش کەنار دەریا، کانیلەکە، خۆر و پێنج تەقەی دەمانچە. لە هەر ڕستەیەک دەیوت: "باشە، باشە. " کە گەیشتمە سەر جەستە ڕاکشاوەکە، سەری لەقاند و وتی: "زۆر چاکە." لە ئەنجامی دووبارەکردنەوەی هەمان ڕووداو ماندوو ببووم و هەستم دەکرد قەت ئەمەندە قسەم نەکردووە.

پاش کەمێک بێدەنگی، هەڵساوە سەرپێ و وتی دەیەوێ یارمەتیم بدات، منی بە لاوە گرینگە و بە یارمەتیی خودا شتێکم بۆ دەکات. بەڵام پێشتر، دەیویست هێشتا هەندێ پرسیارم لێبکات. بێ پێشەکی داوای لێکردم ئایا دایکمم خۆش ویستووە. وتم: "بەڵێ، وەک هەموو خەڵک. "


Scanned by CamScanner

نووسەرەکەش کە تا ئەو دەم بە ڕێکی لەسەر ئامێرەکە چاپی دەکرد، دەبێ لە لێدانی پیتەکان لێی تێک چووبێ، بۆیە شڵەژا و ناچار بوو بگەڕێتەوە دواوە. بەردەوام بێ هیچ لۆژیکێکی دیار، حاکم دیسان داوای لێکردمەوە ئایا هەر پێنج گوللەم یەک لە دوای یەک هاویشتن. بیرم کردەوە و ڕوونم کردەوە کە سەرەتا یەکێکم هاویشت، پاش چەند چرکەیەک چوار گوللەکەی دیکە. ئینجا وتی: "بۆچی لە نێوان تەقەی یەکەم و دووەم چاوەڕێت کرد؟" جارێکی دیکەش، کەنار دەریای سوور هاتەوە بەرچاوم و لەبەر خۆرەکە هەستم بە سووتانی نێوچەوانم کرد. بەڵام ئەمجارە هیچ وەڵامم نەدایەوە. بە درێژایی ئەو هەموو بێدەنگییە حاکم شڵەژاو دەهاتە بەرچاو. دانیشت، دەستی خستە ناو پرچی، ئانیشکی خستە سەر مێزەکە و خۆی بۆ لای من شۆڕ کردەوە و بە ڕوخسارێکی غەریب: "بۆچی گوللەت لە جەستەیەکی کەوتوو گرت؟" لێرەش وەڵامم نەدایەوە. حاکم دەستەکانی بە نێوچەوانی داهێنا و بە دەنگێکی وشک هەمان پرسیاری دووبارە کردەوە: "بۆچی؟ دەبێ پێم بڵێن، بۆچی؟" بەردەوام بێدەنگ بووم.

لەناکاو هەڵسایەوە، بە شاقاوی گەورە بەرەو گۆشەیەکی بیرۆیەکەی ڕۆیشت و چەکمەجەی دۆڵابێکی ڕاکێشا. خاچێکی زیوینی دەرهێنا و وێڕای هاتنەوەی بەرەو ڕووم بەرزی کردەوە. بە دەنگێکی تەواو گۆڕاو و تا ڕادەیەک



Scanned by CamScanner

لەرزۆک هاواری کرد: "ئایە ئەمە دەناسن؟" وتم "بەڵێ، هەڵبەت." ئینجا زۆر بە خێرایی و بە چەشنێکی تێکەڵ بە سۆز وتی باوەڕی بە خودا هەیە، قەناعەتیشی وایە کە هیچ کەسێک هێندە تاوانبار نییە تا خوا نەیبەخشێ، بەڵام دەبێ بۆ ئەمە تۆبە و پەشیمانی مرۆڤ وەک منداڵێک لێبکات کە گیانێکی بێگرێی هەیە و بۆ گشت کڕنوشبردنێک ئامادە بێت. هەموو جەستەی خۆی بۆ سەر مێزەکە خوار کردبۆوە. تا ڕادەیەک لە سەرەوەی من خاچەکەی دەجووڵاندەوە. لە ڕاستیدا، زۆر بە خراپی گوێم بۆ بەهانە ئەقڵییەکەی شل کردبوو. سەرەتا، لەبەر ئەوەی زۆر گەرم بوو و بیرۆیەکەشی مێشی گەورەی لێبوو و دەهاتنە سەر دەموچاوم، هەروەها لەبەر ئەوەی کەمێک دەیترساندم. لە هەمان کات دانی پێدادەنێم کە بێمانا بوو، چونکە پاش هەموو شتێک، تاوانبار من بووم، لەگەڵ ئەمەش درێژەی پێدا. تا ڕادەیەک تێنەگەیشتم کە بە ڕای ئەو تەنیا یەک خاڵی تاریک لە ئیعترافەکەم هەبوو، ئەویش ئەوەبوو بۆ لێدانی گوللەی دووەم چاوەڕێم کردووە. ئەوەی تری زۆر باش بوو، بەڵام لەمەیان، ئەو تێی نەدەگەیشت.

دەمویست پێی بڵێم بۆ پێداگرتنی لەسەر ئەم خاڵە ئەو بە هەڵەدا چووە: ئەم دواخاڵە ئەمەندە گرینگی نییە. بەڵام قسەی پێبڕیم و بۆ دواجار کە تەواو وەستابوو، لێی پرسیم ئایە باوەڕم بە خودا هەیە؟ منیش وتم نەخێر.



Scanned by CamScanner

ئینجا بە نەفرینەوە دانیشت. وتی ئەمە ناشێ، هەموو کەسێک باوەڕی بە خودا هەیە، هەتا ئەوانەش کە خۆیان لەڕووی وەردەگێڕن. قەناعەتی ئەوە بوو و ئەگەر هەر گومانیشی لێبکات، ژیانی هیچ مانایەکی نابێ. بە سەرسووڕمانەوە وتی "دەتانەوێ، ژیانم هیچ مانایەکی نەبێت؟" پێم وت بە ڕای من ئەمە پەیوەندیی بە منەوە نییە. بەڵام لەسەر مێزەکە، لەبەرچاوم خاچی مەسیحی بۆ لای من درێژ کرد و بە جۆرێکی گێلانە هاواری دەکرد "من، من مەسیحیم. لەو داوای لێبوردنت بۆ دەکەم. چۆن دەتوانی باوەڕ نەهێنی کە بۆ تۆ ئازاری خواردووە؟" سەیرم کرد بە تۆ قسەم لەگەڵ دەکات، بەڵام تەواو لێی پڕ ببووم. گەرماییەکە زیاتر بەرز دەبۆوە. وەک هەموو جارێک کە بمەوێ یەکێک لە کۆڵ خۆم بکەمەوە، کە بە ئاستەم گوێی لێدەگرم، سەرم بۆی لەقاند. چاوەڕواننەکراو، بە نەزمێکی سەرکەوتووانە وتی: "دەبینی، دەبینی، وانییە تۆ باوەڕت پێی هەیە و ئێستاش ئیعترافی بۆ دەکەی؟" بۆ جارێکی دیکەش وتم نەخێر. ئینجا کەوتەوە سەر کورسییەکەی خۆی.

زۆر ماندوو دەهاتە بەرچاو. چەند ساتێک بێدەنگ بوو، لەو ماوەیەش ئامێری چاپەکە، کە بەردەوام بوو لە نووسینەوەی گفتوگۆیەکە، دواڕستەی دەنووسی، پاشان، بە وردی و کەمێکیش بە خەمبارییەوە سەیری کردم.



Scanned by CamScanner

منگەمنگێکی کرد: "قەت گیانی ڕەقی وەک ئەمەی ئێوەم نەبینیووە. هەموو ئەو تاوانبارانەی هاتوونەتە پێشم، بەرانبەر بە وێنەی ئەم ئازارە گریاون." خەریک بوو بڵێم چونکە ئەوان تاوانبار بوونە. بەڵام بیرم کردەوە کە منیش وەک ئەوانم. ئەمەش بیرێک بوو، کە نەمدەتوانی خۆم لەگەڵی ڕابێنم. ئینجا حاکم هەڵساوە و وەک ئەوەی ئیشارەتم بۆ بکات کە لێپرسینەوەکە تەواو بووە، بە هەمان ڕوخساری کەمێک ماندوو تەنیا داوای لێکردم ئایە پەشیمانم لە کردەکەم. بیرم کردەوە وتم زیاتر هەست بە جۆرێک لە هەراسانی دەکەم وەک پەشیمانیی تەواو. هەستم دەکرد تێم ناگات. بەڵام ئەو ڕۆژە شتەکان لەمەندە زیاتر نەڕۆیشتن.

پاشان گەلێجار حاکمی لێپرسینەوەم بینییەوە. بەڵام هەموو کەڕەتێک پارێزەرەکەم لەگەڵ بوو. زیاتر هەندێ خاڵیان لە قسەکانی پێشوو پێ ڕوون دەکردمەوە. یانیش حاکم لەگەڵ پارێزەرەکەم دەربارەی بەڵگە و شاهێدی قسەیان دەکرد. بەڵام لە ڕاستیدا لەم کاتانە قەت خەریکی من نەدەبوون، لە هەموو حاڵەتێکدا وردەوردە ڕەوشی لێپرسینەوەکان دەگۆڕان. وا پێدەچوو چیتر بۆ حاکم سەرنجڕاکێش نەبم و بە چەشنێک مەسەلەی منی داخستبێ. چیتر دەربارەی خوا قسەی لەگەڵ نەکردم و قەتیش لە حاڵەتی هەڵچوونی یەکەم ڕۆژ نەمبینییەوە.



Scanned by CamScanner

سەرەنجام، گفتوگۆیەکانمان شێوەیەکی زۆرتر برایانەی وەرگرتبوو. چەند پرسیارێک. کەمێک ئاخاوتن لەگەڵ پارێزەرەکەم، لێپرسینەوە تەواو ببوو. بە گوێرەی قسەی حاکم خۆی، مەسەلەکەم ڕێڕەوی خۆی وەرگرتووە. هەندێجاریش، کاتێ کە گفتوگۆیەکان گشتی بوون، منیشیان تێ وەردەدا. ئیتر منیش بە ئاسوودەیی هەناسەم دەدا. لەم کاتانە، هیچ کەسێک لەگەڵم خراپ نەبوو. هەموو شتێک ئەمەندە سروشتی بوو، ئەمەندە چاک ڕێک خرابوو و ئەمەندە بە ڕێکی ئەنجام دەدرا، بیرێکم لا دروست بوو "بێمانا بوو بەشێک بم لەم خێزانە". بە درێژایی یانزە مانگی لێپرسینەوە، دەتوانم بڵێم تا ڕادەیەک سەرم لەوە سووڕ مابوو کە هەرگیز بە ئەندازەی ئەو چرکە دەگمەنانە لە شتێکی تر چێژم وەرنەگرتووە، کە حاکم تا لای دەرگای بیرۆیەکەی بە ڕێی دەکردم و دەستی لە شانم دەدا و برایانە دەیگوت: "ئەمەندە بۆ ئەمڕۆ بەسە جەنابی دژەمەسیح." ئینجا دەیاندامەوە دەست پۆلیسەکان.


Scanned by CamScanner

# ٢

هەندێ شت هەن قەت حەزم نەکردووە قسەیان لە بارەوە بکەم. کە چوومە زیندان، پاش چەند ڕۆژێک، تێگەیشتم حەز ناکەم دەربارەی ئەم بەشەی ژیانم بدوێم.

درەنگتر چیتر گرینگیی ئەم نەفرەتەم نەدۆزییەوە. لە ڕاستیدا لە ڕۆژانی یەکەم تەواو زیندانی نەبووم، زیاتر بە شێوەیەکی ئالۆز چاوەڕێی ڕووداوی نوێم دەکرد. ئەمەش دوای یەکەم و تاقە زیارەتی ماری بوو، کە هەموو شتێک دەستی پێکرد. لەو ڕۆژەوەی کە نامەی ماری-م پێگەیشت (دەیگوت چیتر ڕێگای پێنادەن بێتە لام، چونکە ئەو ژنی من نەبووە.) لەو ڕۆژەوە، هەستم کرد لە زیندان لە ماڵی خۆمم و ژیانیشم لێرەوە دەوەستێ. لە ڕۆژی گرتنم، سەرەتا لە ژوورێکیان دانام پێشتر کۆمەڵێک گیراوی لێبوو، زۆربەیان عەرەب بوون. کە منیان بینی، پێکەنین. پاشان داوایان لێکردم چیم کردووە. گوتم عەرەبێکم کوشتووە، ئینجا بێدەنگ بوون. بەڵام ساتێک دواتر دونیا



Scanned by CamScanner

تاریک بوو. بۆیان ڕوون کردمەوە دەبێ چۆن حەسیرەکەم ڕاخەم، کە لەسەری دەخەوم. بە لوولدانی سەرێکی دەتوانرا بالیفێکی لێ دروست بکرێ. تەواوی شەو، کێچ لەسەر دەموچاوم دەهاتن و دەچوون. چەند ڕۆژێک دواتر بە تەنیا لە ژووریکیان دانام، دەمتوانی لەسەر تەختێکی دار بخەوم. دۆلکەیەک. و تەشتێکی ئاسنینم هەبوو. زیندان تەواو لە سەرەوەی شار بوو، لە پەنجەرەیەکی بچکۆڵەوە دەمتوانی دەریا ببینم. ڕۆژێک خۆم بە شیشە ئاسنینەکاندا شۆڕ کردبۆوە، ڕوخسارم بۆ ڕۆشناییەکە درێژ کردبوو، یەکێک لە پاسەوانەکان هاتە ژوورێ و پێی وتم یەکێک هاتووە بۆ بینینت. بیرم کردەوە ماری بێت. خۆی بوو.

بۆ گەیشتنە ژووری چاوپێکەوتن، داڵانێکی درێژم بڕی، پاشان پلیکانەیەک، ئینجا داڵانێکی تر. چوومە ناو هۆڵێکی زۆر گەورە کە بە کلاوڕۆژنە بەرینەکەی ڕۆشن بوو. هۆڵەکە بە دوو بەربەست، کە بە درێژایی دانرابوون، کرابووە سێ بەش. لە نێوان دوو بەربەستەکە بۆشاییەکی هەشت تا دە مەتری هەبوو خەڵکەکەی لە زیندانییان جیا دەکردەوە. ماری-م لە بەرانبەر خۆم بە خۆیی و ڕۆبە خەتخەتەکەی و ڕوخساری برۆنزی بەدی کرد. لە بەشەکەی لای من دەیان زیندانی لێبوو، زۆربەیان عەرەب بوون. ماری بە ژنە مەغریبییەکان دەورە درابوو، لە نێوان



Scanned by CamScanner

دوو ژن بوو: پیرەژنێکی بچکۆڵەی ڕەشپۆش، کە لێوەکانی توند لەسەر یەکتری دانابوو و ژنێکی قەڵەوی پرچن، کە بە دەنگی بەرز وێڕای ئاماژەی زۆر قسەی دەکرد. چونکە بواری دوو بەربەستەکە زۆر بوو، زیندانی و خەڵکەکە ناچار بوون بە دەنگی بەرز قسە بکەن. کاتێ کە چوومە ژوورەوە، هەراوزەنای دەنگەکان کە دیوارە ڕووت و گەورەکانی هۆڵەکە پێچەوانەی دەکردنەوە و ئەو ڕووناکییە وشکەی لە ئاسمان دەڕژا، دەکەوتە سەر شووشەی پەنجەرەکان و لە ناو هۆڵەکە بڵاو دەبۆوە، جۆرە گێژییەکی بۆ دروست دەکردم. ژوورە تاکەکەسییەکەی خۆم ئارامتر و کەمێ تاریکتر بوو. پێویستم بە چەند خولەکێک بوو تاکو خۆم ڕابهێنم. لەگەڵ ئەمەش سەرەنجام توانیم هەموو ڕوخسارێک لە ناو ئەم هەموو ڕۆشناییە بە جیا و بە ڕێکی ببینم. لەمسەری داڵانەکە لە نێوان دوو بەربەستەکەدا پاسەوانێکم بەدی کرد، دانیشتبوو. تەواوی زیندانییە عەرەبەکان و خێزانەکانیان بەرانبەر یەکتری هەڵکوڕمابوون. ئەمان هاواریان نەدەکرد. سەرەڕای هەراوهۆریا، دەیانتوانی بە هێمنی قسە بکەن و لە یەکتری بگەن. دەنگەدەنگە کەڕکەرەکەیان کە لە ژێرەوە دەردەهات، وەک زەمینەیەکی هەمیشەیی بوو بۆ گفتوگۆکانیان، کە لە سەرەوەی ئەوان لێک ڕەت دەبوون. زۆر بە خێرایی، کە بەرەو ماری چووم



Scanned by CamScanner

تێبینیی ئەم شتانەم کرد. خۆی بە بەربەستە ئاسنینەکەوە نووساندبوو، بە هەموو هێزی خۆی پێدەکەنی. هەستم کرد زۆر جوانە، بەڵام نەمتوانی پێی بڵێم. "بە دەنگێکی بەرز وتی ئینجا..؟ -ئەمەتام لە پێشت. – چۆنی، ئەوەی دەتەوێ هەتە؟ – بەڵێ، هەموو شتێک." هەردووکمان بێدەنگ بووین، کەچی ماری بەردەوام زەردەی دەهاتێ. ژنە قەڵەوەکەی بەرانبەر ئەوەی تەنیشتم، کە مێردی بوو، هاواری دەکرد، کابرا کەڵەگەتێکی مووزەردی نیگا بێگەرد بوو. ئەمەش پاشماوەی ئەو گفتوگۆیە بوو کە پێشتر دەستی پێکردبوو. "ژنەکە بە دەنگێکی گێژکەر هاواری دەکرد، – ژان نەیویست وەری بگرێ، پیاوەکەش دەیگوت،

– بەڵێ بەڵێ.

– پێم گوت کە تۆ دەردەچیت، وەری دەگریتەوە، بەڵام ئەو نەیویست وەری بگرێ.

ماریش لە لای خۆی هاواری کرد ڕایمۆند سڵاوی بۆم هەیە و منیش وتم "سوپاس." بەڵام دەنگم بەمەی تەنیشتم داپۆشرابوو، کە دەیگوت "گوزەرانی باشە". ژنەکەی بە پێکەنینەوە وەڵامی دایەوە "هیچ کاتێک وا باش نەبووە." هاوسێکەی لای چەپم پیاوێکی گەنجی دەستناسک بوو، هیچی نەدەگوت. سەیرم کرد بەرانبەر پیرەژنێکی بچکۆڵەیە و هەردووکیان بە چڕی تەماشای یەکتر دەکەن. بەڵام کاتم نەبوو لەمە زیاتر سەیریان بکەم، چونکە ماری



Scanned by CamScanner

هاواری کرد و وتی دەبێ هیوام هەبێ. وتم "بەڵێ." لە هەمان کاتیش تەماشایم دەکرد و حەزی ئەوەم تیابوو شانی لەژێر کراسەکەیەوە بگوشم. حەزم لەم قوماشە ناسکە بوو و زۆر بە باشیش نەمدەزانی لەو زیاتر هیوام بە چی بێت. بەڵام بێگومان هەر ئەوەبوو کە ماری دەیویست بیڵێ، چونکە هەردەم زەردەی دەهاتێ. لە بریقەی ددان و وردەلۆچی پێڵووی چاوەکانی زیاترم نەدەبینی. دیسان هاواری کردەوە و وتی: "دەردەچی، ئینجا زەماوەند دەکەین!" منیش وەڵامم دایەوە: "لەو باوەڕەی؟" بەڵام ئەم قسانە تەنیا بۆ ئەوە بوو شتێک بڵێین. ئینجا بە خێرایی و بە دەنگی بڵند وتی بەڵێ، من بەردەبم و هێشتاش زیاتر بە یەکەوە مەلەوانی دەکەین. بەڵام ژنەکەی تەنیشت ماری هاواری دەکرد و دەیگوت سەبەتەیەکی لە بیرۆیەکە بەجێ هێشتووە. هەموو ئەو شتانە نرخیان گران بوو. پیاوەکەی تری تەنیشتم لەگەڵ دایکی بەردەوام تەماشای یەکتریان دەکرد. پسەپسی عەرەبەکانیش لە ژێرەوەمان بەردەوام بوو. لە دەرەوەش وا پێدەچوو ڕووناکییەکە بۆ سەر کڵاوڕۆژنەکە خەستر بووبێت.

هەستم دەکرد کەمێک نەخۆشم، بۆیە دەمویست بڕۆم. هەراوهۆریایەکە ئازاری دەدام. بەڵام لە لایەکی دیکە، دەمویست هێشتا هاتنی ماری بقۆزمەوە. نازانم چەند



Scanned by CamScanner

وەخت بەسەر چوو. ماری دەربارەی ئیشەکەی قسەی بۆ کردم و بێ وەستانیش زەردەخەنەی دەهاتێ. پسەپس و هاوارەکان، گفتوگۆیەکان لێک ڕەت دەبوون. تاقە دوورگەی بێدەنگیش لە تەنیشت من بوو، کە پیاوە بچکۆڵە گەنجەکە لەگەڵ پیرەژنەکە تەماشای یەکتریان دەکرد. وردەوردە عەرەبەکانیان برد. لەگەڵ دەرچوونی یەکەم کەس نزیکەی تەواوی خەڵکەکە بێدەنگ بوو. پیرەژنە بچکۆڵەکە خۆی لە بەربەستەکە نزیک کردەوە و لە هەمان کاتیش، یەکێک لە پاسەوانەکان ئیشارەی بۆ کوڕەکەی کرد. ئەویش وتی: "خواحافیز دایە." دایکیشی وەک نیشانەیەکی هێمن و قووڵ لە نێوان دوو شیشەی بەربەستەکە دەستی بۆ درێژ کرد.

پیرەژن کە دەرچوو، پیاوێکی شەپقە بە دەست هاتە ژوورەوە و شوێنەکەی ئەوی گرتەوە. زیندانییەکیان هێنایە بەرانبەری بە ڕێکی قسەیان دەکرد، بەڵام بە دەنگی نزم، چونکە ژوورەکە هێمن ببۆوە. بە سۆراغی پیاوەکەی لای ڕاستم هاتن و ژنەکەش بێ ئەوەی دەنگی نزم بکاتەوە، وەک ئەوەی هەستی پێنەکردبێ چیتر پێویست بە هاوارکردن ناکات، دەیگوت: "لە خۆت بخەفتە و ئاگادار بە." پاشان نۆرەی من هات. ماری ئیشارەیەکی بۆ کردم، کە ماچم دەکات. پێش ئەوەی دەرچم، ڕووی خۆم وەرگێڕا، ماری بێ جووڵە وێڕای هەمان خەندەی



Scanned by CamScanner

هەڵبزڕکاو و گرژ وەستابوو، چونکە زۆر لە تەلبەندەکە نزیک بوو، ڕوخساری تێک شکابوو.

پاشان، دوای ماوەیەکی کەم بۆی نووسیم. هەر لەو ساتەش شتەکان دەستیان پێکرد، کە من قەت حەزم نەکردووە قسەیان لەسەر بکەم. لە هەموو حاڵەتێک، پێویست بە هیچ درێژدادڕییەک ناکات و ئەمەشم لە هەموو شتێکی دیکە لا ئاسانترە.

کەچی لە سەرەتای گیرانم، ئەوەی لە هەموو شتێکی دیکە لە لام سەختتر بوو، ئەوەبوو من بیری پیاوی ئازادم هەبوو. بۆ نموونە ئارەزووی ئەوە دەیگرتم لە کەناری دەریا بم و بەرەو ئاو بڕۆم. خەیاڵم بۆ هاشەی هەوەڵین شەپۆڵی ئاوی بنپێیەکانم دەچوو، ئینجا چوونم بۆ ناو ئاو و ئەو ڕزگارییەی دەمدۆزییەوە، لەناکاو هەستم دەکرد دیواری زیندانەکەم زۆر لێک نزیک بوونەتەوە. بەڵام ئەمە چەند مانگێک درێژەی کێشا. پاشان، تەنیا بیری یەکێکی زیندانیم هەبوو. چاوەڕێی پیاسەی ڕۆژانەی داڵان یان هاتنی پارێزەرەکەمم دەکرد. زۆر باش خۆم لەگەڵ کاتەکانی دیکەم دەگونجاند. گەلێک جار بیرم بۆ ئەوە چووە، ئەگەر، بۆ ژیان لە ناو کرۆکی قەدی درەختێکی وشکم بنێن، هیچ نەکەم تەنیا سەیری گوڵی ئاسمانی سەر سەرم بکەم، وردەوردە لەگەڵ ئەم ژیانە ڕادەهاتم. چاوەڕێی تێپەڕبوونی باڵندەکان یان بەیەکگەیشتنی



Scanned by CamScanner

هەورەکانم دەکرد، هەروەک چۆن لێرە چاوەڕێی بۆیبناغی سەرسووڕمێنەری پارێزەرەکەمم، بە هەمان شێوە لە دنیایەکەی دیکە، ڕۆژەکانم تا هاتنی شەممە دەژمارد، ئینجا لەباوەشگرتنی لەشی ماری. کەچی دوای چاک وردبوونەوە لە ناو درەختی وشک نەبووم. خەڵکی لە من بەدبەختتر هەبوون. ئەمەش بیری دایکم بوو، زۆرجار ئەمەی بۆ دووبارە دەکردمەوە، کە سەرەنجام لەگەڵ هەموو شتێک ڕادێین.

پاشان بە شێوەیەکی ئاسایی خەیاڵم لەمە زیاتر نەدەڕۆیشت. مانگەکانی بەرایی زۆر ناخۆش بوون. بەڵام ئەو کۆششەی کە دەبووایە بیکەم، یارمەتیی دام لێیان ڕەتبم. بۆ نموونە، لەبەر گڕی ئارەزووم بۆ ژنێک زۆر گینگڵم دەخوارد. ئەمەش شتێکی سروشتی بوو، چونکە لاو بووم. ئەگەرچی قەت بە شێوەیەکی تایبەتی بیرم لە ماری نەدەکردەوە، بەڵام ئەمەندە زۆر بیرم لە ژنێک، گشت ژنان، تەواوی ئەوانەی ناسیومن، تەواوی ئەو بارودۆخەی تێیدا خۆشم ویستوون، دەکردەوە، بە ڕادەیەک ژوورەکەم پڕ ببوو لە ڕوخساری ئەمانە و ئارەزووەکانی من. ئەمەش لە لایەک هاوسەنگیی تێک دەدام، بەڵام لە لایەکی دیکەوە وەخت بەسەر دەچوو. سەرەنجام برادەرایەتیی سەرۆکی پاسەوانەکانم بۆ خۆم بردەوە، کە لە کاتی نانخواردن دەگەڵ چێشتهێنەرەکان



Scanned by CamScanner

دەهات. ئەوە بوو سەرەتا دەربارەی ژنان قسەی بۆ کردم، پێی وتم لەم ڕووەوە ئەمە تاقە شتێکە کە زیندانییەکان ئازاریان هەیە. پێم وت منیش وەکو ئەوان بووم و هەستیش دەکەم ئەم ڕەفتارە دروست نییە. "پێی وتم، هەڵبەت لەبەر ئەمەیە کە زیندانیتان دەکەن – چۆن لەبەر ئەمەیە ؟ - با لەبەر ئەمەیە، لەبەر ئازادی، ئازادیتان لێدەبڕن." قەت بیرم لەمە نەکردبۆوە. باوەڕم پێی کرد: "وتم ڕاست دەکەیت، بەڵام ئازاردانەکە لە کوێیە؟ - بەڵێ، ئێوە لە شتەکان دەگەن، بەڵام ئەوانی دی نەخێر. بەڵام ئەوانیش سەرەنجام هەر خۆیان فەرامۆشی خۆیان دەدەنەوە." پاشان پاسەوانەکە ڕۆیشت.

یەکێ لە گرفتەکانی دیکە، مەسەلەی جگەرە بوو. کە چوومە ناو زیندان، قایش و (کەمەربەند) و قەیتانی پێڵاوەکانم، بۆینباغەکەم و گشت ئەو شتانەی لە گیرفانەکانم بوون، بردیان، بە تایبەتی جگەرەکانم. هەر کە لە ژوورەیان نام، داوام لێکردن بۆم بگەڕێننەوە، بەڵام پێیان وتم قەدەغەیە. ڕۆژانی یەکەم زۆر ناخۆش بوو. بێگومان هەر ئەمەیان بوو کە خستمی. لە هەژمەتان ئەو پارچە دارانەم دەمژین، کە لە تەختەکەم دەکردنەوە. بە درێژایی ڕۆژ پیاسەم دەکرد و بەردەوامیش هێڵنجم دەهاتێ. تێنەدەگەیشتم بۆ لەمەیان بێبەشم دەکەن، کە ئازاری بۆ هیچ کەسێک نییە. درەنگتر تێگەیشتم ئەمە



Scanned by CamScanner

بەشێکە لە ئازاردان. بەڵام لەو کاتەوە بەوە ڕاهاتم چیدی جگەرە نەکێشم و بێجگە لەم وەرزبوونانە زۆر بەدبەخت نەبووم. جارێکی دیکەش تەواوی مەسەلەکە وەختکوشتن بوو. سەرەنجام گەیشتمە ئەو بارەی کە چیتر بێزار نەبم، ئەمەش لەو ساتەوە دروست بوو، کە فێر بووم شت بە بیر خۆم بهێنمەوە. هەندێجار بیرم لە ژوورەکەم دەکردەوە و بە خەیاڵ لە گۆشەیەک دەستم پێدەکرد و هەموو شتێکی سەر ڕێگام دەژمارد و پاشان دەگەڕامەوە هەمان گۆشە. سەرەتا ئەم کارە بە خێرایی ئەنجام درا. بەڵام هەر جارەی کە دەستم پێدەکردەوە، کەمێک زۆرتری دەخایاند. چونکە هەموو مۆبلێکم بە بیر دەهاتەوە، لەم مۆبلانەش شتی دیکەم دەهاتنەوە یاد، لەم شتانەش شتی وردترم دەکەوتەوە بیر، وەک تونێلێک، کەلێنێک یان لێوارێکی ڕەنگ و بۆیە کاڵبووەوە و سواو. لە هەمان کات، هەوڵم دەدا تەواوی شتەکان بژمێرم و سەرەدەزووی داهێنانەکانەم بزر نەکەم، بە ڕادەیەک، دوای چەند هەفتەیەک، دەمتوانی، تەنیا بە ژماردنی ئەو شتانەی لە ژوورەکەمن، وەختێکی زۆر بەسەر بەرم. بەم چەشنە هەرچەند بیرم دەکردەوە، ئەمەندە شتی نەناسراو و لەبیرکراوم لە یاداشتم دەردەهێنا. ئینجا تێگەیشتم ئەگەر یەکێک تەنیا تاقە ڕۆژێک ژیابێت، دەتوانێ بەبێ ئازار سەد



Scanned by CamScanner

ساڵ لە زیندان بژییێت. بایی ئەمەندە بیرەوەری دەبێ بێزار نەبێت. ئەمەش بە مانایەک جۆرە قازانجێکە.

دیسان مەسەلەیەکی دیکە هەبوو پەیوەندیی بە خەوتنەوە بوو. سەرەتا، شەو زۆر خراپ دەنووستم، بەڵام بە ڕۆژ هەر هیچ. وردەوردە شەوانم باشتر بوو و دەمتوانی بە ڕۆژیش بخەوم. دەتوانم بڵێم، لە مانگەکانی دوایی، بە ڕۆژ لە شانزە تا هەژدە سەعات دەخەوتم. شەش سەعاتم بۆ دەماوە، ئەوانەشم بە نانخواردن و چوونەسەرئاو و یادگارەکانم و ڕووداوەکەی چیکۆسلۆڤاکیا دەکوشتن. لە نێوان دۆشەک و پارچەدارەکانی تەختەکەم، پارچە ڕۆژنامەیەکی کۆنی زەرد هەڵگەڕاو و ڕوون کە تا ڕادەیەک بە بەرگی دۆشەگەکەوە نووسابوو، دۆزییەوە. ڕۆژنامەکە ڕووداوێکی نادیاری دەگێڕایەوە کە سەرەتاکەی نوقسان بوو و گوایە لە چیکۆسلۆڤاکیا ڕووی داوە. پیاوێک لە یەکێ لە گوندەکانی چیک بە مەبەستی دەوڵەمەندبوون سەری خۆی هەڵدەگرێ. دوای بیست و پێنج ساڵ بە دەوڵەمەندی و لەگەڵ ژنێک و منداڵێک گەڕاوەتەوە. دایکی و خوشکی لە هەمان گوند هۆتێلێک بەڕێوە دەبەن. جا بۆ سورپرایز دروستکردن، ژن و منداڵەکەی لە لایەک دادەنێ بە تەنیا دەچێتە لای دایکی. بەڵام کە پێ لە ناو هۆتێلەکە دەنێ، دایکی نایناسێتەوە. بە مەبەستی یاریکردن بیری ئەوەی بۆ دێت ژوورێک بگرێت.



Scanned by CamScanner

له هەمان کات پارەکانی خۆی پیشانیان دەدات. شەو دایکی و خوشکی بە تۆبزان دەیکوژن و لاشەکەی فڕی دەدەنە ناو ڕووبار. بۆ بەیانی ژنەکەی هاتووە، بێ ئەوەی ئاگای لەم ڕووداوەی بێت، کابرای ناساندووە. دایکەکە خۆی هەڵواسیووە و خوشکەکەش خۆی خستۆتە ناو بیرێک. بە ناچاری هەزاران جار ئەم ڕووداوەم خوێندۆتەوە. لە لایەک شوێنی باوەڕکردن نییە، لە لایەکی دیکە زۆر سروشتی دەهاتە بەرچاو. هەرچۆنێک بێت، هەستم دەکرد، تا ڕادەیەک ئەم کابرایە ئەمەی موستەهەقە و هەرگیز پێویست بە یاریکردن ناکات.

بەم چەشنە، بە خەوتن و بیرەوەرییەکان و خوێندنەوەی ئەم ڕووداوە سەیرە و هاتنوچوونی ڕووناکی و تاریکی، وەخت تێدەپەڕی. پێشتر باشم خوێندبۆوە کە لە زیندان سەرەنجام مانای زەمەن بزر دەبێ. بەڵام ئەمە بۆ من مانایەکی ئەوتۆی نەبوو. ڕاستییەکەی تێنەدەگەیشتم تا چ ڕادەیەک دەشێ ڕۆژ لە یەک کاتدا درێژ و کورت بێت. بێگومان درێژ بۆ ژیان، بەڵام ئەمەندە گرژ و درێژبووەوە، کە لە کۆتاییدا تێکیان دەکردەوە و دەکەوتنە سەر یەکتری. لێرەوە ناوی خۆیان بزر دەکرد. تەنیا وشەی وەک سبەی بۆ من مانایان مابوو.

ڕۆژێک، پاسەوانەکە پێی گوتم پێنج مانگە لێرەم، باوەڕم پێی کرد، بەڵام تێی نەگەیشتم. بۆ من هەردەم هەمان ڕۆژ



Scanned by CamScanner

بوو، کە لە ژوورەکەم بڵاو دەبۆوە و هەمان کاریش بوو کە درێژەم پێدەدا. ئەو ڕۆژە، دوای ئەوەی پاسەوانەکە ڕۆیشت، لە لەگەنەکە سەیری خۆم کرد. هەستم کرد وێنەکەم دیمەنێکی ڕێکوپێکی هەیە و بێجگە لەمە هەوڵم دا بۆی پێبکەنم. لەگەنەکەم لە پێش خۆم هێنا و برد. زەردەخەنەم هاتێ و ئەویش هەمان دیمەنی سەخت و غەمباری خۆی پاراست. ڕۆژ تەواو دەبوو و ئەمەش ئەو وەختە بوو، کە من نامەوێ قسەی لەسەر بکەم، وەختی بێناو، کە دەنگەدەنگی ئێوارە لە ناو کەژاوەیەکی بێدەنگ لە هەموو چینەکانی زیندان بەرز دەبۆوە. لە پەنجەرە بچکۆلەکە نزیک بوومەوە و لەگەڵ دواتریسکەی ڕۆشنایی، جارێکی دیکەش لە وێنەی خۆم ڕامام. بەردەوام ڕێکوپێک بوو، ئەمەش سەرسوورهێنەر نییە، چونکە لەو ساتەوە خۆشم وابووم. بەڵام لە هەمان کات، دوای چەندین مانگ بۆ یەکەمجار، بە ڕوونی گوێم لە دەنگی خۆم بوو. هەستم کرد هەر ئەو دەنگەیە کە پێشتر لە ڕۆژە درێژەکانەوە لە گوێم دەزرینگایەوە و تێگەیشتم کە ئەم هەموو ماوە درێژە بە تەنیا لەبەر خۆمەوە قسەم کردووە. ئینجا ئەوەم بە بیر هاتەوە کە پەرستارەکە لە کاتی ناشتنی دایکم دەیگوت. نەخێر، دەرچوون نەبوو و هیچ کەسیش ناتوانێ خەیاڵ بکا و بزانێ ئێوارەکانی ناو زیندان چۆنن.



Scanned by CamScanner

# ٣

بە گشتی دەتوانم بڵێم ئەم هاوینە گەلێک خێرا شوێنی هاوێنی پێشووی گرتەوە. دەمزانی لەگەڵ بەرزبوونەوەی یەکەمین شالاّوی گەرمایی شتێکی نوێ بۆ من دێتە پێشەوە. مەسەلەکەی من لە دوایین دانیشتنەکانی دادگا نووسرابوو، ئەمە لەگەڵ مانگی حوزەیران تەواو دەبوو. لە کاتێکدا دەرەوە غەرقی گەرمایی بوو، گفتوگۆ دەستی پێکرد. پارێزەرەکەم دڵنیای کردبوومەوە کە لە دوو یان سێ ڕۆژ زیاتر ناخایەنێ. "لە لایەکی دیکەوە وتی دادگا پەلە لەمەی ئێوە دەکات چونکە، گرینگترین مەسەلەی ئەم خوولە نییە. دادگاییکردنی باوککوژێک هەیە، کە ڕاستەوخۆ دوای ئەمەی ئێوە دێت."

سەعات حەوتونیوی بەیانی بە دوامدا هاتن و ئۆتۆمۆبێلێکی داخراو منی گەیاندە کۆشکی عەدالەت. دوو پۆلیسەکە لە ژوورێکیان دانام بۆنی سێبەری لێدەهات. لە نزیک دەرگایەک دانیشتبووین چاوەڕێمان دەکرد، لە



Scanned by CamScanner

پشتەوە دەنگەدەنگمان دەبیست، بانگکردن، تەقەتەقی کورسی، هاتنوچوون و جۆرە گەڕەلاوژەیەک، هەموو ئەمانە خەیاڵی منیان بۆ جەژنەکانی گەڕەک بردەوە، کە لە پاش تەواوبوونی کۆنسێرت، هۆڵەکەمان ڕێک دەخست و کورسییەکانمان لادەبرد تا بتوانین سەما بکەین. پۆلیسەکان پێیان گوتم دەبێ چاوەڕێی دادگا بکەین و یەکێکیان جگەرەیەکی پێشکەش کردم، بەڵام من وەرم نەگرت. پاشان وتی: "دەترسم؟" وتم: نەخێر. لەگەڵ ئەمەش، لە لایەکی دیکە، ئەمەم پێ خۆش بوو، کە دادگاکردنێک دەبینم. قەت لە ژیانمدا فرسەتی ئەمەم بۆ هەڵنەکەوتووە: "پۆلیسی دووەم وتی: بەڵێ، بەڵام سەرەنجام بە ماندووبوون کۆتایی دێت."
پاش کەمێک زەنگێکی گچکە لە ژوورەکە دەنگی دایەوە. ئینجا کەلەپچەکەیان لە دەستەکانم کردەوە. دەرگاکەیان کردەوە و لە جێگای تایبەت بە تاوانبارانیان دانام. هۆڵەکە جمەی دەهات. سەرەڕای بوونی پەردە، تیشکی خۆر لەملاولەولا دەخزییە ژوورەوە و هەواکەی خنکێنەر بوو. پەنجەرەکانیشیان داخستبوو. دانیشتم و پۆلیسەکانیش ئەملاوئەولایان گرتم. ئەو کاتە ڕیزێک ڕوخسارم لە پێش خۆم بەدی کرد. گشتیان تەماشایان دەکردم. تێگەیشتم کە ئەندامانی دادگا بوون. بەڵام ناتوانم بڵێم چ شتێک لێکیانی جیا دەکردنەوە. تەنیا یەک سەرنجم لا دروست بوو: لە



Scanned by CamScanner

بەرانبەر ڕیزێک کورسیی تراموای بووم، ئەم موسافیرانەش بە وردی لە تاوانباری نوێی تازەگەیشتوو ورد دەبوونەوە بۆ تێبینیکردنی بێمانایی. باش دەزانم ئەمەش بیرێکی گێلانە بوو، چونکە ئەوان بە دوای بێماناییدا نەدەگەڕان، بەڵکو بە دوای تاوان. بێگومان جیاوازیی نێوانیشیان شتێکی ئەمەندە گەورە نییە، لە هەموو حاڵەتێکدا ئەمە ئەو بیرە بوو، کە بۆم هات.

لەبەر ئەم هەموو خەڵکەی ناو ئەم هۆڵە داخراوەش کەمێک گێژ بووم. جارێکی دیکەش تەماشای جێگای ئەندامانی دادگام کردەوە، بەڵام نەمتوانی ڕوخسارەکان لێک جیا بکەمەوە. هەست دەکەم هەر لە سەرەتاوە پێشبینیی ئەوەم نەکردبوو هەموو خەڵک پەلەیانە من ببینن. چونکە وا باو بوو کەس گرینگی بە من نەدەدا. دەبووایە کۆششێکی زۆر بکەم تا تێبگەم من هۆی ئەم هەموو شۆر و ورووژانەم. بە پۆلیسەکانم گوت "ئەم هەموو خەڵکە!" وەڵامی دامەوە وتی خەتای ڕۆژنامەکانە، ئینجا گروپێک خەڵکی نیشان دام، کە لە نزیک مێزێکەوە لە بن جێگای ئەندامانی دادگا دانیشتبوون. پێی وتم: "ئەمەتان." وتم: "کێ؟" دوایی دووبارەی کردەوە: " ڕۆژنامەکان." پۆلیسەکە یەکێک لە ڕۆژنامەنووسەکانی دەناسی و هەر ئەو دەمەش بینی، ئەویش بەرەو ئێمە هات، پیاوێکی بە ساڵاچووی ڕوخسار کەمێک لۆچتێکەوتووی ڕوحسووک


Scanned by CamScanner

بوو. زۆر بە گەرمی تەوقەی لەگەڵ پۆلیسەکە کرد. لەو دەمەدا هەستم کرد تەواوی خەڵکەکە یەکتر دەبینن، بانگی یەکتر دەکەن و گفتوگۆ دەکەن، وەک ئەوەی لە یانەیەک بین و هەست بە بەختەوەری بکەین و خۆمان لە بەرانبەر خەڵکی هاوجیهان ببینینەوە. سەرنجێکی سەیرم لە خۆم بەدی کرد، وەک ئەوەی بوونی من لەم شوێنە کەمێک زیاد بێت. لەگەڵ ئەمەش، ڕۆژنامەنووسەکە بە زەردەخەنەوە ڕووی تێکردم و پێی وتم هیڤیداره هەموو شتێک بە سوودی من بگەڕێ. منیش سوپاسم کرد، بەڵام ئەو درێژەی پێدا: "دەزانن چییە، ئێمە مەسەلەکەی ئێوەمان کەمێک بەرز کردەوە. هاوین وەرزێکی هەژارە بۆ ڕۆژنامەکان. بێجگە لە ڕووداوەکەی ئێوە و ئەوەی باوککوژەکە شتێکی دیکە نەبوو نرخێکی هەبێت." پاشان، ڕۆژنامەنووسەکە لە ناو هەمان گروپ یەکێکی پێ نیشان دام، کە زۆر نەبوو ئەوێی بەجێ هێشتبوو، پیاوێکی کورتەبنەی ڕوحسووک بوو، کە بە خۆیی و بە چاویلکە ڕەشە گەورەکەیەوە زیاتر بە سمۆرەیەکی قەڵەو دەچوو. وتی ئەمە نێردراوی تایبەتی ڕۆژنامەیەکی پاریسە: "لە ڕاستیدا بۆ تۆ نەهاتووە، بەڵام لەبەر ئەوەی بۆ نووسین لەسەر دادگاییکردنی باوککوژەکە هاتووە، داوایان لێکردووە لە هەمان کات مەسەلەکەی ئێوەش لە ئەستۆ بگرێ." لێرەش، خەریک بوو سوپاسی بکەم. بەڵام بیرم



Scanned by CamScanner

کردەوە بێمانایە ئەمە بکەم. بە دەست نیشانەی دڵسۆزیی خۆی بۆ کردم و بە جێی هێشتین. هێشتا چەند خولەکێکی دیکە چاوەڕێمان کرد.
پارێزەرەکەم کە ڕۆبی ڕەسمی لەبەر بوو، لەگەڵ کۆمەڵێک لە هاوکارانی گەیشت. بەرەو ڕۆژنامەنووسەکان چوو و تەوقەی لەگەڵ کردن. تا ئەو دەمەی زەنگ لە لای کورسی ئەندامانی دادگا دەنگی نەدایەوە، گاڵتەیان کرد، پێکەنین، تەواو ئاسوودە دەهاتنە بەرچاو. ئینجا گشت خەڵکەکە گەڕانەوە شوێنی خۆیان، پارێزەرەکەم بەرەو ڕووم هات و دەستی گوشیم و ئامۆژگاریی کردم بە کورتی وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەمەوە، کە لێم دەکەن، لە خۆمەوە قسە نەکەم و بۆ پاشماوەکەی پشت بە ئەو ببەستم.
لە لای چەپم گوێم لە دەنگی کورسییەک بوو بۆ دواوەیان ڕاکێشا، پیاوێکی باریکەڵەی بەرزم بینی بەرگێکی سووری لەبەر بوو، چاویلکەیەکی بێ لاسکی لە چاو بوو، وێڕای ڕێکخستنی ڕۆبەکەی خەریکی دانیشتن بوو. ئەمەیان داواکاری گشتی بوو. یەکێک لە دەرگاوانەکان دەستپێکردنی دادگای ڕاگەیاند. لە هەمان کات، دوو پانکەی گەورە کەوتنە زیکەزیک. سێ حاکم، دوو بە جلی ڕەش، سێیەمیان سوور، بە خۆیان و کۆمەڵێک دۆسیە هاتنە ژوورەوە، بە خێرایی بەرەو تریبوونەکە چوون، کە بەسەر هۆڵەکەدا دەیڕوانی. حاکمە ڕۆب سوورەکە لەسەر



Scanned by CamScanner

کورسییەکەی ناوەڕاست دانیشت، کڵاوە ڕەسمییەکەی لەسەری کردەوە و لە پێش خۆیی دانا، کاژەڵاکە بچکۆڵەکە ڕووتاوەکەی بە دەستەسڕێک سڕییەوە و ڕایگەیاند دادگا کراوەتەوە.

هەر لە زووێکەوە ڕۆژنامەنووسەکان قەڵەمەکانیان بە دەستەوە گرتبوو. هەموویان هەمان دیمەنی بێباک و کەمێکیش فیڵبازیان هەبوو، کەچی، یەکێکیان کە لەمانی دیکە لاوتر بوو، چاکەتێکی بۆری لە خوری نەرم لەگەڵ بۆینباغێکی شینی پۆشیبوو، ئەمیان قەڵەمەکەی لە پێش خۆی دانابوو و سەیری دەکردم. لە ڕوخساری کەمێک شێواوی، بێ ئەوەی شتێکی دیاریکراوی لێبخوێندرێتەوە، تەنیا دوو چاوی گەشم دەبینی، کە منیان بە وردی دەپشکنی. ئەمەش سەرنجێکی سەیری لا دروست کردم کە خۆم تەماشای خۆم دەکەم. لەوانەیە لەبەر ئەم هۆیە و هەروەها لەبەر ئەوەی ڕێوڕەسمی شوێنەکەم نەدەناسی، زۆر باش تێنەگەم پاشان چی ڕووی داوە، وەک: تیروپشکی ئەندامانی دادگا، ئەو پرسیارانەی سەرۆک لە پارێزەر، لە داواکاری گشتی و لە ئەندامانی دادگایان کرد (هەموو جارێک، تەواوی سەری ئەندامانی دادگا بە یەکەوە و لە یەک کاتدا بەرەو دەستەی سەرەکی دەسووڕایەوە.) خوێندنەوەیەکی خێرای بەیاننامەی تاوانەکە، کە تێیدا ناوی



Scanned by CamScanner

گەلێک شوێن و کەسانم دەناسییەوە و هەروەها ئەو پرسیارە نوێیانەی لە پارێزەرەکەم کران.

بەڵام سەرۆک وتی پێویستە گوێ لە شایەدەکان بگیرێت. دەرگاوان کۆمەڵێک ناوی خوێندەوە، کە سەرنجییان ڕاکێشام. لە ناو دانیشتوانەکان کە تا ئەو دەمە کەسیانم نەدەناسییەوە، یەک بە یەک، بەڕێوەبەر و دەرگاوان، تۆماس پێرێزی پیر، ڕایمۆند، ماسۆن، سالامانۆ، ماری-م بینین هەڵسانەوە تاکو لە یەکێ لە دەرگاکانی ئەملاوئەولا دەرچن. ماری ئیشارەیەکی شێواوی بۆ کردم. تا ئەو کاتەی سێلێست کە دوایین کەس بوو ناوی خوێندرایەوە و بڵند بوو، پێم سەیر بوو نەمبینیبوون. لە تەنیشت سێلێست، ژنە بچکۆڵەکەی خواردنگام بە هەمان چاکەت و دیمەنی ورد و ڕێک ناسییەوە. زۆر بە خەستی تەماشای دەکردم. بەڵام بوارم نەبوو بیری لێبکەمەوە، چونکە سەرۆک دەستی بە قسان کرد. وتی لێرەوە گفتوگۆی ڕاستەقینە دەست پێدەکات و پێویستیش ناکات بە دانیشتوان بڵێین هێمن بن. بە گوێرەی قسەی خۆی، ئەو بۆ ئەوە لێرەیە، تا بە بێلایەنیی گفتوگۆ لەسەر مەسەلەیەک بەڕێوە بەرێ، کە بینینێکی مەوزوعی هەڵدەگرێ. فەرمانی ئەندامانی دادگا بە گیانێکی دادپەروەرانە دەردەچێت، لە هەموو حاڵەتێکدا لەگەڵ بچووکترین ڕووداو هۆڵ چۆڵ دەکرێت.


Scanned by CamScanner

شالاوی گەرمایی بەرز دەبۆوە و دەمبینی خەڵکەکە بە ڕۆژنامە باوەشێنی خۆیان دەکەن. ئەمەش دەنگێکی بەردەوامی وەک خشەخشی کاغەز درووست دەکرد. سەرۆک ئیشارەیەکی بۆ دەرگاوان کرد، ئەویش سێ باوەشێنی بۆ حاکمەکان هێنا، هەر ئەو دەمە بەکاریان هێنان.

لێپرسینەوەم دەستی پێکرد. سەرۆک بە هێمنی، تا ڕادەیەکیش وا پێدەچوو بە دڵسۆزی پرسیارم لێبکات، جارێکی دیکەش لە ناسنامەی منیان کۆڵییەوە. سەرەڕای نارەزاییم، هەستم کرد ئەم لێپرسینەوەیە شتێکی سروشتی بوو، چونکە دادگاییکردنی یەکێک لە جێی یەکێکی دیکە کارێکی ترسناکە. پاشان سەرۆک دەستی کرد بە خوێندنەوەی سەرگوزەشتەم، دەربارەی ئەو شتانەی کردوومن، دوای هەموو سێ دێرێک ڕووی تێدەکردم بۆ ئەوەی بڵێ: "ڕاستە؟" هەموو جارێک بە پێی دەستووری پارێزەرەکەم کە بۆی دەستنیشان کردبووم، دەمگوت: "بەڵێ، بەڕێز، سەرۆک." ئەمەش درێژ بوو، چونکە سەرۆک زۆر وردەکاریی خستبووە ناو سەرگوزەشتەکە. لەم هەموو ماوە درێژەش ڕۆژنامەنووسەکان دەیاننووسی. هەستم بە ڕوانینی هەرە لاوەکەیان لەگەڵ هی ژنە بچکۆڵەکە کرد، کە بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی سەرگوزەشتەکەی دەخستە سەر کاغەز. کورسییەکانی



Scanned by CamScanner

تراموا گشتییان بە تەواوی ڕوویان لە سەرۆک بوو. ئەویش کۆکی و لاپەڕەی دۆسیەکەی هەڵداوە و ویرای باوەشێنکردن ڕووی لە من کرد.
سەرۆک پێی وتم دەبێ ئێستا ئەو پرسیارانە بوروژێنین، کە ڕواڵەتێکی غەریبیان بەرانبەر بە مەسەلەی من هەیە، بەڵام لەوانەیە لە زۆر نزیکەوەش پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان پێیەوە هەبێتن. تێگەیشتم دەبێ هێشتا گفتوگۆ لەسەر دایکم بکرێت، لە هەمان کات هەستم کرد ئەمەیان بۆ من زۆر بێزارکەرە. داوای لێکردم بۆچی دایکمم خستبووە خانەی بەساڵاچووان؟ وتم لەبەر ئەوەی پارەی ئەوەم نەبوو لای خۆمی بهێڵمەوە و خەریکی بم. داوای لێکردم ئایە ئەمە بەسەرمدا نەکەوتەوە؟ منیش وەڵامم دایەوە: نە من نە دایکم چاوەڕێی هیچ شتێکمان نە لە یەکتری نە لە هیچ کەسێک نەدەکرد، هەردووکیشمان بەم ژیانە نوێیەمان ڕاهاتبووین. ئینجا سەرۆک وتی نایەوێ چیتر لەسەر ئەم خاڵە پێدابگرێ و داوای لە داواکاری گشتی کرد ئەگەر پرسیاری دیکەی هەیە لێم بکات.
داواکاری گشتی تا ڕادەیەک پشتی تێکردم. بێ ئەوەی سەیرم بکات، وتی بە ئیجازەی سەرۆک حەز دەکات بزانێت ئایا بە تەنیا گەڕامەوە لای کانیلەکە بە مەبەستی کوشتنی عەرەبەکە؟ وتم: "نەخێر". پاشان وتی: "باشە،



Scanned by CamScanner

بۆچی چەکدار بووە و بۆچی بە تایبەتی گەڕاوەتەوە ئەو شوێنە؟" وتم ڕێکەوت بوو. داواکاری گشتیش ئەمەی بە زمانێکی قەڵس تۆمار کرد: "بۆ ئێستا ئەمەندە بەسە." ئینجا شتەکان گشتیان کەمێک ئاڵۆز کران، بە لای کەمی بۆ من. بەڵام پاش چەند ڕاوێژێک بەم و بەو، سەرۆک کۆتایی بە دانیشتن هێنا، وتی دانیشتنی پاش نیوەڕۆ بۆ گوێگرتنە لە شایەدەکان.

کاتم نەبوو بیر بکەمەوە. خستمیانە ناو ئۆتۆمۆبێلە داخراوەکە و بۆ زیندانیان بردمەوە، لەوێ نانم خوارد. دوای ماوەیەکی زۆر کەم، بە ئەندازەی ئەوەی هەست بکەم ماندووم، هاتنەوە دوام، هەموو شتەکان دەستیان پێکردەوە و خۆم لە ناو هەمان هۆڵ لە بەرانبەر هەمان ڕوخسار بینییەوە. تەنیا شاڵاوی گەرماییەکە زۆر بەتینتر بوو، وەک ئەوەی پەرجووێک ڕووی دابێت، هەریەکە لە ئەندامانی دادگا، داواکاری گشتی، پارێزەرەکەم و چەند ڕۆژنامەنووسێکیش باوەشێنیان بۆ هاتبوو. ڕۆژنامەنووسە جاحێڵەکە و ژنە بچکۆڵەکەش بەردەوام لە شوێنی خۆیان بوون. بەڵام ئەوان باوەشێنیان لە خۆیان نەدەکرد و بێ ئەوەی هیچ شتێک بڵێن، بەردەوام تەماشایان دەکردم.

ئارەقەی دەموچاویان سڕییەوە و تا بانگی بەڕێوەبەری خانەی بەساڵاچووانیان نەکرد، هەستم بە شوێنەکە نەکرد



Scanned by CamScanner

و هۆشیار نەبوومەوە. داوایان لە بەڕێوەبەر کرد ئایە دایکم گلەیی لە من دەکرد؟ ئەویش وتی بەڵێ، بەڵام ئەمەش هەوەسێکی پەککەوتەکان بوو گلەیی لە خەڵکی نزیکی خۆیان بکەن. سەرۆک دووبارەی کردەوە و وردتر پێی گوت ئایە دایکی گلەیی لێدەکرد کە بە خانەی بەساڵاچووانی سپاردووە؟ بەڕێوەبەریش جارێکی دیکە وتی بەڵێ. بەڵام ئەم جارە هیچ قسەیەکی دیکەی نەخستە سەر وەڵامەکەی. بۆ پرسیارێکی دیکە، بەڕێوەبەر وتی لە ڕۆژی ناشتنی دایکم سەیری بە هێمنیی من هاتووە. پێیان وت مەبەستی لە هێمنی چییە؟ ئینجا بەڕێوەبەر سەیری نووکی کەوشەکانی کرد و وتی نەمدەویست دایکم ببینم و جارێکیش چییە بۆی نەگریاوم و یەکسەر دوای ناشتن بێ ئەوەی دەمێک لەسەر گۆڕەکەی بە یادی ڕاوەستم، ڕۆیشتووم. شتێکی دیکەش سەری سووڕماندبوو: یەکێک لە فەرمانبەرانی دەستەی ناشتن پێی وتووە کە من تەمەنی دایکمم نەزانیووە. دوای کەمێک بێدەنگی سەرۆک لێی پرسی ئایە بە تەواوی قسەکانی دەربارەی من بووە؟ لەبەر ئەوەی بەڕێوەبەر باش لە پرسیارەکە نەگەیشت، بە سەرۆکی گوت: "ئەمە یاسایە." پاشان سەرۆک داوای لە پارێزەری گشتی کرد هیچ پرسیارێکی نییە لێی بکات؟ داواکاری گشتی هاواری کرد: ئۆە ! نەخێر، ئەمەندە بەسە". بە دەنگدانەوە و نیگایەکی سەرکەوتووانەی وا ئەم



Scanned by CamScanner

ڕستەی ئاڕاستەی من کرد، کە چەندەها ساڵە بۆ یەکەمین جار، ئارەزوویێکی بێمانام بۆ گریان هەڵسا، چونکە هەستم کرد چەندە بوومەتە شوێنی نەفرەتی ئەم خەڵکە.

دوای ئەوەی سەرۆک داوای لە ئەندامانی دادگا و پارێزەرەکەم کرد هیچ پرسیارێکیان نییە لێم بکەن، گوێی لە شایەدیی دەرگاوانی خانەی بەساڵاچووان گرت. هەروەکو ئەوانی دیکە بۆ ئەمیش هەمان مەراسیم دووبارە کرایەوە. کە دەرگاوان گەیشت، سەیرێکی کردم، پاشان ڕووی وەرگێڕا. وەڵامی هەموو ئەو پرسیارانەی دایەوە، کە لێیان کرد. وتی نەمویستووە دایکم ببینم، جگەرەم کێشاوە، خەوتووم و قاوەی تێکەڵ بە شیرم خواردۆتەوە. ئەو کاتە هەستم کرد شتێک تەواوی هۆڵەکە سەراوبن دەکات، بۆ یەکەمین جار، تێگەیشتم کە تاوانبار بوومە. ڕووداوی قاوەشیرەکە و جگەرەکێشانەکەمیان بە دەرگاوان دووبارە کردەوە. پارێزەری گشتی بە چاوێکی پڕ لە بریسکەی تەوساوی و پلار و گاڵتەپێکردن سەیری دەکردم. لەو دەمە، پارێزەرەکەم داوای لە دەرگاوان کرد ئایا خۆی لەگەڵم جگەرەی نەکێشاوە؟ بەڵام داواکاری گشتی بە توندی دژی ئەم پرسیارە هەڵسایەوە: "لێرە تاوانبار کێیە و ئەو مێتۆدانە چین، کە دەبنە هۆی پیسکردنی شایەدەکانی تاوانبارکردن بۆ کەمکردنەوەی نرخی ئەو شایەدانەی کە لەگەڵ ئەمەش لە نرخییان کەم



Scanned by CamScanner

نابێتەوە!" سەرەڕای ئەمەش، سەرۆک داوای لە دەرگاوان کرد وەڵامی پرسیارەکە بداتەوە. پیرەمێرد بە ڕوویێکی پەرێشان وتی: بە باشی دەزانم کارێکی خراپم کردووە، بەڵام جورئەتم نەدەکرد ڕەفزی بکەمەوە، کە مسیۆ پێشکەشی کردم." سەرەنجام، داوایان لێکردم شتێکم نییە بیخەمە سەری. وتم "هیچ، تەنیا شایەدمان ڕاست دەکات. ڕاستە من جگەرەیەکم پێشکەش کرد." دەرگاوان کەمێک بە سەرسووڕمان و جۆرێک لە ئاسوودەیی سەیری کردم. سەرەتا دوودڵ بوو، پاشان وتی خۆی بوو کە قاوەشیرەکەی پێشکەش کردم. پارێزەرەکەم بە هەراوهۆریا سەرکەوتنی خۆی پیشان دا و وتی ئەندامانی دادگا ئەمە لەبەرچاو دەگرن. بەڵام داواکاری گشتی لەسەر سەرمانەوە بە دەنگ هات و وتی: "بەڵێ ئەندامانی دادگا ئەمە لەبەرچاو دەگرن. ئینجا وتی هەڵبەت بیگانەیەک دەتوانێ پێشنیازی قاوەیەک بکات، بەڵام کوڕێک بەرانبەر بە لاشەی دایکی کە ژیانی پێبەخشیووە، دەبێ ڕەفزی بکاتەوە." دەرگاوان گەڕایەوە شوێنی خۆی.

کە نۆرەی تۆماس پێرێز هات، ناچار دەرگاوانێک تا شوێنی وەستان بۆ شایەدمانی پیلی گرت. پێرێز وتی خۆی بە تایبەتی دایکمی ناسیووە و تەنیا یەک جار منی بینیووە، ئەویش لە ڕۆژی ناشتن بووە. داوایان لێکرد ئەو ڕۆژە من چیم کردووە، وەڵامی دایەوە: "هەڵبەت ئێوە



Scanned by CamScanner

تێدەگەن، من زۆر ئازارم هەبوو. لەبەر ئەوە هیچم نەبینی. ئازارەکەم ڕێگای بینینی نەدەدام، چونکە بۆ من ئازارێکی زۆر گەورە بوو، بە ڕادەیەک بوورامەوە. لەبەر ئەوە نەمتوانی مسیۆ مورسۆ ببینم." پارێزەری گشتی داوای لێکرد بە لای کەمی نەمیبینیووە بگرییم. پێرێز وتی نەخێر. ئەو کاتە نۆرەی داواکاری گشتی هات و وتی: "ئەندامانی دادگا لەبەرچاوی دەگرن." بەڵام پارێزەرەکەم تووڕە بوو. بە ئاوازێک کە بە ڕای من لە جێی خۆی نەبوو، داوای لە پێرێز کرد: "ئایا منی بینیووە نەگرییم؟" پێرێز وتی: "نەخێر." دانیشتوان پێکەنین. پارێزەرەکەم وێڕای بەرزکردنەوەی قۆڵێکی، بە دەنگێکی ڕەباز وتی: "فەرموو ئەمەیە دیمەنی ئەم دادگاییکردنە، هەموو شتێکی ڕاستە و هیچیشی ڕاست نییە!" داواکاری گشتی ڕوخسارێکی گرژی هەبوو و نووکی قەڵەمەکەی لە ناونیشانی دۆسییەکەی دەدا.

دوای پێنج خولەک بێدەنگی، لەم ماوەیەدا پارێزەرەکەم پێی وتم هەموو شتێک بەرەو باشی دەڕوات، گوێمان لە سیلێست بوو، کە لە لایەن بەرگریکەر کە من بووم، ناوی هاتبوو. سیلێست ناوەناوە سەیرێکی لای منی دەکرد، شەپقەکەی لە نێوان دەستەکانی دەهێنا و دەبرد. ئەو دەستە جلوبەرگە نوێیەی پۆشیبوو، کە لە هەندێ ڕۆژانی یەک شەممە دەیپۆشی بۆ ئەوەی لەگەڵم بێتە پێشبڕکێی



Scanned by CamScanner

ئەسپ. بەڵام لەو باوەڕەدام نەیتوانیووە ملبەندەکەی هەڵگرێ، چونکە تەنیا دوگمەیەکی مسین یەخەی کراسەکەی داخستبوو. داوایان لێکرد ئایا من کڕیاری ئەوم؟ وتی: "بەڵێ، بەڵام یەکێکە لە هاوڕێکانیشم." هەروەها داوایان لێکرد ڕوانینی بۆ من چۆنە، وتی کە من پیاوم، پێیان وت مەبەستی لەمە چییە؟ وتی هەموو کەس دەزانێ مەبەست لەمە چییە؟ ئینجا داوایان لێکرد ئایا من مرۆڤێکی داخراو بوومە؟ وەک دانپیانانێک وتی هەر تەنیا بۆ ئەوەی هیچ نەڵێم، قسە ناکەم. پارێزەری گشتی داوای لێکرد ئایا بە ڕێکوپێکی من خەرجیی خۆم دەدا؟ سێلێست پێکەنی و وتی:" ئەم شتانە تەنیا پەیوەندیی بە من و ئەوەوە هەیە." جارێکی دیکەش داوایان لێکردەوە ڕای لەسەر ئەم تاوانە چییە؟ ئینجا دەستەکانی خستە سەر شیشەکەی بەردەمی، وا پێدەچوو پێشتر شتێکی ئامادە کردووە. وتی: "بۆ من، ئەمە بەدبەختییە، هەموو کەس دەزانێ بەدبەختی چییە. بەدبەختی بێ بەرگریت دەهێڵێتەوە، ڕاستییەکەی ئەمە بۆ من بەدبەختییە." خەریک بوو درێژەی پێدەدا، بەڵام سەرۆک پێی گوت زۆر باشە! ئەمەندە بەسە و سوپاسی دەکەین. لێرەوە سێلێست کەمێک بە تاساوی مایەوە. بەڵام داوای کرد دەیەوێ هێشتا بدوێ. داوایان لێکرد بە کورتی سەرنجەکانی بخاتە ڕوو. جارێکی دیکەش دووبارەی کردەوە کە بەدبەختییەک



Scanned by CamScanner

بوو. سەرۆکیش پێی وت: بەڵێ، ئەوەمان بیست. بەڵام ئێمە لێرەین بۆ دادگاییکردنی بەدبەختیی لەم چەشنە. سوپاست دەکەین." سێلێست وەک ئەوەی گەیشتبێتە کۆتایی زانین و ئیرادە چاکەخوازەکەی، ڕووی خۆی بۆ لای من وەرگێڕا. هەستم کرد چاوەکانی دەبریقێنەوە و لێوەکانی دەلەرزن. دیمەنێکی وەک ئەوەی هەبوو داوام لێبکات هێشتا دەتوانێ چیم بۆ بکات. من هیچم نەوت. هیچ ئاماژەیەکم نەنواند، بەڵام یەکەمین جارە لە ژیانم ئارەزووی ئەوەم لا دروست بوو پیاوێک ماچ بکەم. جارێکی دیکەش سەرۆک داوای لێکرد شوێنی خۆی بەجێ بهێڵێ. سێلێست گەڕایەوە لە شوێنی شایەدەکان دانیشتەوە. بە درێژایی تەواوی پاشماوەی دانیشتنەکە لەوێ مایەوە، کەمێک شۆڕ بووەوە بۆ پێشەوە، ئانیشکەکانی لەسەر چۆکەکانی دانابوون، شەپقەکەی لە نێوان دەستەکانی، گوێی لە هەموو ئەو شتانە دەگرت، کە دەگوتران. ماری هاتە ژوورەوە. شەپقەیەکی لەسەری نابوو و خۆشی لە جاران جوانتر بوو، بەڵام کە قژی بەرەڵا دەکرد، من خۆشترم دەویست. لەو شوێنەی لێی بووم، هەستم بە سەنگی سووکی مەمکەکانی دەکرد و لێوی هەمیشە کەمێک پەنماوی خوارەوەیم ناسییەوە. زۆر تووڕە دەهاتە بەرچاو. یەکسەر، داوایان لێکرد لە کەیەوە من دەناسێ. باسی ئەو سەردەمەی کرد کە لە لای ئێمە



Scanned by CamScanner

کاری دەکرد. سەرۆک ویستی بزانێ پەیوەندییەکانی لەگەڵ من چین. وتی هاوڕێیم. بۆ پرسیارێکی دیکە، وتی ڕاستە دەبووایە شووم پێبکات. لەناکاو داواکاری گشتی کە لاپەڕەی دۆسییەکانی هەڵدەدایەوە، داوای لێکرد پەیوەندیمان دەگەڕێتەوە چ ڕۆژێک. ڕۆژەکەی دەستنیشان کرد. داواکاری گشتی بە ڕوخسارێکی بێباکانە تێبینیی ئەوەی کرد کە ئەو وای بۆ دەچێ بۆ ڕۆژی دوای مردنی دایکم بێت. پاشان بە چەند توانجێک وتی نایەوێ لەسەر بارێکی ئاڵۆز بگیرسێتەوە و باشیش لە نیگەرانیی ماری دەگات. بەڵام (لێرەوە شێوەی قسەکردنی خۆی توندتر کرد.) بە ئەرکی خۆی دەزانێ لە سەرەوەی مەسەلەی ڕێزگرتن و ئەدەب بوەستێ. ئینجا داوای لە ماری کرد بە کورتی باسی ئەو ڕۆژە بکات، کە من ناسیم. ماری نەیدەویست قسە بکات، بەڵام بەرانبەر بە پێداگرتنی داواکاری گشتی، باسی مەلەکردن پێکەوە، چوون بۆ سینەما بە یەکەوە، گەڕانەوەمان بۆ لای من کرد. پارێزەری گشتی وتی دوای ئەوەی لە کاتی لێکۆڵینەوە ماری قسەی بۆ کردووە، لە بەرنامەی سینەمای ئەو ڕۆژە ورد بۆتەوە، ئینجا ئەمەشی خستە سەر کە ماری خۆی دەڵێ ئەو ڕۆژە چ فیلمێک پیشان دراوە. سەرەنجام، بە دەنگێکی تەواو ژاکاو ماری وتی فیلمێکی فێرناندێل بوو. کە ئەم قسەیەی تەواو کرد، بێدەنگییەکی پڕ هۆڵەکەی



Scanned by CamScanner

داپۆشی. ئەو کاتە داواکاری گشتی بە چەشنێکی ترسناکانە هەڵساوە و بە دەنگێک کە هەستم کرد پڕ لە هەڵچوونە، لە کاتێکدا کە پەنجەی بۆ لای من ڕەوان کردبوو، لەسەرخۆ وتی: بەڕێزان ئەندامانی دادگا، بۆ ڕۆژی دوای مردنی دایکی، ئەم پیاوە دەچێتە مەلە، دەست بە پەیوەندییەکی ناشەرعی دەکات و بۆ پێکەنین دەچێ فیلمێکی کۆمێدی دەبینێ. لەمە زیاتر شتێکی دیکەم نییە پێتان بڵێم." لە کاتێکدا بەردەوام بێدەنگییەکە درێژەی هەبوو، دانیشتەوە. بەڵام، لەناکاو، ماری گریا و وتی بەم چەشنە نییە و شتی دیکە هەیە و ئەویان ناچار کردووە بە پێچەوانەی بیرکردنەوەکانی قسە بکات؛ کە من باش دەناسێ و هیچ کارێکی خراپم نەکردووە. بەڵام دەرگاوان، بە ئاماژەیەکی سەرۆک بردییە دەرەوە و دانیشتن بەردەوام بوو.

پاشان بە ئاستەم گوێیان لە ماسۆن گرت و وتی من پیاوێکی بە شەرەف بوومە "بەڵکو لەمەش زیاتر دەڵێم پیاوێکی بە جەرگ بوومە." دیسان بە ئاستەم گوێیان لە سالامانۆ گرت کاتێ کە بە بیر خۆی هێنایەوە کە من بۆ سەگەکەی باش بوومە و هەروەها کاتێ کە وەڵامی پرسیارێکی لەسەر دایکم و من دایەوە گوایە من هیچی ترم پێنەبووە بە دایکم بڵێم، لەبەر ئەم هۆیەش بردوومەتە خانەی بەساڵاچووان. "سالامانۆ دەیگوت دەبێ تێبگەین،



Scanned by CamScanner

دەبێ تێبگەین." بەڵام وا پێنەدەچوو کەس تێبگات. ئینجا بردیانە دەرەوە.

پاشان نۆرەی ڕایمۆند هات، کە دوا شایەدمان بوو. ڕایمۆند ئاماژەیەکی بچکۆڵەی بۆ کردم و ڕاستەوخۆ وتی من بێتاوانم. بەڵام سەرۆک دەنگی هەڵبڕی وتی داوای هەڵسەنگاندنی لێناکەین، بەڵکو داوای کردەی لێدەکەین. ئینجا پێی وت چاوەڕێی پرسیار بکات بۆ وەڵامدانەوە. داوایان لێکرد پەیوەندیی خۆی لەگەڵ کوژراو ڕوون بکاتەوە. ڕایمۆند فرسەتەکەی قۆستەوە بۆ ئەوەی بڵێ لەوەتەی شەقازللەکەی لە خوشکی کوژراو داوە، ڕقی لێدەبووەوە. لێرەوە سەرۆک داوای لێکرد ئایا کوژراو لەسەر هەق نەبووە ڕقی لێببێتەوە؟ ڕایمۆند وتی ئامادەبوونی من لە کەنار دەریا ڕێکەوت بوو. ئینجا داواکاری گشتی داوای لێکرد چۆن دەبێ ئەو نامەیەی کە پەیوەندیی بە بنچینەی تاوانەکەوە هەبوو، لە لایەن منەوە نووسرابوو. ڕایمۆند وتی بە ڕێکەوت بوو. داواکاری گشتی وەڵامی دایەوە کە تا ئێستا بۆ ئەم ڕووداوە ڕێکەوت گەلێک کاریگەریی لەسەر هەست و ئاگایی هەبووە. پاشان داواکاری گشتی ویستی بزانێ بە ڕێکەوت بووە من ناوبژیم نەکردوون، کە ڕایمۆند شەقازللەکەی لە کچە دۆستەکەی دابوو؟ ئایە بە ڕێکەوت بووە لە کۆمیساریا شایەدمانیم بۆ داوە؟ دیسان هەر بە ڕێکەوت



Scanned by CamScanner

بووە کە قسەکانم لەم شایەدمانییەی ئێستا وادەرکەوتن یەکتری لەبەرچاوگرتن بێت؟ بۆ کۆتایی پێهێنان داوای لە ڕایمۆند کرد بە چی دەژێت؟ هەر کە ڕایمۆند وتی "بەرپرسی کۆگا"، پارێزەری گشتی ڕووی لە ئەندامانی دادگا کرد و وتی بۆ گشت ئاشکرایە کە شایەد پیشەی پشتگیریکەر دەکات. هاوکاری تاوان و هاوڕێشی بووم. لێرەدا ئێمە سەروکارمان لەگەڵ جۆرێک لە پیسترین ڕووداوی نەنگینە. لە ڕووی ئەخلاقییەوە بەرانبەر بە مرۆڤێکی دڕندەین. ڕایمۆند ویستی بەرگری لە خۆی بکات، پارێزەرەکەشم ناڕەزایی خۆی دەربڕی، بەڵام پێیان وتن لێگەڕێن داواکاری گشتی قسەکانی تەواو بکات. داواکاری گشتی ڕووی لە ڕایمۆند کرد و وتی: "شتێکی وا نییە بیخەمە سەری، ئایا برادەرتە؟" ڕایمۆند وتی بەڵێ برادەرم بوو." ئینجا پارێزەری گشتی هەمان پرسیاری لە منیش کرد. منیش سەیری ڕایمۆندم کرد بەڵام ڕووی خۆی وەرگێڕا. وتم: "بەڵێ" ئەو کاتە داواکاری گشتی ڕووی خۆی لە ئەندامانی دادگا کرد و وتی: "هەمان پیاو بۆ ڕۆژی دوای مردنی دایکی خۆی دەداتە دەست فەسادی هەرە نەنگین، لەبەر هۆی هیچوپووچ، بۆ کۆتایی پێهێنانی کارێک کە پەیوەندیی بە نەریتێکی خەوشدارەوە هەیە، مرۆڤێک دەکوژێ."



Scanned by CamScanner

ئینجا دانیشت، بەڵام پارێزەرەکەم کە ئۆقرەی نەمابوو، بە دەستهەڵبڕینەوە وێڕای کەوتنی قۆڵی کراسەکەی بۆ دواوە هاواری کرد: "باشە تاوانبار دایکی ناشتووە یان مرۆڤێکی کوشتووە؟" دانیشتوان پێکەنین. بەڵام داواکاری گشتی جارێکی دیکە هەڵسایەوە. دەستێکی بە ڕۆبەکەیدا هێنا و وتی مرۆڤ دەبێ دەمڕووتێکی بەرگریکەری بەڕێزی هەبێت بۆ ئەوەی هەست نەکات کە لە نێوان ئەم دوو حاڵەتە پەیوەندییەکی قووڵ، کاریگەر، جەوهەری هەیە." بە هێزەوە هاواری کرد "بەڵێ، من ئەم پیاوە تاوانبار دەکەم، چونکە بە دڵێکی تاوانبارانە دایکێکی بە خاک سپاردووە." هەستم کرد ئەم قسەیە کاریگەرییەکی زۆری لە دانیشتوان کرد. پارێزەرەکەم شانەکانی هەڵتەکاند و ئارەقەی نێوچەوانی سڕییەوە. بەڵام ئەویش ماندوو دەهاتە بەرچاو و تێگەیشتم شتەکان بە باشی بە لای مندا ناشکێنەوە.

دانیشتن کۆتایی پێهێنرا. لە کاتی دەرچوون لە کۆشکی عەدالەت بۆ چوونە ناو ئۆتۆمۆبێل، لەو ساتە کورتە بۆن و ڕەنگی ئێوارەی هاوینم ناسییەوە. لە تاریکیی ناو زیندانە گەڕۆکەکەم، لە قووڵایی ماندووبوونم، یەکەبەیەکە، تەواوی دەنگ و هەرا ئاشناکانی ئەم شارەم هەست پێکردنەوە، کە خۆشم دەویستن و هەندێ کات تێیدا دەگەیشتمە ئەوەی هەست بە دڵخۆشی بکەم. هاواری ڕۆژنامەفرۆشەکان لە زووێکەوە بڵاو بۆتەوە. دواباڵندەی



Scanned by CamScanner

گۆڕەپانەکە، هاواری سەندەویچفرۆشەکان، سکاڵای تراماواکان لەسەر سووچەکانی بەرزایی شار و دەنگ و زایەڵەی ئاسمان پێش ئەوەی شەو بەندەر داپۆشێ، هەموو ئەمانە بۆ من ڕێگابڕینێکی کوێرانە بوو و پێش ئەوەی بچمەوە ناو زیندان، باشم دەناسینەوە. بەڵێ، ئەو وەختانە بوو، ماوەیەکی زۆر بوو، هەستم بە دڵخۆشی دەکرد. ئینجا ئەوەی چاوەڕێشی دەکردم، هەردەم بۆرژانێکی سووکی بێخەون بوو. کەچی چەند شتێک گۆڕابوون، چونکە بۆ چاوەڕێکردنی ڕۆژی دوایی، ئەوەبوو ژووری زیندانەکەمم دۆزییەوە. وەک ئەوەی ڕێگا ئاشناکانی ناو ئاسمانی هاوین، لە ناو زیندان یان لە ناو نوستنە بێگوناهەکان کۆتاییان بێت.



Scanned by CamScanner

# ٤

هەتا لەسەر کورسی تاوانباریش شتێکی سەرنجڕاکێشە ببیستم لە بارەی منەوە قسە دەکرێ. کە داواکاری گشتی و پارێزەرەکەم گفتوگۆیان دەکرد، دەتوانم بڵێم زۆر قسەیان لە بارەی منەوە کرد، لەوانەیە زۆرتر لەسەر من وەک لەسەر تاوانەکەم. بەڵام ئایە ئەم گفتوگۆیانە جیاوازییەکی ئەوتۆیان هەبوو؟ پارێزەرەکەم دەستی بڵند دەکرد و بە ناوی تاوانبارێک بەرگری لە من دەکرد، بەڵام داوای لێبوردنی دەکرد. داواکاری گشتی دەستەکانی درێژ دەکرد و بێ داواکردنی بەخشین تاوانی منی پیشان دەدا. لەگەڵ ئەمەش شتێک بە شاراوەیی بێزاری دەکردم، سەرەڕای بیرکردنەوە و نیگەرانیم، زۆرجار هەوڵم دەدا بە قسە بێم، بەڵام پارێزەرەکەم پێی دەگوتم: "بێدەنگ بن، ئەمەیان بۆ خۆتان باشترە." بە لێکدانەوەیەکی دیکە، وا پێدەچوو ئەم مەسەلەیە لە دەرەوەی من تاوتوێ بکەن.



Scanned by CamScanner

هەموو شتێک بێ دەستتێوەردانی من دەچووە پێشەوە. بێ ئەوەی ڕای من وەرگرن، چارەنووسم دیاری دەکرا. ناوەناوە حەزم دەکرد، گفتوگۆی گشت خەڵکەکە بپچڕێنم و بڵێم: "لەگەڵ ئەمەش تاوانبار کێیە؟ تاوانباربوون مەسەلەیەکی گرینگە. منیش شتێکم هەیە بیڵێم." دوای ئەم بیرکردنەوەم هیچی دیکەم نەبوو بیڵێم. لە لایەکی دیکە، پێویستە پەنجەنومای ئەوە بکەم، کە ئەو سوودەی لە هەراسانکردنی خەڵک دەیدۆزینەوە، ماوەیەکی زۆر ناخایەنێ. بۆ نموونە، گفتوگۆکانی داواکاری گشتی زۆر زوو ماندووی کردم. وەک هەندێک لە قسەکانی، لە ئاماژەکانی یان لە تەواوی خوتبەکەی، بە جیا لەمانی دیکە، کاریگەرییان لێکردم یان سەرنجیان ڕاکێشام.
ئەگەر باش تێگەیشتبم، قووڵایی بیرکردنەوەی داواکاری گشتی ئەوە بوو: من بە دەستی ئانقەست تاوانەکەم کردووە. ئەویش، بە لای کەمی دەیویست ئەمە نیشان بدات. هەروەکو خۆی دەیگوت: "بەڕێزان من بەڵگەتان پیشان دەدەم، نەک هەر یەکێک بەڵکو دووان. سەرەتا بە هۆی ڕۆشنایی کوێرکەری کردەکان، پاشان بە هۆی ڕووناککردنەوەی تاریکییەکان کە دەروونناس دەربارەی ئەم گیانە تاوانبارە دەماندات." تەواوی کردە و ڕووداوەکانی لە بارەی مردنی دایکمەوە کۆ کردەوە. باسی ناهەستیاری و نەزانینی تەمەنی دایکمی کرد، باسی



Scanned by CamScanner

مەلەکردنم بۆ ڕۆژی دوایی لەگەڵ ژنێک، سینەما، فێرناندێل و دوایش باسی گەڕانەوەمانی کرد لەگەڵ ماری. دوای ماوەیەک ئینجا لێی تێگەیشتم، بە تایبەتی ئەو کاتەی کە دەیگوت: "کچە دۆستەکەی." هەڵبەت بۆ منیش، ئەو تەنیا ماری بوو. پاشان هاتە سەر چیرۆکەکەی ڕایمۆند. هەستم کرد شێوەی بینینی بۆ ڕووداوەکان ڕووناکە، ئەو شتانەی دەیگوت، ماقووڵ بوون. بە ڕەزامەندی ڕایمۆند نامەکەم نووسیبوو تا کچە دۆستەکەی بخەمە ناو ڕەفتاری ناشرینی پیاوێک کە لە ڕووی "ڕەوشتەوە گومانی لێدەکرێ". لەسەر کەنار دەریا ناحەزانی ڕایمۆندم هەراسان کردووە. ڕایمۆند پێشتر بریندار ببوو. داوای دەمانچەکەم لە ڕایمۆند کردووە. ئینجا بە تەنیا گەڕاومەتەوە تاکو بەکاری بهێنم. بەو شێوەی پلانم بۆ دانابوو، عەرەبەکەم کوشتووە. "بۆ دڵنیابوون لەوەی کارەکە بە باشی کراوە." جارێکی دیکەش، بە هێمنی و ئاسوودەیی، تا ڕادەیەک وێڕای جۆرە بیرکردنەوەیەک، چوار گوللەی دیکەشم لێداوە.

"پارێزەری گشتی وتی، ئەمەیە بەڕێزان، من لە پێش ئێوە زنجیرەی ڕووداوەکانم بۆ گێڕانەوە، کە لەوپەڕی ئاگاییەوە ئەم پیاوەیان هان داوە یەکێک بکوژێ. وتی دووپاتی دەکەمەوە. چونکە مەسەلەکە هەر تەنیا کوشتنێکی سادە نییە، کوشتنەکە لە کردەیەکی نائاگاییەوە



Scanned by CamScanner

نەهاتووە وای بۆ بچن بە پێی باروزروف بکوژێتەوە. بەڕێزان، ئەم پیاوە وریا و زیرەکە. گوێتان لێبوو، وانییە؟ دەزانێ وەڵام بداتەوە. نرخی وشە دەزانێ. ناتوانین بڵێین بە چەشنێک جووڵاوەتەوە پێشبینی ئەوەی نەکردووە چی دەکات."

گوێم دەگرت و گوێم لێدەبوو بە وریا و زیرەکم لە قەڵەم دەدەن. بەڵام باش لەوە نەدەگەیشتم چۆن سیفاتەکانی پیاوێکی ئاسایی دەبنە بارێکی تێکشکێنەر دژی تاوانبارێک. بە لای کەمی ئەمە بوو کە کاری لێدەکردم، بۆیە چیتر گوێم نەدایە داواکاری گشتی تا ئەو دەمەی وتی: "ئایە هیچ پەشیمانییەکیش دەردەبڕێ؟" هەرگیز بەڕێزان. هەتا لە کاتی لێکۆڵینەوەش لەگەڵی، جارێک چییە بەرانبەر بە تاوانە ترسناکەکەی هەڵنەچوو." لەو کاتەدا، وێڕای درێژەدان بە تاوانبارکردنم بێ ئەوەی لە ڕاستیدا تێی بگەم بۆچی پەنجەی بۆ درێژ کردم، خۆی بۆ لای من سووڕاندەوە. بێگومان نەمدەتوانی دان بەوەدا نەنێم، کە ئەو ڕاستی دەکرد. لە کردەکەم پەشیمانیم زۆر نەبوو. بەڵام ئەو هەموو کینە و دووبەرەکییە سەری دەسووڕاندم. دەمویست هەڵبدەم بە دڵێکی پاکەوە، یانیش بە دڵسۆزییەوە بۆی ڕوون بکەمەوە هەرگیز نەمتوانیووە بە ڕاستی پەشیمانی لە شتێک بخۆم. من هەردەم دەستەمۆی ئەوە بوومە کە دێت، جا ئەمڕۆ بێ یان سبەی.



Scanned by CamScanner

بەڵام بە شێوەیەکی سروشتی، لەم بارەی کە ئەوان بۆ منیان دروست کردووە، بەم زمانە نەمتوانیووە لەگەڵ هیچ کەسێک بدوێم. مافی ئەوەم نەبووە کاریگەری لەسەر خۆم یان خۆم پاکمەبەست پیشان بدەم. جارێکی دیکەش هەوڵم دا گوێ لە داواکاری گشتی بگرم، چونکە دەربارەی گیانی من دەستی بە ئاخاوتن کرد.

داواکاری گشتی دەیگوت بەڕێزان ئەندامانی دادگا، لە گیانی ئەو ورد بوومەتەوە، بەڵام هیچم نەدۆزیتەوە. دەیگوت ڕاستییەکەی من هیچ گیان و مرۆڤایەتیم تیا نییە، هەتا پرەنسیپێکی ئەخلاقیش چییە کە دڵی مرۆڤ دەپارێزێ نیتم. "بێجگە لەمە، ئەمەشی خستە سەر: بێگومان، ئێمە ناتوانین لەم ڕووەوە گلەیی لێبکەین. دەربارەی ئەو شتەی کە نەیتوانیووە بە دەستی بهێنێ، ناتوانین گلەیی لێبکەین کە نیەتی. هەچی ئەم دادگاییەشە، دەبێ فەزیلەتی تەواو پاکی لێبوردن شوێنی خۆی بۆ فەزیلەتێکی سەختتر و باڵاتر لە عەداڵەت بگۆڕێتەوە. بە تایبەتی کاتێک کە لە دڵێکی بەتاڵی وەک لەم مرۆڤە هەستی پێدەکرێ و دەبێتە چاڵێک کۆمەڵ تێیدا سەرەنگوون دەبێ." لەم کاتەش بوو باسی هەڵوێستی منی کرد دەربارەی دایکم. ئەو شتانەی دووبارە کردەوە، کە لە ئاخاوتنەکانیدا گوتبووی. بەڵام لە جاری پێشوو زۆر درێژتر بوو، کە دەربارەی تاوانەکەم قسەی دەکرد.



Scanned by CamScanner

سەرەنجام، تەنیا هەستم بە شاڵاوی گەرمایی ئەو بەیانییە دەکرد. بە لای کەمی تا ئەو کاتەی پارێزەری گشتی لە ئاخاوتن وەستا، پاش بێدەنگییەکی کەم، بە دەنگێکی زۆر کز و کاریگەر دەستی پێکردەوە: "بەڕێزان، هەمان ئەم دادگایە، سبەی دادگایکردنی ترسناکترین تاوان دەگرێتە ئەستۆ: ئەمەش تاوانی کوشتنی باوکێکە." بە گوێرەی قسەکانی ئەو، بەرانبەر بەم کردە تۆقێنەرە بیرکردنەوە و ئەندێشە دەوەستێ. دەیگوت بە جورئەتەوە ئومێدی ئەوە دەخوازێ عەدالەتی مرۆڤ بێ هیچ ترس و لاوازییەک سزای خۆی پیادە بکات. بەڵام، لەوە دەترسا بڵێ ئەو تۆقینەی لەم تاوانەی باوککوژییە هەستی پێدەکات، بەرانبەر بە ناهەستیاریی من شوێن چۆڵ دەکات. دیسان بە گوێرەی قسەکانی ئەو، پیاوێک کە بە شێوەیەکی ئەخلاقی دایکی خۆی کوشتبێ، بە هەمان ئاست خۆی لە کۆمەڵ دادەبڕێنێ وەک ئەو کەسەی کە دەستێکی باڵای هەبێت لە کوشتنی ئەو کەسەی ژیانی پێبەخشیبێ. لە هەموو بارێکدا، یەکەمیان کردەکان بۆ دووەمییان ئامادە دەکات، بە چەشنێک بانگیان بۆ دەدا و شەرعییەتیان پێدەدات. وێڕای دەنگ بەرزکردنەوە، وتی: "بەڕێزان من دڵنیام، هەست نەکەن من ئازایەتی دەنوێنم ئەگەر بڵێم ئەو مرۆڤەی لەسەر ئەم کورسییە دانیشتووە، وەک هەمان ئەو



Scanned by CamScanner

تاوانبارەی سبەی ئەم دادگایە موحاکەمەی دەکات تاوانبارە، بۆیە دەبێ سزا بدرێ."

لێرەوە داواکاری گشتی ڕوخساری تریسکەداری خلّتانی ئارەقەی سڕییەوە. پاشان وتی سەرەنجام ئەو ئەرکێکی پڕ لە ئازاری هەیە، بەڵام ئازایانە دەیگەیەنێتە سەر. دڵنیایی لەسەر ئەوە کرد، کە من هیچم لەگەڵ کۆمەڵێک پێناکرێت کە یاسا بنچینەییەکانی ناناسم و ناشتوانم بە هانای ئەم دڵەی خۆمی بهێنم، کە کاردانەوە هەرە سەرەتاییەکانی هەست پێناکەم. وتی: "داوای سەری ئەم پیاوەتان لێدەکەم، ئەمەش دڵێکی ئاسوودەیە کە داواتان لێدەکات. چونکە، ئەگەر لە ماوەی درێژی پیشەکەم زۆرجار داوای حوکمی مەرگم کردبێ، هیچ کاتێک وەکو ئەمڕۆ، هەستم بە پێویستی ئەو ئەرکە ئازاردەرە لەجێیە، هاوسەنگە، ڕۆشن بە هۆشیاری فەرمانڕەواییە سەرەکییەکان و پیرۆز و لە هەمان کات بە هۆی ئەو تۆقینەی کە لە بەرانبەر ڕوخساری مرۆڤێکی لەم جۆرە هەست پێدەکەم، نەکردووە، کە تێیدا دڕندەیی لێدەخوێنمەوە."

کە داواکاری گشتی دانیشتەوە، بێدەنگییەکی تەواو درێژ بەرقەرار بوو. لەبەر گەرمایی و سەرسووڕمان گێژ ببووم. سەرۆک کەمێک کۆخە گرتی و بە دەنگێکی زۆر کز، داوای لێکردم شتێکم هەیە بیخەمە سەر. منیش



Scanned by CamScanner

هەڵسامەوە، چونکە حەزم دەکرد قسە بکەم. کەمێک بە وێڵی وتم من هیچ مەبەستێکم نەبووە عەرەبەکە بکوژم. سەرۆک وەڵامی دایەوە لەمە دڵنیایە و هەتا ئێستاش بە خراپی سیستەمی بەرگریکردنی منی وەرگرتووە و بەختەوەر دەبێت، پێش ئەوەی گوێ لە پارێزەرەکەم بگرێت، ئەو هۆیانەم پێ ڕوون بکاتەوە، کە ببوونە هاندەری تاوانەکەم. کەمێک بە تێکەڵوپێکەڵکردنی وشەکان، وێڕای هەستکردن بە بێمانایی خۆم، بە خێرایی وتم خەتای هەتاوەکە بوو. لە ناو هۆڵەکە دانیشتوان پێکەنین. پارێزەرەکەم شانەکانی هەڵتەکاند و پاشان ڕاستەوخۆ نۆرەی قسەکردنیان دایە ئەو. بەڵام پارێزەرەکەم وتی وەخت درەنگە، چونکە بۆ چەند سەعاتێک ئاخاوتنی هەیە، بۆیە داوای هەڵگرتنی دەکات بۆ پاش نیوەڕۆ. دادگاش ئەمەیان لەبەرچاو گرت.

پاش نیوەڕۆ، پانکە گەورەکان بەردەوام هەوای قورسی هۆڵەکەیان پەخش دەکرد و باوەشێنە ڕەنگاوڕەنگە گچکەکانی دەست ئەندامانی دادگاش بە هەمان شێوە دەجووڵانەوە. وای بۆ دەچووم بەرگریی پارێزەرەکەم قەت تەواو نەبێت. لەگەڵ ئەمەش، لە کاتێکی دیاریکراو گوێم لێی گرت، چونکە دەیگوت: "ڕاستە من کوشتوومە." پاشان لەسەر ئەم نەزمە درێژەی بە قسەکانی دا و هەموو جارێک کە دەربارەی من قسەی دەکرد، دەیگوت "من"،



Scanned by CamScanner

زۆر سەرم لەمە سوور مابوو. خۆم بۆ لای یەکێک لە پۆلیسەکان خوار کردەوە داوام لێکرد بۆچی وا دەڵێ؟ پێی وتم بیدەنگ بم، چەند سات‌ێک دواتر وتی "هەموو پارێزەرێک ئەمە دەکات." کەچی من هەستم دەکرد لە مەسەلەکەم دادەبڕێن، دەمکەنە سفر، بە مانایەکی دیکە، خۆیان لە جێگای من دادەنێن. بەڵام لەو باوەڕەدام دەمێکە لەم هۆڵەی گوێگرتنە دوور کەوتوومەتەوە. لە لایەکی دیکە، پارێزەرەکەم تڕوهات هاتە بەرچاو. بە خێرایی بەرپەرچی ئەو قسانەی دایەوە، کە دژی من کرابوون، پاشان ئەویش دەربارەی گیانی من قسەی کرد. بەڵام هەستم کرد لەچاو داواکاری گشتی بەهرەی گەلێک کەمترە. وتی "منیش لەم گیانە ورد بوومەتەوە، بەڵام بە پێچەوانەی نمایندەی بەڕێزی وەزارەتی کاروباری گشتی، شتێکم دۆزییەوە، کە دەتوانم بڵێم وەک کتێبێکی والا خوێندمەوە." ئەو لە گیانی من ئەوەی خوێندبۆوە، کە من مرۆڤێکی بە شەرەفم، کارگەرییەکی ڕێکوپێک، ماندونەزان، وەفادار بۆ شوێنی کارکردنم، خۆشەویست لە لای هەمووان و دڵسۆز بەرانبەر بە کوێرەوەریی خەڵکی دیکە. بۆ ئەو، من کوڕێکی نموونەیی بووم و تا ئەو شوێنەی پێی کراوە، پشتگیریی دایکی خۆی کردووە. سەرەنجام ئومێدم بەوە بووە بشی خانەی بەساڵاچووان ئاسوودەیی بۆ پیرێژن دابین بکات، کە لە توانای مندا نەبووە بۆی



Scanned by CamScanner

ئامادە بکەم. ئینجا وتی: "بەڕێزان، من زۆر پێم سەیرە، ئەم هەراوهۆریایە گەورەیەمان دەربارەی ئەو خانەی بەساڵاچووانە کرد. لەبەر ئەوەی سەرەنجام، ئەگەر بمانەوێ بەڵگەیەک بۆ سوود و مەزنیی ئەم دەزگایە پیشان بدەین. دەبێ بڵێین دەوڵەت خۆی باربووی دەکات."
پارێزەرەکەم تەنیا دەربارەی ناشتنی دایکم قسەی نەکرد، هەستم کرد بەرگرییەکەی ئەمەی نوقسانە. بەڵام لەبەر ئەم هەموو ڕستە درێژانە، ئەم هەموو ڕۆژ و وەختە بێپایانەی کە دەربارەی گیانی من قسەیان کردبوو، هەستم کرد هەمووی دەبێتە ئاوێکی بێڕەنگ و سەرم تیا دەسووڕێ.
لە کۆتاییدا، کاتێ کە پارێزەرەکەم درێژەی بە قسەکانی دەدا، لە جادە و ناو گشت فەزای هۆڵ و دادگاکان، تەنیا ئەوەم بە بیر دێتەوە، کە شەیپوری ساردەمەنیفرۆشێک تا کن من دەنگی دەدایەوە. بە بیرەوەرییەکانی ژیانێک کە ئیدی هی من نەبوون، هێرشم کرابووە سەر، بەڵام هەر لەمانەدا هەژارترین و پتەوترین شادیی خۆم دۆزیبۆوە: بۆنی هاوین، ئەو گەڕەکانەی کە خۆشم دەویستن، ئاسمانی هەندێ ئێواران، پێکەنین و کراسەکەی ماری. لێرەوە هەموو ئەو کارە بێسوودانەی لەم دادگایە دەمکرد، قوڕگی گرتم و تەنیا پەلەی ئەوەم بوو تەواو بین و بگەڕێمەوە ناو ژووری زیندان و خەوتنەکەم. لەم کاتەدا



Scanned by CamScanner

بە ئاستەم گوێم لە پارێزەرەکەم بوو، کە لە دوایین قسەکانی بوو و هاواری دەکرد و دەیگوت، ئەندامانی دادگا نایانەوێ کارگەرێکی شەریف بە هۆی خولەکێک ئاوارەیی بۆ مەرگی بنێرن. بۆ ئەو تاوانەی کە ئێستا سزاکەی دەکێشم، داوای سووککردنی دەکرد و دەیگوت سەختترین سزا بۆ من پەشیمانی ئەبەدییە. دادگا دانیشتنەکەی وەستاند و پارێزەرەکەشم لەوپەڕی ماندوویێتییەوە دانیشتەوە. بەڵام هاوکارە پارێزەرەکانی بۆ دەستگوشینی بەرەو ڕووی هاتن. گوێم لێبوو یەکێک وتی: "نایاب بوو ئازیزەکەم." یەکێکیشیان بۆ بەڕاستگەڕاندنی قسەکەی خۆی داوای ڕای منی کرد و گوتی: "چما وانییە" منیش لێم وەرگرت. بەڵام ستایشەکەم زۆر جیدی نەبوو، چونکە زۆر ماندوو بووم.

کەچی، لە دەرەوە ڕۆژ بەرەو ئاوابوون دەچوو و گەرمایی تەشقی کەمتر بوو. لەو دەنگە دەنگە کەمەی لە جادەوە دەهات و گوێم لێیان دەبوو، هێمنیی ئێوارەم هەڵدەهێنا. هەمووومان لێرە چاوەڕێ بووین. لەو شتەی کە هەمووومان بە یەکەوە چاوەڕێمان دەکرد، تەنیا پەیوەندیی بە منەوە هەبوو. جارێکی دیکە تەماشای هۆڵەکەم کرد. هەمووی وەک ڕۆژی یەکەم لە ناو هەمان حاڵەت بوو. چاوم بە ڕۆژنامەنووسە چاکەت بۆرەکە و ئەو ژنە کەوتەوە، کە بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی شتەکانی تومار



Scanned by CamScanner

دەکرد. ئەمەش ئەو بیرەی دامێ کە بە درێژایی داداگاییکردن بە نیگا لە ماری نەگەڕام. لە بیرم نەکردبوو، بەڵام کاری زۆرم هەبوو بیکەم. لە نێوان سیلێست و ڕایمۆنددا بینیم. ئیشارەیەکی بچکۆڵەی بۆ کردم، وەک ئەوەی بیەوێ بڵێ: "سەرەنجام"، ویڕای پێکەنین کەمێک نیگەرانیی سەر ڕوخسارم بینی. بەڵام هەستم کرد دڵم گیراوە و بە ڕادەیەک نەمتوانی وەڵامی خەندەکەشی بدەمەوە.

دادگا دانیشتەوە. زۆر بە خێرایی ڕیزێک پرسیاریان بۆ ئەندامانی دادگا خوێندەوە. گوێم لەمانە بوو: "تاوانبار بە کوشتن"،... "بە دەستی ئانقەست"،... "هۆیەکانی سووککردنەوە." ئەندامانی دادگا چوونە دەرەوە و منیشیان بردە ژوورە بچکۆڵەکە، کە پێشتر تێیدا چاوەڕێم کردبوو. پارێزەرەکەم خۆی گەیاندە من: دیار بوو پەلەیەتی و بە باوەڕ و دڵسۆزیی زێدەتر قسەی بۆ دەکردم، کە هیچ کاتێک بەم چەشنە نەمبینیبوو. ئەو وای بۆ دەچوو هەموو شتێک بە باشی سەردەگرێ و بە چەند ساڵێک زیندانی یان سوخرەکێشی ڕزگارم دەبێت. لێم پرسی ئەگەر حوکمدانەکە یاریدەدەر نەبوو، ئایا ئومێدی چاوپیاخشاندنەوە هەیە؟ وتی نەخێر. تاکتیکی پارێزەرەکەم ئەوە بوو هیچ ئەنجامێک دانەنرێت تاکو ئەندامانی دادگا هەراسان نەکرێن. هەروەها ئەمەشی بۆ ڕوون کردمەوە،



Scanned by CamScanner

که له خۆرایی هیچ حوکمێک ڕەت ناکرێتەوە. ئەمەیان ڕوون و ئاشکرا بوو، دەبینین مەسەلەکە تەواو سروشتییە. بەڵام له حاڵەتی پێچەوانەی ئەمە، کاغەزبازییەکی زۆر و بێسوودی دەکەوێتێ. پارێزەرەکەم پێی وتم "له هەموو حاڵەتێکدا، چاوپیاخشاندنەوە هەیە، بەڵام دڵنیام له کۆتاییدا ئەنجامێکی گونجاو و لەباری دەبێت."

گەلێک چاوەڕێمان کرد، لەو باوەڕەدام نزیکەی سی چارەکە سەعاتێک بوو. له کۆتاییدا، زەنگێک دەنگی دایەوە. پارێزەرەکەم وێڕای بەجێهێشتنم وتی: "ئێستا سەرۆکی ئەندامانی دادگا وەڵامەکان دەخوێنێتەوە، تەنها له کاتی خوێندنەوەی حوکمدانەکە دەتهێننە ژوورەوە." چەند دەرگایەک تەقەیان لێوە هات. لەسەر پلیکانەکان خەڵک ڕایان دەکرد. نەمدەزانی نزیکن یان دوورن. پاشان گوێم له دەنگێکی گران بوو له ناو هۆڵەکە شتێکی دەخوێندەوە. کاتێ که زەنگەکە جارێکی دیکە دەنگی دایەوە، که دەرگای سندوقی تایبەت به تاوانبار کرایەوە، بێدەنگیی هۆڵەکە بەرەو من هەڵکشا، بێدەنگی و ئەو هەستە بێوێنەیە دایپۆشیم کاتێ که تێبینیم کرد ڕۆژنامەنووسە گەنجەکە چاوەکانی لەسەر من گواستۆتەوە. تەماشای لای ماریم نەکرد. کاتم بۆی نەبوو، چونکە سەرۆک به شێوەیەکی



Scanned by CamScanner

زۆر سەیر پێی وتم، بە ناوی گەلی فڕەنسی، لە گۆڕەپانێکی گشتی سەرم لە لەشم جیا دەکرێتەوە.

ئەو کاتە پێم وابوو ئەو هەستانە دەناسمەوە، کە لەسەر گشت ڕوخسارەکان دەیانخوێنمەوە. لەو باوەڕەدام جۆرێک بوو لە ڕێزلێنان. پۆلیسەکان لەگەڵم زۆر ئارام بوون. پاریزەرەکە دەستەکانی خستە سەر قامکم. چیتر بیرم لە هیچ نەدەکردەوە. بەڵام سەرۆک لێی پرسیم شتێکم نییە بیڵێم. بیرم کردەوە وتم: "نەخێر." ئینجا بردمیان.



Scanned by CamScanner

# ٥

بۆ سێیەمین جار هاتن و چاوپێکەوتنی کەشیشم ڕەت کردەوە. هیچم نییە پێی بڵێم. ئارەزووی قسەکردنم نییە، بەم زووانە دەیبینم. ئەو شتەی ئێستا بە لامەوە گرینگە، ڕزگاربوونە لە میکانیکیەت، ئایا دەشێ لە ناو مەحاڵدا ڕێگایەکی دەرچوون بکرێتەوە؟

ژووری زیندانەکەیان گۆڕیم. لەمەیان کاتێ کە ڕاکشاوم، ئاسمان دەبینم، تەنیا ئەو دەبینم. تەواوی ڕۆژەکانم بە سەیرکردنی ڕەوینەوەی ڕەنگەکانی سەر ڕوخساری ئاسمان بەسەر دەبەم، کە ڕۆژ بە شەو دەگەیەنن. نووستوو، دەستەکانم لە بن سەرم دەنێم و چاوەڕێ دەکەم. نازانم چەندین جار لە خۆم پرسیووە ئایە لەوانەی بە مەرگ حوکم دراون، کەسێک هەبووە لە میکانیزمی حەتمی ڕزگاری بووبێت و پێش جێبەجێکردن بزر بووبێت، بازنەی پاسەوانەکانی شکاندبێت؟ ئەو کاتە



Scanned by CamScanner

لۆمەی خۆم دەکرد، کە بە وردی تێبینیی حوکمدانەکەم نەکردووە. دەبێ هەمیشە ئارەزووی مەسەلەیەکی وامان هەبێت. قەت نازانین چی ڕوو دەدات. وەک هەموو خەڵک منیش ئاگادارییەکانم لە ڕۆژنامەکان خوێندبۆوە. بەڵام بێگومان لەم ڕووەوە نووسین و کتێبی تایبەتی هەبوون، کە من قەت هەستیاری ئەوەم نەبووە سەرەنجیان بدەمێ. لەم بارەیەوە، لەوانەیە کۆمەڵێک چیرۆک و سەرگوزەشتەی هەڵاتنم بدۆزیبایەوە. بە لای کەمی لە یەکێ لە حاڵەتەکان فێری ئەوە دەبووم کە چەرخەکە وەستابوو و لە ناو ئەم پێشبینییە بەرگرینەگرە، ڕێکەوت و بەخت، تەنیا جارێک شتێکیان گۆڕیبوو. تەنیا جارێک، بە یەکێ لە ماناکان، لەو باوەڕەم ئەوەم پێ بەس بوو. دڵم پاشماوەکەی دروست دەکرد. زۆرجار ڕۆژنامەکان باسی ئەو قەرزەیان دەکرد، کە بەرانبەر بە کۆمەڵ لەسەرمە. بە ڕای ئەوان دەبووایە بیبەخشم. بەڵام ئەمە بە خەیاڵ نادرێتەوە. ئەوەی گرینگ بوو، ئیحتیماڵێکی ڕاکردن بوو، بازدانێک بۆ دەرەوەی ئەم مەراسیمە حەتمییە، ڕاکردنێکی شێتانە کە گشت بەختێکی ئومێد ببەخشێ. هەڵبەت، ئومێد ئەوەبوو لە گۆشەی شەقامێک، لەوپەڕی ڕاکردن، بە گوللەیەک بەرتدەنەوە. بەڵام دوای وردبوونەوە لە هەموو شتێک، هیچ شتێک ئەم خۆشییەم پێنابەخشێ، گشتیان لێمی قەدەغە دەکەن، سەرلەنوێ میکانیکیەت دەمگرێتەوە.



Scanned by CamScanner

سەرەڕای مەبەستپاکیم، نەمدەتوانی ئەم یەقینە پیسە وەرگرم، چونکە سەرەنجام، لە نێوان ئەو حوکمەی ئەم یەقینەی دارشتبوو، هەروەها دڵنیایی لە جێبەجێکردنی حوکمەکە بێ گیروگرفت لەو ساتەی خوێندرابۆوە، جیاوازییەکی بێمانا هەبوو. مەسەلەکە ئەوەیە حوکمی دادگا لە سەعات بیست خوێندرایەوە نەک لە سەعات حەڤدە. مەسەلەکە ئەوەیە دەکرا حوکمی دادگا تەواو شتێکی دیکە ببێت، وەک لەوەی لە لایەن هەندێ کەس دارێژرێت کە جلی ژێرەوەیان دەگۆڕن، مەسەلەکە ئەوەیە چەمکێکی نادیاری وەک گەلی فرەنسی (ئەڵمانی یان چینی) خرابووە پاڵ، پێم وایە هەموو ئەمانە گەلێک لایەنی جیدی لە حوکمدانەکە لادەبەن. کەچی، هەر لەو ساتەوەی کە حوکمەکە دەرچوو، ناچار بووم دان بەوەدا بنێم کە ئەنجامەکانی وەک ئامادەیی ئەم دیوارە کە لەمسەر بۆ ئەوسەر بە لەشی خۆم فشاری دەخەمە سەر، دڵنیا و ڕاست دەکەونەوە.

لەم ساتانە چیرۆکێکم بە بیر هاتەوە، کە دایکم دەربارەی باوکم بۆی دەگێڕامەوە. من باوکمم نەبینیووە. هەموو ئەو شتانەی بە وردی دەربارەی ئەم پیاوە دەیانزانم، لەوانەیە هەر ئەوە بێت کە دایکم بۆی باس دەکردم: جارێکیان چووبوو لە سێدارەدانی بکوژێک ببینێ. دەربارەی بیری چوونەکەی نەخۆش کەوتبوو، لەگەڵ ئەمەش چووبوو



Scanned by CamScanner

بینیبووی، لە گەڕانەوە، ئەو بەیانییە ماوەیەک ڕشابۆوە، سەرەنجام کەمێک بێزم لە باوکم دەبووەوە. ئێستا تێدەگەم، چونکە زۆر سروشتی بووە. چۆن تا ئێستا هەستم نەکردووە کە هیچ شتێک لە لەسێدارەدان گرینگتر نەبووە. هەرچۆنێک بێت، ئەمە بۆ تاقە مرۆڤێک شتێکی زۆر سەرنجڕاکێش بووە. ئەگەر لەم زیندانە ڕزگارم بێ، بۆ بینینی هەموو لە سێدارەدانەکان دەچم. بۆ بیرکردنەوە لەم ئیحتیمالە هەست دەکەم لەسەر هەڵە بوومە. چونکە لەجیاتیی بیری ئەوەی چێشتانێک خۆم ئازاد لە پشت بازنەی پاسەوانان ببینمەوە، بە چەشنێک لەو بەرەوە، وەک لە بیری ئەوەی بینەرێک بم و بێت ئەم دیمەنە ببینێ و پاشان بڕشێتەوە، شەپۆلێک لە شادیی ژەهراوی لە ناو دڵم دەگەڕێ. بەڵام ئەم بیرە دوور بوو لە ژیری، بێگومان لەسەر هەڵە بووم کە خۆم دەدا دەست ئەم گریمانانە، چونکە چرکەیەک دواتر، ئەمەندە تۆقێنەرانە سەرمام دەبوو، لەژێر پێخەفەکەم پێچم دەخواردەوە. بێ ئەوەی بتوانم خۆم بگرمەوە ددانەکانم لێک دەدان.

بەڵام، هەڵبەت مرۆڤ ناتوانێ هەمیشە ژیر بێت. بۆ نموونە پێشان پرۆژەی یاسادانانم دادەڕشت. یاساکانی سزادانم چاک دەکردن. تێبینیی ئەوەم کردبوو، کە مەسەلە جەوهەرییەکە ئەوەیە ئومێدێک بدرێتە مەحکومکراو. تەنیا تاقە ئومێدێک لەسەر هەزار. کۆمەڵێک شت بە باشی ڕێک



Scanned by CamScanner

دەخات. بەم جۆرە، ئەوەم بە خەیاڵدا دەهات کە دەتوانرێ ئاوێتەیەکی کیمیایی بدۆزرێتەوە، بە خواردنەوەی نۆ لەسەر دە کەسی نەخۆش (دەمگوت: نەخۆش) بکوژێ. بە چەشنێک ئەو کەسە وەک مەرجێک هەست بەمە بکات. چونکە بە چاکی بیرکردنەوە، بە ئارامی حسێبکردن بۆ شتەکان، گەیشتمە ئەو قەناعەتەی ئەوەی کە بە گیۆتین سەری لێدەکرێتەوە، هیچ ڕێگایەکی ڕزگاربوونی بۆ نابێ، موتڵەقەن هیچ. بەگشتی، بە جارێک، مەرگی نەخۆشەکە مسۆگەرە. ئەمەش وەک مەسەلەیەکی لەبیرکراو یان هاوکێشەیەکی وەستاو بوو، پێکهاتنێک بوو شوێن بۆ گەڕانەوە دواوە بە هیچ شێوەیەک نەبوو. ئەگەر بە موعجیزەیەکیش سەرپەڕاندنەکە سەرنەگرێ، دووبارە دەست پێدەکەنەوە. لە دواییدا ئەوەی کە هەراسانکەر بوو، دەبووایە تاوانبار هیوای ئەوە بخوازێ گیۆتینەکە باش کار بکات. بە ڕای من، ئەمەیە لایەنی خەوش. لە لایەک ئەمە ڕاستە، بەڵام لە لایەکی دیکە، ناچار بووم دان بەوەدا بنێم کە تەواوی نهێنیی ڕێکخستنێکی چاک ئامادە بوو. بەگشتی، تاوانبار ناچار بوو لە ڕووی ئەخلاقییەوە هاوکاریی خۆی بنوێنێ. چونکە بە قازانجی ئەو بوو هەموو شتێک بێ گیروگرفت بە ئەنجام بگات.
دیسان ناچار بووم تێبینیی ئەوە بکەم ئەو بیرانەی تا ئێستا دەربارەی ئەم مەسەلانە هەمبوون، ڕاست نەبوونە.



Scanned by CamScanner

ماوەیەکی زۆر لەو باوەڕەدا بووم —نازانم بۆچی— بۆ ڕۆیشتن بەرەو گیۆتین، دەبووایە بچیتە سەر سەکۆ و بە پایەکان سەرکەویت. لەو باوەڕەدام ئەمە بە هۆی شۆڕشی 1789 بووە، مەبەستم ئەوەیە بڵێم بە هۆی هەموو ئەو شتانە بووە، کە لەسەر ئەم مەسەلانە فێریان کردووم یان پێیان نیشان داوم. بەڵام بەیانییەک، وێنەی لە سێدارەدانێکی بەناوبانگم کەوتەوە یاد، کە وەختی خۆی ڕۆژنامەکان بڵاویان کردبۆوە. لەم وێنەیە، لە ڕاستیدا، زۆر بە سادەیی گیۆتینەکە لەسەر ئەرز دانرابوو. باوەڕم نەدەکرد ئەمەندە تەسک بێت. پێم سەیر بوو زووتر بیرم بۆ ئەم وێنەیە نەچووبوو. وێنەی گیۆتینەکە زۆر سەرنجی ڕاکێشابووم، بە تایبەتی لایەنی وردەکاری و ناسکی و چریسکەدانەوەکەی. مرۆڤ هەمیشە دەربارەی ئەو شتانەی نایانناسێ، درێژدادڕیی زۆر دەکات. بە پێچەوانەوە، دەبێ بڵێم هەمووی بەگشتی زۆر سادە بوو: گیۆتینەکە بە هەمان ئاستی ئەو مرۆڤە بەرزە، کە بەرەو ڕووی دەچێت. بە چەشنێک، وەک ئەوەی بەرەو ڕووی یەکێک بچێت خۆی دەگەیەنێتێ. ئەمەش بیرێکی هەراسانکەر بوو. چونکە سەرکەوتن بۆ سەر سەکۆ و بەرزبوونەوە بۆ ئاسمان، بواری ئەوە هەیە خەیاڵ خۆی پێیاندا شۆڕ بکاتەوە، لە کاتێکدا میکانیک هەموو شتێک



Scanned by CamScanner

ورد و خاش دەکات. لێرەوە بە نهێنی و بە کەمێک شەرم و گەلێک وردەکاری کوژراوین.
دوو شتی دیکەش هەبوون کە بەردەوام بیرم لێدەکردنەوە، ئەمانەش گزنگ و چاوخشاندنەوە بە دادگاییکردنەکەم بوون. لەگەڵ ئەمەش هەوڵم دەدا ژیر بم و چیتر بیریان لێنەکەمەوە. چاوەڕێم دەکرد، تەماشای ئاسمانم دەکرد، زۆریم لە خۆم دەکرد حەزی لێبکەم. لای ئێوارە ئاسمان کەسک بوو. جارێکی دیکەش هەوڵم دا ڕێڕەوی بیرکردنەوەم بگۆڕم. گوێم لە دڵی خۆم دەگرت. هەرگیز نەمدەتوانی ئەوە بهێنمە بەرچاوم ئەو ترپە ترپەیەی ماوەیەکی گەلێک زۆرە هاوڕێمە، بۆ هەتاهەتایی بوەستێ. من قەت بە ڕاستی ئەندێشەم نەبووە. لەگەڵ ئەمەش هەوڵم دا بۆ چەند چرکەیەک خۆم پیشان بدەم چیتر لە ناو سەرم لێدانی ئەو دڵە درێژەی نابێ. بەڵام بێهوودە بوو، گزنگ و چاوخشاندنەوە بە دادگاییکردنەکەم لە پێشم بوون. سەرەنجام گەیشتمە ئەو ئەنجامەی بە خۆم بڵێم، ژیرترین شت ئەوەیە فشار لە خۆم نەکەم.
دەمزانی لە بەرەبەیاندا بە دوامدا دێن. بەگشتی، شەوانم بە چاوەڕێکردنی ئەو بەرەبەیانە بردە سەر. هیچ کاتێک حەزم نەکردووە لەناکاو بێنە سەرم. کە شتێکم لێ ڕوو دەدا، وای بە چاک دەزانم سەرەتا ئامادە بم. لەبەر ئەم هۆیە، ئیدی چیتر نەدەنووستم، تەنیا کەمێک لە ڕۆژەکانم



Scanned by CamScanner

نەبێ، بە درێژایی شەوەکانیشم چاوەڕێم دەکرد ڕۆشنایی لەسەر میناى ئاسمان لەدایک بێت. ناخۆشترین شت ئەو وەختە پڕ لە گومانە بوو، کە دەمزانی تیایدا حوکمەکە جێبەجێ دەکەن. پاش نیوەشەو، چاوەڕێم دەکرد و خۆم مەڵاس دەدا. هەرگیز گوێیەکانم ئەم هەموو دەنگەدەنگەی بە وردی لێک جیا نەکردۆتەوە. لە لایەکی دیکە، دەتوانم بڵێم، بە درێژایی ئەو ماوەیە بەختم هەبووە، چونکە دەنگی هیچ پێیەکم نەبیست. زۆرجار دایکم دەیگوت هیچ کاتێک بە تەواوی بەدبەخت نین. لە زیندان، کاتێ کە ئاسمان خۆی ڕەنگاوڕەنگ پیشان دەدا و ڕۆژێکی دیکەی نوێ دەخزایە ژوورەکەم، باوەڕم بە قسەکەی ئەو دەهێنا. چونکە بواری ئەوە بە باشی هەبوو گوێم لە دەنگی پێ بێت و دڵم بتەقێ. ئەگەرچی لەگەڵ بچووکترین دەنگ ڕادەپەڕیمە بەر دەرگا، ئەگەرچی گوێم بە تەختەکەوە دەنووساند، بە توندی چاوەڕێم دەکرد تا گوێم لە هەناسەدانی خۆم دەبوو، وەک هانکەهانکی سەگێک دەنگێکی سەختی لێوە دەهات و دەتۆقام، سەرەنجام دڵم نەدەتەقی و هێشتا بیستوچوار سەعاتی دیکەم بردبووەوە. بە درێژایی ڕۆژ بیرم لە چاوپیاخشاندنەوەی دادگاییکردنەکەم دەکردەوە. پێم وایە سوودم لە باشترین بەشەکانی ئەم بیرە وەرگرتووە. ئەو ئەنجامانەی دەستم دەکەوتن، حسێبم دەکردن و لە بیرکردنەوەکانم باشترین



Scanned by CamScanner

سەرەنجامم دەست دەکەوت. بەردەوام بەدترین گریمانم لەبەرچاو دەگرت: دەمبینی چاوپیاخشاندنەوەکە ڕەت بۆتەوە. "باشە، کەواتە دەمرم." زیاتر ئەم خاڵە وەک لە هی دیکە خۆی ڕوونتر پیشان دەدا. بەڵام هەموو کەس دەزانێ ژیان ئەو ئازارە ناهێنێ مرۆڤ بۆی بژیێ. لە ڕاستیدا دەمزانی مردن لە سی ساڵی و حەفتا ساڵی گرینگییەکی ئەوتۆی نییە، چونکە لە هەردوو حاڵەتدا، پیاوانی دیکە و ژنانی دیکە هەن بۆ ماوەی هەزاران ساڵ بژین. بەگشتی، هیچ شتێک لەمە ڕوونتر نەبوو. ئەگەر ئێستا یان بیست ساڵی دیکە بێت، هەمیشە منم کە دەمرێ. ئێستاش، ئەوەی کە کەمێک دەربارەی ئەم ڕێبەدیکردنەم هەراسانی دەکردم، ئەو لایەنە ترسناکە بوو، کە لە خۆم هەستم پێدەکرد، کە بیرم لە بیست ساڵی و ژیان لە داهاتوو دەکردەوە. بەڵام تەنیا ئەوەم بۆ مابۆوە بە خەیاڵێکی وەک ئەوەی دوای بیست ساڵی دیکە ئەگەر بگەمە ئەو ڕۆژە، بیرکردنەوەم چۆن دەبێ، بیکوژێنمەوە. لەو ساتەی کە دەمرین، چۆن و کەی، ئەمەیان زۆر گرینگ نییە، هەڵبەت ئەمە شتێکی ڕوون بوو. کەواتە (گرانییەکەش لەوەدا بوو نیگا لە بەرانبەر هەموو ئەو شتانەی ئەو "کەواتە" پیشانی دەدا وەک چارەسەر بزر بێ.) کەواتە، دەبێ ڕەتکردنەوەی چاوپیاخشاندنەوەکەم وەرگرم.



Scanned by CamScanner

لەم کاتەدا، تەنیا لەم کاتەدا، دەتوانم بڵێم بەم جۆرە مافی ئەوەم هەبوو، بە چەشنێک ئیجازە بە خۆم بدەم ئیحتیمالی دووەم بورووژێنم، کە ئەویش مەسەلەی لێخۆشبوونم بوو. ناخۆشییەکەش لەوەدا بوو، دەبووایە هەڵچوون و گەرمیی خوێن و لەشم بە شادمانییەکی بێمانا کە چاوەکانمی کوێر دەکرد، ساردتر بکەمەوە. دەبووایە ئەم هاوارە لە خۆم کەم بکەمەوە، بیخەمە سەر ڕێگای ڕاست. بۆ ئەوەی سەردانەواندنم بەرانبەر بە ئیحتیمالی یەکەم ماقووڵتر بێت. دەبووایە بەرانبەر بەمەش "ەی دووەم" سروشتی بم. کە لەمە سەرکەوتم، سەعاتێک ئارامیم بردبۆوە، ئەمە بێبایەخ نییە.

هەر لە ساتێکی وابوو جارێکی دیکەش بینینی کەشیشم ڕەت کردەوە. ڕاکشابووم و سەرەنجم لە لای نزیکبوونەوەی ئێوارەی هاوین و زەردبوونی ئاسمان بوو. تازە لە ڕەتکردنەوەی چاوپیاخشاندنەوە بە دادگاییکردنەکەم ببوومەوە، دەمتوانی هەست بە شەپۆلەکانی خوێنم بکەم، کە بە ڕێکی دەهاتن و دەچوون. پێویستم بەوە نەبوو کەشیش ببینم. دوای تێپەڕینی ماوەیەکی زۆر، بۆ یەکەمین جار بیرم لە ماری کردەوە. ڕۆژانێکی زۆرە چیتر بۆی نەدەنووسیم، ئەو ئێوارەیە بیرم کردەوە و لە دڵی خۆم وتم لەوانەیە ماندوو بووبێت لەوەی دۆستی تاوانبارێک بووە و بە مەرگ حوکم دراوە.



Scanned by CamScanner

هەروەها خەیاڵم بۆ ئەوەش چوو، ڕەنگە نەخۆش یان مردبێت. ئەمەش بەشێکە لە ڕووگەی شتەکان. بەڵام چۆنم زانی؟ چونکە لە دەرەوەی هەردوو لەشی ئێمە کە ئێستا لێک جیا بوونەتەوە، هیچ شتێک لێکمان گرێ ناداتەوە و لێکمان نزیک ناکاتەوە. ئیتر، لەو کاتەوە، بەرانبەر بە بیرەوەرییەکانم لەگەڵ ماری بێباک بووم. هەستم دەکرد ئەمە شتێکی ئاساییە و هەروەک ئەوەی چۆن باش تێدەگەیشتم کە دوای مردنم خەڵک لە بیرم دەکەن. هیچی دیکەیان لەگەڵ من نییە بیکەن. هەتا نەمدەتوانی بڵێم بیرکردنەوەش لەمە شتێکی دژوار بوو.

لەو دەمەدا بوو کەشیش هاتە ژوورێ. کە بینیم موچرکێکی بچکۆلەم هاتێ. کەشیشەکە هەستی پێکرد و پێی وتم ترسم نەبێ. پێم وت دەبێ لە کاتێکی دیکەدا بێت. وەڵامی دامەوە کە ئەمە زیارەتێکی دۆستانەیە و هیچ پەیوەندیی بە چاوپیاخشاندنەوەکەم نییە و ئەو هیچی لێنازانێ. لەسەر تەختەکەم دانیشت و داوای لێکردم لێی نزیک ببمەوە. من ڕەتم کردەوە. لەگەڵ ئەمەش دیمەنێکی زۆر هێمنی هەبوو.

ماوەیەک بەم چەشنە مایەوە. ئانیشکەکانی خستبووە سەر ئەژنۆکانی و سەری خوار کردبۆوە و سەیری دەستەکانی دەکرد. دەستەکانی ناسک و ماسولکەدار بوون و وەک دوو گیانەوەری بزۆک دەهاتنە بەرچاوم. لەسەرخۆ



Scanned by CamScanner

لەیەکیانی خشاند. پاشان هەر بەم چەشنە، سەر هەردەم بۆ خوارەوە، مایەوە، بە درێژایی ئەم هەموو ماوەیە، بۆ چرکەیەک ئەو هەستەم لا دروست بوو، کە ئەوم فەرامۆش کردووە.

بەڵام لەناکاو سەری بەرز کردەوە و ڕووبەڕوو سەیری کردم: "پێی وتم، بۆچی ناتەوێ بمبینی؟" منیش وەڵامم دایەوە چونکە باوەڕم بە خوا نییە. ویستی بزانێ لەم باوەڕنەبوونەم بە تەواوی دڵنیام، وتم پێویستم بەوە نەبووە ئەم پرسیارە لە خۆم بکەم: چونکە مەسەلەیەکە بۆ من هیچ گرینگییەکی نەبووە. ئینجا خۆی وەرگێڕا و پشتی بە دیوارەکەوە دا و دەستەکانیشی بە پانی لەسەر ڕانەکانی دانا. تا ڕادەیەک، بێ ئەوەی دیمەنی قسەکردنی لەگەڵم هەبێت، دەستنیشانی ئەوەی کرد کە هەندێجار لەو باوەڕەداین دڵنیاین، بەڵام لە ڕاستیدا وانین. من هیچم نەدەگوت. سەیرێکی کردم و پرسیارێکی لێکردم: "تۆ چۆنی بۆ دەڕوانی؟" وەڵامم دایەوە ڕێی تێدەچێ. هەرچۆنێک بێت، لەوانەیە من لەو شتەی حەزم لێکردووە، دڵنیا نەبووبم، بەڵام بە تەواوی دڵنیا بووم لەو شتەی کە حەزم لێی نەکردووە. بە ڕاستیش ئەوەی ئەو لە بارەیەوە دەدوا، من حەزم لێی نەدەکرد.

ڕووی خۆی وەرگێڕا و بەردەوامیش بێ ئەوەی شێوەی دانیشتنی بگۆڕێ، پرسیاری ئەوەی لێکردم ئایا لەبەر



Scanned by CamScanner

بێهیوایی نییە من بەم جۆرە قسە دەکەم؟ منیش بۆم ڕوون کردەوە کە بێهیوا نیم. تەنیا دەترسام، ئەمەش شتێکی سروشتی بوو. وتی: "کەواتە خوا یارمەتیت دەدات. هەموو ئەوانەی وەک ئێوە بوونە و ناسیومن، ڕوویان بۆ ئەو وەرگێڕاوە." وتم ئەمەش مافی خۆیان بووە. ئەمەش بەڵگەی ئەوە پیشان دەدات، کە ئەوان وەختیان هەبووە. هەرچی من بووم، نەمدەویست کەس یارمەتیم بدات. لە ڕاستیدا وەختم نەبوو لەو شتانە ورد ببمەوە، کە حەزم لێیان نەکردوون.

لەو کاتەدا دەستەکانی جووڵەیەکی نالەباریان تێکەوت، بەڵام خۆی قیت کردەوە و لۆچەکانی ڕۆبەکەی چاک کردەوە. کە تەواو بوو، ڕووی تێکردم و بە "هاوڕێم" بانگی کردم و وتی کە بەم چەشنە قسەم لەگەڵ دەکات لەبەر ئەوە نییە من بە مەرگ حوکم دراوم، بە ڕای ئەو هەموومان بە مەرگ حوکم دراوین. بەڵام من قسەم پێبڕی و پێم گوت ئەم دوو حاڵەتە هەمان شت نین و بە هیچ شێوەیەکیش ئەمە نابێتە دڵدانەوە. وتی: "هەڵبەت، بەڵام ئەگەر ئەمڕۆ نەمریت، درەنگتر هەر دەمریت. هەمان شت خۆی دووبارە دەکاتەوە. چۆن ڕووبەڕووی ئەم ئەزموونە تۆقێنەرە دەبنەوە؟" منیش گوتم ئێستا چۆن ڕووبەڕووی دەبمەوە، بە هەمان شێوە بێ زیادوکەم ڕووبەڕووی دەبمەوە.



Scanned by CamScanner

لەگەڵ بیستنی ئەم وشەیە هەڵسا و ڕاستەوخۆ چاوی لە ناوچاوم بڕی. ئەمەش یارییەک بوو باشم دەزانی. چونکە زۆرجار لەگەڵ ئیمانۆییل و سیلێست ئەم یارییەمان دەکرد، بە گشتی لەم چاو لە ناوچاوی یەکترینانە، ئەوان ڕوویان وەردەگێڕا. کەشیشیش ئەم وازییەی باش دەزانی. یەکسەر تێی گەیشتم: نیگای کەشیش نەیدەشێواندم. بە هەمان شێوە دەنگیشی نەیشێواندم کە وتی: کەواتە هیچ هیوایەکتان نییە و لەگەڵ ئەو بیرە دەژین، کە ماوەیەکی دیکە بە تەواوی دەمرن؟ وتم: بەڵێ.

ئینجا سەری خوار کردەوە و دانیشتەوە. پێی وتم گلەیی لێم هەیە. بە چەشنێک ئەم بارەی هەڵدەسەنگاند، دەیوت مەحاڵە مرۆڤێک ئەمەی پێهەڵبگیرێ. لێرەوە من، تەنیا هەستم بەوە کرد خەریکە هەراسانم دەکات. ئەم جارە من پشتم تێکرد و چووم لە بن کڵاورۆژنەکە وەستام. تەنیا شانم بە دیوارەکەوە نووساندبوو. بێ ئەوەی گرینگی بەو بدەم، گوێم لێبوو پرسیارم لێدەکاتەوە. بە دەنگێکی نیگەران و بەلەز قسەی دەکرد. تێگەیشتم کە هەڵچووە، بۆیە باشتر گوێم بۆی هەڵخست.

پێی دەوتم ئەو دڵنیایە کە چاوپیاخشاندنەوە بە دادگاییکردنەکەم قبوڵ دەکرێ، بەڵام لەبەر ئەوەی باری تاوانێکم لەسەر پشت بوو، دەبووایە خۆمی لێ ڕزگار بکەم. بە قسەی ئەو عەدالەتی مرۆڤ هیچ نییە، بەڵام



Scanned by CamScanner

عەدالەتی خوا هەموو شتێکە. لەم کاتەدا هەستم بەوە کرد کە عەدالەتی یەکەم بوو منی حوکم دابوو. ئەویش وەڵامی دامەوە، لەگەڵ ئەمەش، ئەم حوکمدانە منی لە گوناە پاک نەکردۆتەوە. پێم گوت نەمدەزانی گوناە چییە. تەنیا ئەوەندەیان پێگوتم کە من تاوانبارێک بووم، نرخەکەیشم دا، لەمە زیاتر ناتوانن داوای شتێکی دیکەم لێبکەن. ئەو کاتەش کەشیش سەرلەنوێ هەڵسایەوە، منیش بیرم کردەوە کە لە ناو ئەم ژوورە زۆر تەسکە ئەگەر بیەوێ بجووڵێتەوە، بواری نییە، دەبووایە یان دانیشێ یان هەڵسێتەوە.

چاوم لە ئەرزەکە بڕیبوو. کەشیش هەنگاوێک بەرەو من هات و وەک ئەوەی جورئەت نەکات بێتە پێشەوە، ڕاوەستا. لە نێوان شیشەکانی پەنجەرەکەوە سەیری ئاسمانی دەکرد و پێی وتم: "کوڕم، تۆ لەسەر هەڵەی، دەتوانین داوای شتی دیکەت لێبکەین، لەوانەشە داوات لێبکەن.

– باشە چیتر؟

– دەتوانین داواتان لێبکەین بۆ بینینی.

– بۆ بینینی چی؟

کەشیش تەماشای هەر چوار لای خۆی کرد و بە دەنگێک، کە لەناکاو هەستم کرد زۆر ماندووە، وەڵامی دامەوە: "دەزانم، ئەم هەموو بەردانە ئازارت زیاتر دەکەن. قەت



Scanned by CamScanner

بەبێ پەژارە و نیگەرانی سەیرم نەکردوون. بەڵام لە قووڵایی دڵەوە دەزانم، لە تاریکیی دەروونی هەرە بەدبەختترینتان ڕوخسارێکی خوداییان بینی خۆی پیشان دا. ئەمەش ئەو ڕوخسارەیە کە داواتان لێدەکات ببیبنن."
کەمێک خۆم ڕێک خست. گوتم چەندەها مانگە سەیری ئەم دیوارانە دەکەم. هیچ شتێک، هیچ کەسێکم لەم جیهانە وەک ئەم دیوارانە باشتر نەناسیووە. ڕەنگە ماوەیەکی زۆر بەر لە ئێستا، تیایا لە ڕوخسارێک گەڕابم. بەڵام ئەم ڕوخسارە ڕەنگی خۆر و گڕی ئارەزووی هەبوو: ئەمەش ڕوخساری ماری بوو. بێهوودە لێی گەڕابووم. ئێستا، ئەمەش تەواو بوو. لە هەموو حاڵەتێکیشدا هیچم نەبینی لەم ئارەقەی بەردە بێتە دەرەوە.
کەشیش بە جۆرە خەمێکی تایبەتی سەیری کردم. ئێستا بە تەواوی پشتم بە دیوارەکەوە نووسابوو و ڕۆژیش بە خێرایی بەسەر ئەنیەمدا تێدەپەڕی. چەند وشەیەکی چرپاند، گوێم لێیان نەبوو، زۆر بە خێرایی داوای لێکردم ڕێگای بدەم ماچم بکا. وتم "نەخێر". خۆی وەرسووڕاندەوە و بەرەو دیوارەکە ڕۆیشت و بە هێمنی دەستی پێدا هێنا و منگەمنگێکی کرد و وتی: "کەواتە ئێوە تا ئەو ڕادەیە ئەم خاکەتان خۆش دەوێت؟" من هیچ وەڵامم نەدایەوە.



Scanned by CamScanner

ماوەیەکی زۆر بەم چەشنە پشت لە من مایەوە. بوونی هەراسان و نارەحەتی دەکردم. دەمویست پێی بڵێم بڕوا و جێم بهێڵێ. لەناکاو، وێڕای خۆسووڕاندنەوەی بەرەو من، هاوارێکی کرد: "نەخێر، ناتوانم باوەڕتان پێبکەم. من دڵنیام ئێوە خۆزگەتان بۆ ژیانێکی دیکە خواستووە." وتم هەڵبەت، بەڵام ئەمەش وەک ئومێدی دەوڵەمەندبوون، خێرا مەلەکردن و بوونی دەمێکی ڕێکوپێکتر، گرینگییەکی ئەوتۆی نەمابوو. ئەمەش لە هەمان ئاست بوو. بەڵام ئەو قسەی پێبڕیم و دەیویست بزانێ ئەو ژیانەی تر چۆن دەبینم. ئەو کاتە بەسەریدا هاوارم کرد "ژیانێک کە تێیدا ئەم ژیانەم بە بیر بێتەوە." لە هەمان کات ئەوەشم پێگوت ئیتر لە توانامدا نەما. کەچی ئەو هێشتا دەیویست دەربارەی خوا قسەم بۆ بکات، بەڵام من بەرەو ڕووی چووم و هەوڵم دا دواجار بۆی ڕوون بکەمەوە کە وەختێکی کەمم بە دەستەوە ماوە. نەمدەویست ئەم وەختەش لەگەڵ خوا بە فیڕۆ بدەم. هەوڵی دا باسەکە بگۆڕێ، بۆیە داوای لێکردم بۆچی بە "مسیۆ" لە جیاتی "باوک" بانگی دەکەم. ئەمە تووڕەی کردم و وەڵامم دایەوە کە ئەو باوکی من نەبووە: باوکی خەڵکی دیکەیە. "وێڕای دەست خستنە سەرشانم وتی: "نەخێر، کوڕەکەم، من لەگەڵتانم. بەڵام ئێوە ناتوانن هەستی پێبکەن، چونکە دڵێکی کوێرتان هەیە. لە خودا بۆتان دەپاڕێمەوە."



Scanned by CamScanner

نازانم بۆچی ئەو کاتە شتێک لە ناوەوەم ڕووخا. بە دەنگی بڵند بەسەریدا هاوارم کرد و نەفرەتم لێکرد و پێم گوت بۆ من لە خودا نەپاڕێتەوە. یەخەی جبەکەیم گرت. هەموو قووڵایی دڵی خۆم هاوتا لەگەڵ جووڵەی تێکەڵاو بە شادی و تووڕەیی ڕژاندە سەری. ئەمەندە لە خۆی دڵنیا بوو، وانییە؟ کەچی، هیچ یەکێک لە دڵنیاکانی نرخی تاڵەمووی پرچی ژنێکیان نەدەهێنا. هەتا لەوەش دڵنیا نەبوو لە ژیاندایە، چونکە وەک مردوویەک دەژیا. هەرچی منم، دیمەنێکم هەبوو وەک ئەوەی هیچم لە دەست نەبێت. بەڵام لە خۆم دڵنیا بووم، دڵنیا لە هەموو شتێک، لەو دڵنیاتر، دڵنیاتر لە ژیانم و لەو مەرگەی کە چاوەڕێم دەکات. بەڵێ تەنیا ئەمەم هەبوو. بەڵام بە لایِ کەمی، دەستم بەو حەقیقەتەوە گرتبوو، کە بە قەد ئەمە ئەویش منی گرتبووە خۆی. ڕاستم دەکرد، هێشتاش ڕاست دەکەم. بەم چەشنە ژیابووم و دەمتوانی بە چەشنێکی دیکەش بژیابام.

ئەمەم کردبوو، ئەمەیانم نەکردبوو. ئەو شتەم نەکرد، کەچی ئەمەی ترم کردبوو. ئێ دوایی؟ ئەمەش وەک ئەوە بوو هەردەم چاوەڕێی ئەو چرکەیە و ئەو گزنگە کورتەم کردبێت، کە تێیدا شتەکان بە لای من دەشکێنەوە. هیچ، هیچ شتێک گرینگیی نەبوو و باشیش دەمزانی بۆچی. ئەویش دەیزانی بۆچی. لە قووڵایی ئاییندەم، بە درێژایی ئەو هەموو ژیانە بێهوودەی کە ڕامکێشابوو، بە ناو ئەو



Scanned by CamScanner

ساڵانەی کە هێشتا نەهاتبوون، هەناسەیەکی تاریک بەرەو ڕووم هەڵدەکشا، ئەم هەناسەیەش لەسەر ڕێگای خۆی هەموو ئەو شتانەی کە پێشنیازیان دەکردم لە ناو ساڵەکان دەهێنایە ئاستی یەکتر، ڕاستەقینەتر نەبوون لەوەی کە دەژیام. مەرگی ئەوانی دیکە بە من چی، خۆشەویستی دایکێک و خودای کەشیشێک بە من چی، ئەو ژیانەی کە هەڵیدەبژێرین، بە من چی، لە کاتێکدا تەنیا یەک چارەنووس دەبێ من هەڵبژێرێ، کە ئەمەش پەیوەندیی بە ملیارەها کەسەوە هەیە، کە وەک ئەم کەشیشە خۆیان بە براکانی من دادەنێن. ئەو تێدەگەیشت، ئایە ئەو تێدەگەیشت؟ هەموو کەس خاوەن ئەم مافەن. تەنیا ئەو مافدارانە هەبوون. ئەوانی دیکەش، ڕۆژێک دادێت حوکم دەدرێن. ئەویش ڕۆژێک حوکم دەدرێ. بەچی دەچێ ئەگەر ئەو بە کوشتن تاوانبار کرابێ و لەدار درابێ، چییە لە کاتی ناشتنی دایکی نەگریاوە؟ سەگەکەی سالامانۆ هەمان نرخی ژنەکەی هەبوو. ژنە بچکۆڵەکە کە بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی لە دادگاییکردنەکەم شتەکانی تۆمار دەکرد، ئەویش وەک ژنە پاریسییەکە کە شووی بە ڕایمۆند کردبوو، تاوانبار بوو، یانیش وەک ماری کە حەزی دەکرد بیخوازم. بە من چی ڕایمۆند بە قەدەر سێلێست برادەرم بوو و نرخی لەو زۆرتر بوو؟ بە من چی ئەمرۆ ماری دەم بخاتە ناو دەمی "مورسۆ"یەکی



Scanned by CamScanner

دیکەی نوێ؟ کەواتە ئەو لەو تاوانبارە دەگەیشت، کە لە قووڵایی ئاییندەم... بە دەربڕینی ئەم هەموو شتە بە هاوارکردنەوە ماندوو بووم. بەڵام تازە کەشیشیان لە دەستم ڕزگار کردبوو و پاسەوانەکانیش گەفیان لێدەکردم. کەچی کەشیش، پاسەوانەکانی هێمن کردەوە و ماوەیەک بێدەنگ تەماشای کردم. چاوەکانی پڕ لە فرمێسک بوون. پاشان خۆی وەرگێڕا و لە چاو بزر بوو.

ئەو ڕۆیشت، منیش ئارامیی خۆمم دۆزییەوە. لەبەر ئەوەی ماندوو بووم، خۆم خستە سەر تەختەکەم. وا هەست دەکەم نووستم، چونکە کە بەخەبەر هاتم، ئەستێرەم لەسەر ڕوخسارم بینی. هەراو دەنگەدەنگی ناو گوند تا لای من دەهات. بۆنی شەو و خاک و خوێ لاجانگەکانی فێنک دەکردمەوە. ئاشتی و ئارامیی ئێجگار سەرنجڕاکێشی ئەم هاوینە خەواڵووە وەک خێزاوی دەریا دەهاتنە ناوم. لەم ساتەدا، پێش ئەوەی شەو دوایی بێت، سافیرەکان هاواریان کرد. بانگی سەفەریان بۆ جیهانێک دەدا، کە ئێستا بۆ هەتاهەتایێ بەرانبەری بێباک بووم. بۆ یەکەمجار، دوای ماوەیەکی گەلێک زۆر بیرم لە دایکم کردەوە. پێم وابوو تێدەگەیشتم بۆچی لە کۆتایی ژیانی "هاوسەر"ێکی بۆ خۆی گرتبوو، بۆچی دەیویست لە سەرەتاوە دەست پێبکاتەوە. لەوێ، لەوێش، لە چواردەوری ئەم خانەی بەساڵاچووانەیە کە ژیانی



Scanned by CamScanner

لێدەکوژایەوە، ئێوارە وەک وچانێکی خەمبار بوو. ئەمەندە نزیک لە مەرگ، دەبێ دایکم تێیدا هەست بە ئازادی بکات و ئامادە بێت بۆ هەموو ژیانەوەیەک. هیچ کەسێک، هیچ کەسێک مافی ئەوەی نەبوو لەسەری بگریێ. منیش، هەستم کرد ئامادەم بۆ هەموو ژیانەوەیەک. وەک ئەوەی ئەم تووڕەییە مەزنە منی لە بەدیی پاک کردبێتەوە، بەتاڵی کردبم لە هیوا و ئومێد، بەرانبەر بەم شەوە پڕ لە نیشانە و ئەستێرە، بۆ یەکەمجار خۆم بۆ بێباکییە ناسکەکەی ئەم جیهانە دەکردەوە. بە پێشاندانی ئەم جیهانە کە بە من دەچێ، سەرەنجام ئەمەندە برادەرانەیە لەگەڵم، هەستم کرد بەختەوەر بوومە و ئێستاش بەختەوەرم. بۆ ئەوەی هەموو شتێک باش بکەوێتەوە، بۆ ئەوەی هەست بە تەنیایی نەکەم، ئەو خۆزگەیەم بۆ ماوەتەوە لە ڕۆژی لەداردانم بینەرێکی زۆر هەبێت و بە هاوار و ڕقەوە پێشوازیم لێبکەن.



Scanned by CamScanner

بێگانە کتێبێك نییە شیکردنەوە و ڕوونکردنەوە بێت. مرۆڤی "بێهوودە" شیکردنەوەی ناوێت. هەروا کتێبێکیش نییە شتێك بسەلمێنێت. بەڕێز کامو تەنیا پێشنیاز دەکات و خۆی نیگەران ناکات شتێك ڕوون بکاتەوە، کە بەپێی پرەنسیپی گشتی ڕوون ناکرێتەوە. ڕۆمانەکە پڕ لە تەمومژە: چۆن لەم کەسایەتییە بگەین، کە بۆ ڕۆژی دوای مردنی دایکی: دەچێتە مەلەوانی، پەیوەندییەکی جەستەیی دادەمەزرێنێت و دەچێت لە بەرانبەر فیلمێکی کۆمێدی پێدەکەنێت، دواتر دەچێت عەرەبێك دەکوژێت (بە هۆی کاریگەریی خۆر) و بۆ ڕۆژی لەداردانیشی بە دڵنیابییەوە دەڵێت: بەختەوەر بووە و ئێستاش بەختەوەرە و هیوای ئەوەش دەخوازێت ئەوانەی دێن بۆ سەیرکردنی لەداردانی، گەلێك زۆر بن و بە هاوار و ڕقوکینەوە پێشوازیی لێ بکەن

ژان پۆل سارتر

# Létranger

**ALBERT CAMUS**

Traduit de Français en Kurde

Par Dr. Mohsen Ahmad Omer

Scanned by CamScanner